# ڕامانێک بۆجیهانی موزیک

# ڕامانێک بۆجیهانی موزیک

## نایف شێخانی

هەولێر
٢٠١٠

# وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
# بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوكردنەوە
# بەڕێوەبەرایەتی بڵاوكردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: ڕامانێک بۆجیهانی موزیک
نووسەر: نایف شێخانی
پیتچنین: رووبار - خاوەر - نەشمیل
نەخشەسازی ناوەڕۆک و بەرگ: رەئوف خەتیبی
چاپ: چاپخانەی رۆشنبیری

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٥٢١) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێدراوە

## ڕازو پەیڤێک

سوپاس، هەمیشە ســوپاس، بۆ ئەو سەرچاوانەی، کە بەردەوام هێزو وزە بە خوێن و شادەمارەکانی ژیانم دەبەخشن ... سوپاس هەوری بەلارو لەنجەی بەهاران .... سوپاس بۆنی بارانی وەرزەکان سوپاس..... سوپاس ئەی کۆنە یادگاریەکانی هەمیشـــە گەنج و تەڑی لە تریسکەی جوانی و هونەر ســوپاس.. ســوپاس ئەی رەنگ و بۆنی ئەو رستەو میلۆدیانەی کە بوون بە ملوانکەو پێناســە بۆ ســەرچاوەکانی چێژو خولیاکانی من ... ســوپاس بۆ ئێوەش ئەی ئەوانەی دوێنێ لەو بوارەدا بە جورئەتەوە دەستتانکرد بە بڵاوکردنەوەی نووسین و بابەتی بەپێز، بەو سەرەتایەتان مۆمی رووناکیتان داگیرســاندو دەروازەیەکی هەمیشــە والاتان بە دڵ و دەروون وسەرچاوەکانی هۆش و مەعریفەی ئێمەدا کردەوە.

بەشــێک لەو نووسین و بابەتە وەرگێڕدراوانە، بەر لەئێستا لە گۆڤارو رۆژنامەو هەفتەنامەکانــدا بڵاوکراونەتەوە، بەپێویســتمان زانی دوای پێداچوونەوە وکەمێک دەستکاری لە چەند بابەتێک، هەموو ئەو بابەتانە بەیەکـــەوە کۆ بکەینەوەو بیخەینە نێو نێوەندی هونەری کوردی بەگشـــتی و بواری موزیـــک و گۆرانی کوردی بە تایبەتـــی. خوازیارین بەو کارەمان خزمەتێک بە لایەنی رۆشـــنبیری و مەعریفی تاک و کۆی هونەرمەندان و هەوادارانی ئەو هونەرە بگەیەنین.

لە ڕاستیدا لەبەر دوو هۆکاری ســـەرەکی ئەو بابەتانەمان لەم کتێبەدا کۆکردۆتەوە:

یەکـــەم: پەرتوبڵاوی بابەتەکان و بەرتەســـکی رووبەری بڵاوبوونەوەو خوێنەرانـــی ئـــەو بڵاوکراوانەی کـــە لەکاتی خۆیـــدا بابەتەکانیان تێدا بڵاوکراوەتەوە.

دووەم: ســـازدانی زەمینەیەکی لەبار بۆدەربازبوون و پەڕینەوە بەرەو قۆناغێکی دیکەی شـــێوازی نووســـین و توێژینەوە لە هەمبەر ئەوبوارە هونەریەی کە خەریکە لەو چەند ساڵانەی دواییدا کەسێک نەمێنێت خۆی بە سوارچاکی نەزانێت.

ئەم کۆهەوڵە (ڕامانێک بۆجیهانی موزیک) پێشکەش بە:

یەکەم: دایک و باوکی ماندوونەناس و نەخوێندەوارم !! کە بە دڵسۆزی و میهرەبانی و شەونخونی چەندین ساڵەیان پەروەردەیان کردین و ئەرکی پیرۆزی خۆیان بەجێهێناو ، هاوکارمان بوون لە تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێنـــدن، لەئامێزیان گرتین و رایانهێنایـــن بەرگەی هەورازەکانی ژیان بگرین و هەمیشە بەلای نان و ژیانی سەربەرزانەدا بچین.

دووەم: مامۆستایان و قوتابیانی بەشی موزیک لە ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستان.

**نایف شێخانی**

**هەولێر- ئابی ٢٠٠٩**

# بەرایی

بزووتنەوەی رۆشنبیری بە هەموو لایەن و بابەتەکانیەوە: نووسین، شیعر، هونەری گۆرانی ومۆسیقا، رۆژنامەوانی، شێوەکاری، شانۆ، هەمووئەم بوارانە لەدوای راپەڕینەوە، هەریەکەو لە بەرهەمهێنانی چالاکی خۆی، لە حاڵەتێکی زۆر خێرادایەو پێشبڕکێ لەگەڵ زەمەن وکات دەکات، لە (شۆڕش)دایە بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین بەرهەم بەچاکترین شێوە!

ئاخر ئەگەر وانەبێ چۆن بە گەلانی دنیا دەگەین کە ئەوان زیاتریش کەوتوونەتە پێش..وەک مەسەلەی (کیسەڵ و کەروێشک) ئەگەرچی کەروێشکەکە، کە زانی زۆر لەپێش کیسەلەوەیە لە غاردان وەستا وپاڵی دایەوەو لەژێر پنجە رووەکێک خەوی لێ کەوت!! بەڵام گەلانی دنیا نەوەستان و ئەوان هەر بەهەمان خێرایی لەکاری زانستی و بەرهەمهێنانی خۆیان بەردەوامن، بۆیە ئێمە دەبێ رۆژبەڕۆژ هەنگاوەکانمان خێراتر بکەین وەکو کیسەڵەکە نەکەین!

چونکە شۆڕشی بزووتنەوەی رۆشنبیریمان بەرفراوان و مەزنە و بڕوای بە هەنگاوی لەسەرەخۆ نییە! بەڵکو (کەنغەر) ئاسا، ئەبێ بە (بازدان) بەرەوپێش غاردەین هەنگاو هەڵێنیین !!بە تایبەتیش ئەمڕۆ ئازادییەکی تەواو هاتووتە کایەوە لە هەرێمی کوردستان بۆ دەربڕینی هەست وخواستی بیرو دڵ.. کارکردن وداهێنان و ئاوەدانکردنەوە بۆ خێروخۆشی و کامەرانی گەل و نیشتیمان هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە.

ئەو نووسینەی کاک (نایف)یش بە یەکێک لەو هەوڵانە دەژمێردرێ وەک کارێکی رۆشنبیری لە بواری هونەری گۆرانی وموزیکی کوردیدا، بەرێزیان چەند بابەتی پڕ زانیاری تازەو بەدواداچوونی زانستیانەی لەناوەڕۆکی وتارەکاندا ئاماژە پێداوەو شیکردۆتەوە، کە پێشتر، لە لایەن مێژوونووسان وپسپۆڕان و شارەزایانی خاوەن ئەزموون باسیان لێوە کراوە....هتد

گەرچی چەند بابەتێک لەناو ئەو کتێبە، پێشتر، لە چەند گۆڤارێک و شوێنی تردا بڵاو کراونەتەوە..بەڵام، پێم وایە رێژەیەکی کەم، لە خوێنەران بە گشتی و خوێنەری بابەتی هونەری مۆسیقاش بە تایبەتی، ئەو نووسینانەیان خوێندبێتەوە....

ئەگەریش چەندانێک بەسەریاندا چووبنەوەو خوێندبێتیانەوە، ئەوا دڵنیام، بەهۆی بەســـەرچوونی ئەوماوە دوورو درێـــژە، وردەکاری و ناوەڕۆکی بابەتەکانیان لە یادنەماوە..بۆیەدەکرێت ئەو نووســـینانە ئەمـــڕۆ وەک بابەتی نوێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت وبخوێندرێنەوە.

نووســـەر هۆیەکی دیکەش دەهێنێتەوە وەک هۆکارێکی سەرەکی بۆ دووبارە بڵاوکردنەوەی بابەتـــە کۆنەکان، کەپێموایە زۆر گرنگە، چونکە وەک خۆی دەری بڕیوە، دەڵێ: ((دەرباز بوون و پەڕینەوە بەرەو قۆناغێکی دیکەی نووســـین....!! ئـــەم ڕاوبۆچوونە، چەندیـــن نووســـەری گـــەورە و بەناوبانگ، نـــەک هەر لە کوردســـتان، بەڵکو لە جیهاندا بە گشـــتی، کە ئەو کەسانە لە بیرەوەریەکانیاندا وەک بەراوردێک لەگەڵ نووسینەکانی ساڵانی پێشووتریان ،وەک شاعیرێک ،یا ئاواز دانەرێک کە شـــیعرو ئاوازە کۆنەکانی خـــۆی دەخوێنێتەوە یان گوێی لێ رادەگرێ، دەبینین ئەوانە هەموویان لە بەرهەمە کۆنەکانیان تا ڕادەیەک ناڕازین و بگرە هەندێکیان خۆزگە دەخوازن ئەو بەرهەمانە نەمێنن و لەناوببرێن))!!

کەچـــی مامۆســـتا نایف، بەپێچەوانـــەوە، بەرێزو خۆشەویســـتییەوە ئاماژە بەوســـەرچاوانەی ژیانی دوێنێ دەکات، چونکە (ئەو رســـتەو میلۆدیانە، بوون بە ملوانکەو پێناســـە بۆ چێژو خولیاکانی، جگە لەوەش بە ســـەرچاوەومرۆڤی بەجورئەتیان لە قەڵەم دەدات سەبارەت بەوەی ئەوان، بە نووسینەکانیان، مۆمی رووناکیان داگیرســـاند و دەروازەیەکـــی واڵایان کردەوە بـــۆ وەچەی ئیمڕۆ کە (ئێمەین)!!.

نووســـەرو هونەرمەند مامۆســـتا نایف لەوەتی من ناسیومە و ئاشنای رۆح و هەســـت و خولیاکانـــی بووم، لە پەیمانگەی هونـــەرە جوانەکانی هەولێر، لە ســـاڵانی١٩٩٦ – ١٩٩٧بەدواوە، تاکو ئەمڕۆش، وەک مرۆڤێکی رۆشنبیرو بە وەفا بۆ بیروفیکرو ئەو رێبازەی گرتوویەتیەبەر بۆ گەیشـــتن بە ناسین و پەردە لادان لەســـەر بچووکتریـــن و وردترین خاڵی نهێنی و ئاشـــکرای زانســـتی و مێژووی مۆسیقا.بەگشـــتی، بۆ ئەوەی بتوانێت چاکترین خزمەت بە هونەری مۆســـیقای کـــوردی بگەیەنێ. بۆ ئـــەو ئامانجە، هەوڵیداوە بـــەوردی و بەقووڵی لە چەند لایەنێکی مێژووی مۆسیقای جیهانیدا شۆڕبێتەوەو، کون و قوژبنەکانی بپشکنێت و پاڵەوانەکانی ئەوســـای ئەو مێژووە بناســـێت ،پێموایە بـــەرۆح لەگەڵیاندا

ئاشنایەو دەژی.
بۆیـــە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ مێژووی مۆســـیقا، لە کۆنترین ســـاڵانی پەیدا بوونی و تا ئەمڕۆخەریکەو هەســـت دەکەی لەبابەتەکاندا شـــارەزاییەکی وردی هەیە ســـەبارەت بە مێژووی شـــێوازەکان و هارمۆنی و وەزیفەی مۆسیقاو قالب و مۆسیقای کلێســـاو... چەندان زاراوەی تر. دیارە ئەوتێگەیشتن و زانیاریانەی نووســـەر بە خوێندن و خۆ ماندوو کردنی دەیان ســـاڵە لەو ڕێگایە ســـەختەدا هاتۆتە دەست..
بۆیە لە دانیشـــتنەکانمان لە (بنکەی مەقام)، ئەو پیاوە قســـەو گفت و گۆکانی تەنهـــاو تەنها لە بابەت ئەو زاراوەو وشـــە غەریبانەیەو، ئینجا دێتەوە ســـەر دەربڕینی بیروبۆچوونی خوی کە چۆن دەتواندرێ ســـوود وەربگرێت لەو مێژووە بەگشـــتی و ئاوازو گۆرانی گەلانی جیهان و تەراتیلەکانی کلێســـا لە سەدەکانی پێشـــووی حەڤدەم و هەژدەم و تا... ئەمـــڕۆ؟ چ پێوەندیێک ئەگەر هەبێ لەگەڵ مەقام و لاوک و گۆرانی کوردی بەگشتی!!
پاشـــان دەپرســـێت کەئا یا هونەرمەندو ڕووناکبیری کورد ومۆســـیقاکارانی بەتایبەتی ئەمڕۆ و ئایندە لەســـەر کام لەو بنەما فەلسەفیانە درێژە بە ئەرک و پەیامی ئەو هونەرەیان دەدەن و گەرای شـــاراوەی ئێستاتێکی و مەعریفی مرۆڤی کورد بە ئاقاری کام لێواردا شـــەتەک دەدەن؟ جا هـــەر خۆی بیروباوەڕی خۆی دەردەبـــڕێ لەم ڕووەوە ،دەڵـــێ: ((بە بڕوای ئێمە ئەمـــڕۆو ئایندە ئەو نێوەندە هونەریـــە بەر لە هـــەر هەنگاوێکی ئاوا بە لایەنی کەم پێویســـتی بە چەند جار خوێندنەوەی ئەزموونی گەلانی دنیا هەیە تا بەو جۆرە قەناعەتە ناسک و پڕ لە هەورازو مەترسییە دەگات!!)).
ئەگەر ئەوەش بزانین کە ئەو نووسەرە بەڕێزە ((هەر خۆی خۆی پێگەیاندووەو ڕۆشنبیرکردووە و بەخوێندن و شەونخوونی، خۆی لە بواری هونەری مۆسیقا و ژەنین و ئاواز دانان گەیاندووەتە پلەیەکی زۆر زۆر باش)) دەبێ ســـەرمان سوڕ نەمێنـــێ کە ئەم کتێبە بـــە نرخ و پڕ لە زانیاری و هەواڵ و مەعریفەیەی بە چاپ گەیاندووە و ماندووبوونی چەندین ســـاڵەی خۆی حەساندووتەوە، بەو هیوایەی کە خوێنەرانی ئەم نەوەی ئێســـتامان بە تایبەتی هونەرمەندانی بواری مۆسیقاو ئاوازو مەقامی کوردی، بزانن چی هەیە لە هەگبەی هونەرمەندانی ڕاستەقینەو،

دەتوانین چی بکەین بۆ پێشخستنی هونەری موزیکی کوردی .
گەر چاوێک بە ناونیشانی وتارو بابەتەکان بخشێنین، ئەو ڕاستیەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ((تا چەند مامۆستا عیشقی مۆسیقاو ئاوازو حەیران و.....تاد لە دڵ و دەروونیدا رەگی رواوەو وەک خۆی لە (پەیڤەکەیدا).دەڵێت:-((...سوپاس ئەی کۆنە یادگاریەکانی هەمیشە گەنج لە تریسکەی جوانی و هونەری...... ئەی ڕەنگ و بۆنی ئەو رستەو میلۆدیانەی کە بوون بە ملوانکە و پێناسە بۆ سەرچاوەکانی چێژو خولیاکانی من...)).
ئەدی هەر ئەو هەستە ناسک و جوان و شیرینەیە ڕەنگ و سەدا دەداتەوە لە دوو توێی نووسینەکانی وەک:-
- بەڵێ بۆ گۆرانی.
- لە بابەت بەرهەمی فۆلکلۆریش لێدوانێکی لەژێر ناونیشانی (دوێنێ لە دەقی هۆنراوەو ئاوازەکاندا) کە بەڕای من زۆر گرنگە و زۆر ڕاستگۆیانە و بە هەستی هونەری چووەتە قووڵایی بابەتەکەوە.
- چەندسەرە داوێک بۆ .........
- گۆرانی بە کۆمەڵ.
- پێوەندی نێوان دەنگ و ڕەنگ.
- گرنگی مۆسیقای فۆلکلۆری...
زۆر بابەتی تر کە من نزیکی (١٧، ١٨) بابەتم ژماردووە بەتام و چێژەوە هەموویانم خوێندوەتەوە... تەنانەت هەندێکیان دووجار و زیاتریش.
لە دواییدا دەڵێم : ((خۆزگە هەموو هونەرمەندان بەم روحیەتەوە بە چالاکیەکانی بیروهۆشیان هەریەک لەبواری زەوق و تایبەتمەندی خۆیاندا، بەزانیاری و گیانی هەستکردن بە لێپرسراویەتی بەرامبەر خزمەتکردنی هونەر...بەکتێب نووسینەکانیان کتێبخانەی کوردیان دەڕازاندەوە)). زۆر سوپاسیش بۆ هەوڵ وماندووبوونی نووسەر.

**هونەرمەند باکووری**
**٢٠٠٩/٨/١٤**
**هەولێر**

ناوەڕۆک


- رازوپەیڤێک
- بەرایی

بەشی یەکەم: نووسین

- نووسینەوەی مێژووی گۆرانی و مۆسیقا.
- چەند سەرەداوێک بۆ خوێندنەوەیەکی تر.
- ئایە گوتن و ئەدا کردنی مەقام .......... ؟
- قەیرانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی.

- ئـاواز لـە کـارە شـانۆیەکـاندا.
- مۆسیقاوئاین.
- ماملێ و وەفایی.
- بەڵێ بۆ گۆرانی.
- دوێنێ لە دەقی هۆنراوەو ئاوازەکاندا.

- چەند پەیڤێک بۆ مێژوو، زمان، ستران، ئاوازو دەنگ.
- پاراستنی مافی هونەرمەند.
- پاراستنی مافەکان.
- مۆسیقای فیلم.
- پەیڤی شیرین و دەنگی پڕجەوهەر.
- عود.
- موزیک و قەڵەم بەدەستانی پێشەنگ.

– خوالێخۆش بوو سەلاح داودە دوا قەتارو خاوکەری چڕی.
بەشی دووەم: وەرگێڕدراوەکان

– موزیک و کۆمپیوتەر.
– گۆرانی بەکۆمەڵ (کۆڕاڵ).
– پەیوەندی نێوان دەنگ و ڕەنگ.
– ڕەنگ و مۆسیقا.
– قوتابخانەی زوڵتان کۆدای.
– گرنگی مۆسیقای فۆلکلۆری.
– سەبارەت بە سروودی نیشتمانی عێراق.
– لەبەرچی مۆسیقا؟
– بەجیهانی بوونی هونەر.
– مۆسیقا گوزارشت لەچی دەکات ؟
– دەنگ و رەهەندی دەروونی.
– نۆتەی چەند میلۆدیەک.
– کورتەیەک لە ژیانی نووسەر.
– سوپاس و پێزانین.

# بەشی یەکەم

## نووسین

## نووسینەوەی مێژووی مۆسیقاو گۆرانی

(ثیۆدۆرم فینی) نووســەری کتێبی مێژووی مۆسیقای جیهانی، کاتێک باس لە مێژووی مۆســیقای دوو قۆناغی جیاواز دەکات دەڵێت: ((ئەگەر هات و وەزیفەی کۆمەڵایەتی مۆسیقا گۆڕانی بەسەر داهات پێویستە لەسەرمان پێشبینی گۆڕانکاری لە خودی مۆسیقاش بکەین)).

.... ئاشکرایە مۆسیقا، وەک هونەرێک ڕەگ و ڕیشەیەکی دوورو درێژی لەگەڵ پرۆسە گشــتیەکەی ژیانی مرۆڤ و دەورووبەرەکەیدا هەیەو بووە بە بەشێک لە مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و لێــی جیا ناکرێتەوە، بۆیەش میللەتی خاوەن ئەزمــوون و پســپۆری کارامەش دەمێکە بــە دەیان توێژینــەوەی جۆراوجۆری هەمەلایانەیان لەسەر ئەو هونەرە بە ئەنجام گەیاندووە.

هەروا مێژوونووســانی ئەو هونەرە هاوکات لەگەڵ گەشە کردن و پەرەسەندنی بوارە مەعریفی و زانستییەکانی دیکەدا هەوڵیان داوە قۆناغ بە قۆناغ ئەو هونەرە لەیەکەیەکی زانســتی و ســەرتاپاگیر لە رووی تیۆری و بەستنەوەی بە زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە تۆمار بکەن و بیخەنە بەردەستی خوێندەوەوارانەوە.

دوور نییە ئەو جۆرە تێڕوانینەشــیان بۆ نووســینەوەی مێژووی ئەو هونەرە لەوەوە سەرچاوە بگرێت کە مۆسیقا ڕاستەوخۆ وبەبێ پشت بەستن بە کەرەستەی دەرەکــی و دەرەوەی خــۆی مامەڵە لەگەڵ بەربڵاوترین چیــن وتوێژ ونێوەندی کۆمەڵدا دەکات و تێکەڵاویان لەگەڵدا دروست دەکات.

ڕەنگە لە ڕاستیش دوور نەکەوینەوە گەر بڵێین: (هەموو مرۆڤێک ئەو هونەرە بە مولکی خۆی دەزانێت).!!

بەڵام لە مومارەسەکردندا تەنیا کەسانێکی خاوەن توانا و بەهرە پێوەی خەریک دەبن و لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵکشــان و داکشان و یەکە بچووک و شاراوەکانی دەبن....

بۆیــەش لــەو بڕوایەداین ،کە نووســینەوەی مێژوو و ســاغکردنەوەی وەک لقێکی هونەرە جوانەکان هەرگیز ناکرێ و نابێت بە دابڕاوی و دوور لە پرۆســە گشــتییەکەی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ...... تاد ، باسی لێوە بکرێت و هەوڵی تۆمارکردنی بدرێت.

خــۆ گەر کارێکی لەو جۆرەش بەئەنجام گەیشــت ئەوە هەرگیز ناچێتە خانەی

ئەو نووسین و بابەتە زانستیەی کە پێی دەوترێ (زانستی ئەتنۆموزیکەلۆژی).
ئەمەو نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە پێویستە روانینێکی ورد بۆ ماهیيەتی خودی مۆسیقا بکرێت لەکاتی بەستنەوەی بەو پرۆسە گشتییەی کە ئاماژەمان پێکرد. جا چ لە رووی کارو وەزیفەی پێداویستی ئامێرو ئامرازەکانیەوە بێت کە پێداویستی ئامرازی سەرەکین لە نێوان مرۆڤ و ئەو هونەرەوە. یان چ لەدووی هەڵسەنگاندنی و تێگەیشتنی ماهیيەتی پێکهاتە سەرەکییەکانی خودی مۆسیقا خۆیەوە بێت، کە گرینگترینیان هەر دوو توخمی (دەنگ و کاتە).
هەروا لە رووی فسیۆلۆژیەوە پێوەندی توندو تۆڵی بەهۆش و هەستەکانی تری ناوەوەو سەرچاوەکانی دیکەی مەعریفیەوە هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە دەستنیشانکردنی رێژەی چێژ وەرگرتن و ئاستی کاریگەری و چەندو چوونی ئەو هونەرە بۆ سەر ناوەوەی تاک بە گشتی و کۆمەڵ بە تایبەتی کارێکە یەکجار سەخت و قوورسە تەنیا دەروازە یەکیش بۆ ئەو جۆرە هەنگاوانە هاریکاری و گەلە کۆیی ئەو بوارە زانستی و مەعریفیانەیە کە ڕۆڵی بەرچاویان لە شیکردنەوەو بەرجەستەکردنی جیهانی هەست و ئارەزووەکانی ناوەوەی مرۆڤدا هە یە.
سەرەڕای ئەوە کرداری بیستن جیا لە هەموو هەستەکانی تری وەک بینین و تامکردن و بۆنکردن کردارێکە هاوشان و چوون یەکە لەگەڵ کرداری بیرکردنەوەداو لە یەک خاڵی سەرەکیدا یەکتر دەگرنەوە ئەویش ئەوەیە هەردووکیان کردارێکی زەمەنی و کات ئامێزن.....
دووریش نییە ئەو تایبەتمەندیە یەکێک لەو خاڵە سەرەکی و نهێنیانەی هونەری مۆسیقا بێت، کە پاڵی بە زۆرترین ئەو زانا و فەیلەسوفانەوە نابێت لەناو لقەکانی دیکەی هونەرە جوانەکاندا. داوای شوێنی تایبەتی بۆ مۆسیقا بکەن....!!
بۆ نموونە شۆبنهاوەر دەڵێت : (مۆسیقا لەسەرووی گشت هونەرەکانی ترەوەیە، لەبەر ئەوەی وێنەیەکی دروست و تەواوی ئیرادەیە، هەروا بە دروستی گوزارشت لە جەوهەرو کاکڵی بوون (الوجود) دەکات).
سپنسەری فەیلە سوفیش دەڵێت : (لەنێوان گشت هونەرەکانا پێویستە چڵەپۆپەترین شوێن بدرێتە مۆسیقا...).
بە کورتی لە ئاست نووسین وخوێندنەوەی مێژووی مۆسیقا و دەنگدا پێویستە

بەلایەنی کەمەوە شارەزاییەکی سەرەتاییمان لە یەکەو پێکهاتە سەرەکیەکانی ئەو هونەرەدا هەبێت و شتێک لە زمانە تایبەتیەکەی بزانین، سەرەڕای درککردن بە وەزیفەو کارو کاردانەوەی ئەو پێکهاتانەو، تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ دەوروبەرەکەدا.

هەرکاتێکیش باس لە نووسینەوەی مێژووی گۆرانی و مۆسیقای میللەتێک کرا، ئەوە بەبێ سێ و دوو خۆمان لەبەردەم کۆمەڵێک راستیدا دەبینینەوە، کە بە خاڵی بەهێزی ناسنامەی میللەتان دەژمێردرێن وەک: ئایین و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و مێژوو و زمان وخاک. ئەوەی دواییش بەمانای سنووری جوگرافیای میللەتەوە دێت، تا لە ڕێگەیەوە بتوانرێ سروشت و شێوازی تۆبۆگرافی خاکی ئەو میللەتە زیاتر ساغ ببێتەوە، بە تایبەتیش ئەو شوێن و ناوچانەی کە دەکەونە سنوور و چوارچێوەی ئەو توێژینەوە جۆراوجۆرانەی لە مەڕ شارستانیەت و کەلەپووری هونەری ئەو میللەتەوە دەکرێت.

دیارە گەیشتنیش بە ڕێژەی دروست و ئەنجامی باش لەو بوارانەدا یارمەتی لێکۆلەرەوە دەدات بۆ زیاتر شۆڕ بوونەوە بە ناخی تاک و کۆمەڵی ئەو ناوچانەو شارەزا بوون و لە نزیکەوە هەستکردن بە ئاستی چێژو میزاجی هونەرییانە .... ئاشکراشە کە شێوازی پێکهاتەی خاکی گەلان لە رووی گەرمی و ساردی و بەرزی و نزمی ....تاد، رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە گەڵاڵەکردن و نەشونوما بوونی عەقڵ وچێژ و دروستبوونی پێکهاتەی دەروونی و جەستەیی و تەنانەت راستەوخۆ کار دەکاتە سەر جوولە و ئیقاعی ژیانی گشتی و ئاسایی میللەتان.

کە هەر هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەیەکی راستەوخۆیان دەبێت لە دروستبوونی نەریت و کەسایەتی دانیشتووانی ئەو ناوچەو دەڤەرانەدا، دیارە سامانی نەتەوایەتی و کەلەپووری هونەری ومیللی میللەتانیش باشترین ولەبارترین شوێن پێگەو سەرچاوەن بۆ بەدواداچوون و خوێندنەوەی ئەو دۆخانە.

بۆ نموونە: زۆربەی زۆری گۆرانییە میللی و هەڵپەڕکێ کوردییەکانی باکووری کوردستان جوولە وخێرایی ئیقاعەکانیان لە باشوور و رۆژهەڵاتی وڵات خێراترو پڕ لە جوولە ترن.بۆیەش کاتێک کە گوێ لە گۆرانیبێژێکی ڕۆژهەڵات یان باشوور دەگریت کە گۆرانیەکی میللی یان فۆلکلۆری سەرهەڵداوی باکووری وڵات دەڵێتەوە، هەست دەکەیت لەرەی دەنگی و تۆنی ئاوازەکە خاوتر و بێ

جوولەتر دێتەگۆ، ئەگەرهاتــو خێرایی ئاوازەکە لە باکوور بە خێرایی (١٢٦–١٣٨ نوارAllegro) تۆمار کرابێت رەنگە لە باشــوورو رۆژهەڵات ببێت بە (١١٦–١٢٦ نوارAnimato .

خۆ ئەگەر داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانیش ئاوێنەیەکی تری مێژوویی وکەلتووری ژیانی میللەتان بەردەست بخەن و گوزارشت لەسەر خانی فیکر و نەریتی ژیانی میللەتان بکەن، ئەوە پابەند بوون و کاریگەری دوو لایەنەی هونەر وئایینیش لە رەوتی مێژووی ژیانی میللەتاندا راستیەکە دەمێکە ساغ بۆتەوەو براوەتەوە.

دکتــۆر (نەجیب گەیلانی) لەو بارەیەوە دەڵێت :(ســەربردەی بەیەکگەیشــتنی هونەرو ئایین ســەربردەیەکی کۆنە و بۆ قووڵایی مێــژوو دەگەڕێتەوە، بەر لە پەیدابوونی ئایینە ئاســمانیەکان خەڵک بەدەم ســەماوە نوێژیان لە گۆڕەپانی خواپەرستی وچواردەوری پەیکەرو داڕێژراوەکاندا دەکرد، لە ئەشکەوت و بەرزاییە پیرۆزەکانیشدا گۆرانییان دەوت بۆ نزیکبوونەوە لە خوای خۆیان، هەروا تەپڵ و مۆسیقایان لێداوەو لە خوای زەوی و ئاسمان پاڕاونەتەوە خواپەرستیش لەپاڵ ئەو هۆنراوانەی کە دەوتران جۆرێک بوو لە جۆرەکانی هونەری بەرز).

تێکەڵاوبوونی هونەری گۆرانی و مۆســیقا لەگەڵ ژیانی خوا پەرســتی وبۆنە ئاینییەکانــی گەلانــدا ئەوەنــدە پەرش و بــڵاوو بەهێز بووە گەیشــتۆتە ئەو ئاســتەی کە ببێت بە بەشێک لە ســایکۆلۆژیەت و کەسایەتی سەر لەبەری ئەو میللەتانەوە....

دواتریش وردە وردە قۆناغ بە قۆناغ بووە بە بەشێک لەومومارەسە سروشتیانەی ژیانــی رۆژانەیــان و، لەگەڵ هەردوو دۆخە رۆحــی و مادییەکە تێکەڵ بەیەکتر بووینــەوە. بەهەر شــێوازێک و جۆرێکیش بێت کەم یان زۆر بــە دابونەریت و چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەوە بەســتراونەتەوە، چونکە لە هەموو بارەکەندا ئەوە هەر تەنیا حودی مرۆڤە بۆتە جێی باس.

ئاشکرایە تەنیا هەژانی گەورەی وەک هەژانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بەرەو رووی ئەو کۆمەڵگایانە دەبێتەوە دەتوانێت بەپێی کات و شوێن ڕێژەی کاریگەری خۆی کار لەجــێ پێلەقکردن و گۆڕین و لە بیر چوونەوەی ئەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیە قووڵ رۆچووانە بکات.

بۆیە هەر بۆ پێداچوونەوە و هەڵســەنگاندنی مێژووی ســتران و مۆســیقای میللەتێکــی خاوەن کەلتوور مێژوو تایبەت ناکــرێ و نابێت رۆڵی ئەو پێوەندیە

چڕو بەهێزە تێکئاڵاوەی هونەری مۆسیقا و گۆرانی فەرامۆش بکرێت.
ئەوەیـــان تا ئێرەو بـــەس لەبەرئەوەی دوور نییە زیاتر درێـــژە دان و لێدوان لەسەر ئەو پەیوەندیە لەلای ئێمە مانای بە زیادە رۆیی لە قەڵم بدرێت.....!!
لە کاتێکدا هەموو هونەرمەندانی رۆژئاوا بە تایبەتی رۆشنبیران و مێژوونووسانی ئەو بوارە خۆیان بە قەرزاری کڵێسا و پیاوە ئایینیەکان دەزانن، چونکە زۆربەی مێژووی مۆســیقای رۆژئاوا ئەو راستیە دووپات دەکەنەوە، کە مۆسیقا بە گشتی هەر لە زووەوە هەنگاوە سەرەتاییەکانی باڵا بوون و نەشونوما بوونی لە هەموو روویەکەوە لە باوەشــی کڵێســاو پیاوە ئایینیەکانەوە دەستی پێکردووە ئەوەی شــایانی وەبیر هێنانەوەیە مێژووی پێوەندی نێوان کڵێساو پیاوە ئایینیەکانی رۆژئاوا لەگەڵ ئەو بوارە هونەریـــەدا بە دەیان روداو بڕیاردانی گرنگی لەخۆوە گرتووە بە تایبەتیش لەو کاتانەی کە کڵێسا باڵا دەست و بڕیار بە دەست بوو، دیارە نامانەوێت لێرەدا درێژە بەو لاباســە بدەیــن و ئەو رووداوە گرنگانە ڕیز بکەین........
بەڵام تەنیــا ئاماژەیەک بــۆ وەبیرهێنانەوەو بوونی ئەو بڕیــارو بەگژیەکدا چوونەی ئێرەو ئەوێ لە قۆناغە جیاجیاکانی رەوتی ژیانی کۆمەڵگەی رۆژئاوادا خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی ترە بۆ سەلماندنی ئەو راستیەی کە ئەو دوو بوارەی لە ژیانی ئاســایی مرۆڤدا پێوەندییەکانیان زۆر قوڵەو رەنگە بە جیا باسکردن و هاوێرکردنیان لەســەرچاوە زانستی و راستیە بەرجەستە نەبووەکانمان بە دوور بخاتەوە.
بە هەرحاڵ...... کۆڵەگەیەکی تری گرنگی پێناسە و ناسینەوەی گەلان کە ناکرێ فەرامۆش بکرێت و بەسەریدا تێپەڕین زمانە.......
زمانیــش لەلای دکتــۆر (مەجید حەمید عارف)، (بەتونــد و تۆڵترین پێوەندی دادەنرێت، کە خەلکی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. زمان وەک رووداوێکی کۆمەڵایەتی لــە خۆیەوە لە دایک نەبــووە زمان ڕێگەیەکە بۆ بەیەکەوە بەســتنی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی و بەرەوپێش چوونی شارســتانیەتی و بۆ گواستنەوەی بیروباوەڕ لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی).
بەڵێ زمان ئەو ئامرازەیە کە بەشــی شێر وەردەگرێت لە گواستنەوەی ئەو وێنە داڕێژڕاوانەی کە هۆش و ســەرچاوەکانی تری درککردن و بەشداری لە داڕشتنیدا دەکەن و خواســتنیانە بە جوانترین و شیاوترین شێواز لە رێگەی زمانەوە دەری

ببڕن و بیگوازنەوە.
خۆ گەر باسیش لەسەر پێوەندی هونەری گۆرانی میللەتان و زمان بێت بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کەوا بەبێ هەژمکردن و تێگەیشتنی دروستی ئەو پێوەندییە ناتوانرێت هیچ هەنگاوێکی زانستیانەو ئەومێد بەخش بهاوێژرێت بۆ سۆراغ وبەدواداچوونی مێژووی ئەو بوارە هونەرییە، چونکە زمان بەگشتی و زمانی هۆنراوەش بە تایبەتی لە کۆنەوە بەشێکی سەرەکی و تەواکەری هونەری گۆرانی وتن بووە. زۆر لە مێژوونووسان لەسەر کێشەی ناسینەوەی یەکەم سەرچاوەو سەرهەڵدانی رەچەڵەک و نەژادی مۆسیقاو ئامێرەکانی مۆسیقادا ئاماژەیان بەوە کردووە، کە یەکەم وێستگەو سەرچاوەی دەربڕینی حەوت دەنگە مۆسیقیەکە قوڕگی مرۆڤ بووە......دوای ئەوە درێژە بە رەوشە فیزیکیەکە دراوەو ئامێرەکانی مۆسیقایان لە کەرەستە سەرەکیەکاندا دروست کردووە.
ئەوەشمان لەبیر نەچێت تەواوی میللەتان بە رۆژئاوایشەوە لە ژیانی هونەریاندا دەمێکە گەیشتوونە ئاستێکی بەرز لەدانانی مۆسیقای رووت وبێ وشە، بەڵام لەسەرەتاو دەسپێکی هەوڵەکانیاندا پێش ئەوەی بەو ئاستە هونەریە بگەن لە گوزارشتە مۆسیقی و کارە هونەرییەکاندا، بەڵێ بەر لەوە خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژن لە پشت بەستن و تواندنەوەی قوڕگ و وشەی زمانی هۆنراوە بە باڵای ئاوازو هێلە میلۆدیەکانیاندا.
ئەو پەیوەندیە چڕو قووڵەی نێوان قوڕگی مرۆڤ و گۆرانی وتن لەلایەک لەگەڵ مێژووی مۆسیقا لەلایەکی ترەوە ئەوەندە رۆچووە بەناخی مێژوودا دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە بڵێین بەبێ ساغبوونەوەو تێگەیشتنی ورد لە هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوون و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر زمان و تایبەتمەندییەکانی داهاتووە ئەستەمە بتوانین خۆمان لە قەرەی نووسینەوەو تۆمارکردنی مێژووی گۆرانی و ئاوازی میللەتان بدەین....!!
بۆ مێژووی گۆرانی ومۆسیقای میللەتێکی وەک کوردیش، کە سەرلەبەری مێژووی ئەو بوارە هونەرییەی دەچێتە خانەی گۆرانی و ئاوازی شیعرو وشە ئامێزەوە شتێکمان نییە ناوی مۆسیقا بێت لە قاڵب و شێوازە جۆراوجۆرەکانی دانانی مۆسیقادا، جگە لە چەند هەوڵێکی ئێرەو ئەوێی هەندێک هونەرمەند نەبێت کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

بۆیەش ئەگەر رۆژێک لەرۆژان شـوێن هەڵگرتن و بەسـەرکردنەوەی مێژووی نادیاری گۆرانی و سـترانی کوردیمان لەلای مێژوونووسـان و هونەرمەندانەوە بووە پرۆژەو کاری بۆ کرا، بە بۆچوونی ئێمە دەبێت گەڕانەوە بۆ مێژووی شیعری کوردی و سـەر لە نوێ خوێندنەوەو شـەن و کەو کردنی ئەو دەقە شـیعریانە مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی ئەو هەوڵانە بێت.

بەڵام مەرج نییە بۆ ئەو میللەتانە کە زووتر بواری نووسینەوەی مێژووی بوارە هەونەرییەکانی خۆیان بۆ رەخسـاوە پێویسـتیان بەو هەموو هەورازو نشێوە بێت سەبارەت بەساغکردنەوەو گەیشتن بەو زانستە تیۆریانەی مێژووی هونەری گۆرانی و مۆسـیقایان. کەچی بۆ میللەتێکی وەک کورد زۆر ئاساییە پەنا وەبەر هەر سـەرچاوەیەک بەرێت بۆ بەدیهێنانی ئەو خواسـتەی، لەوەش ئاسایی تر ئەوەیە کە شیعرو ئەدەبیاتی شیعری بکات بە یەکەم سەرچاوەو شێلگیرانە پشتی پێ ببەستێ، چونکە ئاشـکرایە زۆرترین سەرمایەی فیکری وئەدەبی و فەلسەفی کوردیمان لە سـەدەکانی حەڤدەو هەژدەو نۆزدەیەم کەوتۆتە نێو سـیاقی دەقی هۆنراوەو قەسیدە شیعریەکانی شاعیرانمان.

ئەو سـەرچاوەیە کە بە گرنگترین وبە بەهاترین تۆماری دروست دەژمێردرێت بۆ بەراوود کردن و نزیک خسـتنەوەی بیرو زهنیەتی ئەمڕۆمان بەلای شـێوازی ئەو زانیاریە بەرجەسـتە نەبووەو نادیارانەی کە ناوەڕۆکی دەقە شیعریەکان لە خۆیان گرتووەو زەمانێکە تۆزی لەبیر چوونەوەیان لەسەر نیشتووە.

بوونی تۆمارێکـی مێژوویی باوەڕپێکراویش سـەبارەت بە مێـژوو و نەژادی نەتەوەیەک بە یەکێک لە بنەما سـەرەکیەکانی نەتەوە دەژمێردرێت، مێژوویەک کە پشـت بە لۆژێکی عەقڵ و سەرچاوەزانسـتیەکان دەبەسـتێت لە جوگرافیا و نەژادی میللەت دەکۆڵێتەوەو هەرچی راسـترە مێـژووی ئەو کۆمەڵگەیەمان بۆ شیدەکاتەوەو دەخاتە بەردەست، هەروا بە پێی سەدەو قۆناغە جیاجیاکانی لەو وەرچەرخانە سیاسـی وئابووری و کۆمەڵایەتیانەمان ئاگادار دەکاتەوە کە ئەو میللەتـە پێیدا تێپەڕیوە، دەرئەنجامیش دەبێت بە بەڵگەیەکی زیندوو تۆکمەبوو سەبارەت بە ناسینەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەو نەتەوەیە.

دیارە بوونی تۆمارێکی مێژوویی لەو چەشـنەش لە ژیانی زانستی و مەعریفی کـوردا دەکرێت بە قازانجی زۆر هەوڵی تازەو بەدواداچوونی هەمە لایانی ژیانی ئەدەبی و هونەریمان بگەڕێتەوەو دەروازەیەکی گەورەشمان لەبەردەم بکاتەوە.

لەهەموو بارەکاندا پێویستە ئەوە بزانرێ کە هەوڵدان و بەدواداگەڕانی زانستیانە لەمەڕ مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردیمان لە توانای تاکە کەس و گروپی چەند کەسێکدا نییەو ئەو کەناڵە پەیوەستانەش کە ئاماژەمان پێکردن هەریەکەو لەلای خۆیەوە پێویستی بە خەڵکی تایبەتمەندو پسپۆڕەوە هەیە سەرەڕای بوونی بنکەو دەزگای ئامادەکراو بەو پێداویستیە هونەریانە کە زۆر پێویستن لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە تیوورییەکان، بە تایبەتیش لە بواری شیکردنەوەی ئاوازو دەنگ کە دەمێکە میللەتان و دەزگا تایبەتییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە بە کاریان دەهێنن، چونکە تەنیا پشت بەستن بە گوێچکە وتوانای کەسەکان ناتوانێ وەک پێویست و وەک خۆی سەد لە سەد ئەو وردە کارانەی نێوان دەنگەکان لەسەرچوون و دابەزیندا دەست نیشان بکات و بمانگەیەنێتە ئاستی بڕوا هێنان . خۆ وشەی رووت و ئەدەبیاتی بەدەر لە وروژاندنی بابەتێکی فیکری وفەلسەفی پەیوەست بەو بوارە هونەریە هەرگیز ناتوانێ و نەیتوانیوە هیچ بخاتە سەر ئەو رەوشە هونەریەی کە باس لە مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەکات، لەبەرئەوەی ئەو هونەرەی کە پێی دەڵێن (مۆسیقا) خاوەن زمانێکی تایبەت بە خۆیەتی بۆیەش مامەڵەکردن و گواستنەوەو بەمێژوو کردنی تەنیا بە پشت بەستنی بە نووسینەوەو خوێندنەوەی نۆتەکانی ئەو ئاوازانە دەبێت کەدەبن بەجێی باس و سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکە، یاخود وەک هەنگاوێکی سەرەتایی لەو قۆناغەدا هەوڵ بدرێت بەلای کەمی تۆمارە دەنگیەکانی بەشێوەیەکی باش بپارێزرێت.

هەر لەژێر رۆشنایی ئەو تێڕوانینەدا گەر بێت و بە وردی چاوێک بەو نووسین و بڵاوکراوانەی خۆماندا بخشێنین کە لە دوو توێی کتێب و نامیلکەو لەسەر لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە تاکو تەراییەکی لێ دەربچێت کە بۆنی زانستیانەی بەخۆوە گرتووە، بەڵام ئەوەی تر هیچیان ناچنە خانەی نووسینێکی زانستیانەوەوە سەبارەت بە مێژووکردن و خوێندنەوەی ئاوازو دەنگی کوردی وەک زانستێک نەک وەک شتێکی تر.

بۆیەش کاتێک لەسەر زاری (تۆمابوا)وە دەڵێین (کوردەکان لەسەردەمی ساسانیەکاندا خاوەنی چاکترین و بەتواناترین مۆسیقا بوون) پێویستە ئەو پرسیارەمان لەلا دروست ببێت و بپرسین : ئەرێ کوا دەست نووس و سەرچاوەی زیندوو بۆ سەلماندن وبەرجەستە کردنی ئەو مۆسیقا بەرزەمان؟؟؟

گریمان ئێمەو خەڵکانێکیش لەبەرچاوی ئێمە چاویان لەو جۆرە پرسیارانە

پۆشـــی.... بەڵام ئایا ئەو چاوپۆشـــین و بـــڕوا بەخۆ هێنانە ڕێگـــە لەبەردەم خەڵکانێـــک دەگرێت پێمان بڵێن ئێوە نەلەو ســـەردەمەو نە لە هیچ کاتێکی تردا خاوەنی مۆســـیقا و گۆرانی لەو چەشـــنە نەبوونەو ئەوەی ئێوەش دەگێڕنەوە. پشت بە هیچ بەڵگەیەکی زانستی دروست نابەستێ؟!!

فەرمـــوون ئاوازێک یان ڕســـتە مۆســـیقایەکی زیندووی ئەو ســـەردەمەمان بۆ بنووسنەوە تا بیانخوێنەوەو گوێیان لێبگرین؟!!

لە کۆتاییدا دەڵێین: خۆزگە هەموو ئەو هەوڵانەی کە بۆ تۆمارکردن و پاراستی ســـەروەری مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردیمان دەدرێت رووە و لێکۆڵینەوەی زانســـتیانەی تیۆر ئامێزو تێڕوانینی بەراوورد کراو هەنـــگاوی دەنا و چیتر بە قســـەی رووتی سەرپێیانەو بێ هیچ بنەمایەک لە توانا و ئاستی گۆرانی کوردی وگۆرانیبێژە رەسەنەکانمان کەم نەدەکردەوەو چونکە لە راستیدا بە درێژە پێدانی ئەو شێوازە لە هەڵســـەنگاندن هیچ ناخرێتە سەر خەرمانی مێژووی هونەریمان وخزمەتێکی ئەوتۆش بە ئایندەی ئەو بوارە هونەرییەمان ناکات.

دوور نییـــە بەردەوامبـــوون ودرێـــژە پێدانـــی ئەو شـــێوازە لە نووســـین و لێکۆڵینەوە ماوەیەکی دیکەشـــمان بەدەم خەیاڵ و سۆزی (دەگێڕنەوە کاتی خۆی کوردەکان.........)

کاتێکی زۆرمان پێ بکوژێت و ســـواری فارغۆنی دواوەی نیوەی دووەمی سەدەی بیست ویەکمان بکات!!!!!

**سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- تاريخ الموسيقى العالمية- ثیۆدۆرم فینی. ترجمة-دكتورة (سمحه الخولى - محمد جمال عبدالرحيم. الناشر دارالمعرفة القاهره).

٢- فلســـفة الفن عند ســـوزان لانجر/ اعداد راضى حكيم. دارالشؤون الثقافية العامه. الطبعة الاولى بغداد ١٩٨٦

٣- المذاهب - د.نجيب الگيلانى.

٤- ژیانی کوردەواری - نووسینی تۆمابوا، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کریم.

٥- ژمارە (١١٤)ی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ .

ئەم بابەتە لەژمارە ( ١٥)ی گۆڤاری رامان ساڵی( ١٩٩٧ ) بڵاوکراوەتەوە.

## چەند سەرەداوێک بۆخوێندنەوەیەکی تر

بەر لەچوونە ناوەوەی ئەم کورتە باسە بەپێویستی دەزانین چەند خاڵێک روون بکەینەوە.

یەکەم: بەهیچ شـێوەیەک مەبەست لە سەردکردن و هێنانەوەی ئەو نموونانەی کەلەو نوسـینەدا هاتووە کەمکردنەوەی بایەخی ئێستاتیکی مۆسیقای رووتی بێ وشە نییە لەهەمان کاتدا باسێک نییە تایبەت بە شیعر و وەزیفەی شیعر.

دووەم: ئەو نووسینە بابەتێکی تایبەت بەلایەنێکی دیاریکراوی زانستی مۆسیقاو قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی ئەو هونەرە نییە.

سـێیەم: جگە لـەو راو بۆچوونانەی کە لەو باسـەدا ئاماژەیان پێکراوە ،زۆر جۆرە دیدو بۆچونی تر سـەبارەت بەو هەردوو بوارەی شیعر و مۆسیقا وتراوە، بەڵام لەگۆشە نیگای جیا جیاوە.

چوارەم: دەکرێ لەسەرەنجامی ئەو جۆرە بابەتانەدا روناکبیران و رۆشنبیرانی کورد بەگشـتی و شاعیران و هونەرمەندانی مۆسیقا بەتایبەتی زیاتر لە جارێک بەرامبەر مێژوی پەیوەندی نێوان ئەو دوو بوارە هەڵوەسـتەی جدی لەسەر بکەن لەبەر دوو هۆ:

١- تارۆژی ئەمرۆ ٩٩٪ ئەو هونەرەی، کە پێی دەوترێ هونەری مۆسیقا لەلای ئێمەی کورد بەندو ئاوێتەی دەقی شـیعرو هۆنراوەیە ، شتێکی ئەو تۆمان نییە پێی بوترێ مۆسیقای رووت یان مۆسیقای ئامێر.

٢- لەو چەند سـاڵانەی دواییدا خەریکە خۆشـبەختانە تەنیا لەبواری ژەنینی ئامێرەکانی مۆسـیقادا نەوەیەکی تازەی شـارەزا پێ دەگەن ،کە پاشـەڕۆژێکی گەشـیان لێ چاوەڕوان دەکرێت، کەچی بەداخەوە بەدەر لەهەزەمکردنی مێژووی هەمەلایەنەی ئەو بوارەو هەورازو نشێوە بێشومارەکانی ، خەریکە لێرەو لەوێ لەژێرناوی جۆراو جۆردا داخوازی و دەنگی مۆسیقای رووت و بێ وشە یان بەرز کردۆتەوەو هەوڵی سەقامگیربوونی بۆ دەدەن.

زیاتـر لە دووهەزار سـاڵ بەر لە ئەمڕۆ، فەیلەسـوفی یۆنانـی (ئەفلاتون) لەدایەلۆگەکانی ناو (کۆمارەکەی)و (یاسـاکانی)دا بۆچوونە تیۆرییەکانی خۆی لەسەر مۆسیقا لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دا کۆ کردۆتەوە:

یەکەم: کاریگەری مۆسیقا لەسەر رەوشت، کە لەتوانایدا هەیە پاڵپشتی توخمی

چاکە بکات لە کەسایەتیدا، یانیش زیادکردنی ئارەزوو پاڵنانی بەلای خراپەدا، ئەوەش بەپێی ئارەزو رەزم و مەقامە بەکارهاتوەکانەوە دەبێت.

دووەم: کاریگــەری دەروونی، بــە بەرز کردنــەوەو دابەزاندنی ورەی مرۆڤ و دروستکردنی راڕایی و ناتەبایی دەروونی .

سێیەم: گرنگی دروستبوونی پەیوەندیەکی ساغ و بەهێز لەنێوان وشەو نەغمەی مۆسیقاو بەستنەوەی مۆسیقا بەشیعرەوە.

چوارەم: گومانکردن لەنرخی نوێکاری لەمۆسیقاداو سەیرکردنی بەچاوی وردو گومانکردنەوە. ((چولیــوس پورتنوی)) دانەری کتێبی (فەیلەســوف و هونەری مۆســیقا) وای دەبینێ کەئەو چوار بنە مایەیی ئەفلاتون بەدرێژایی ســەدەکانی شارســتانیەتی و رۆژ ئاوایی دەســەڵاتی لەسەر هەڵوێســتی فەیلەسوفەکاندا رەنگیداوەتەوەو ئاراستەی کردوون بگرە ئەم کاریگەریە درێژبۆتەوە تا رۆژگاری ئەمرۆمان. ئاشــکرایە سەردکردن و پێدا چونەووەی تەواوی قوتابخانەی یۆنانی لە مەڕ مۆســیقاوە کارێکی ســوک و ئاســان نییە و لەکورتە باسی ئاوادا جێی نابێتەوە، لەبەر ئەو کێشــمە کێشــمە پەرتوبڵاو و تێڕوانینــە جۆراو جۆرانەی فەیلەســوفەکان کارێکی فیکری و فەلســەفی قولەو بەنــدە بەکۆمەڵێک بواری تیۆری و زانســتی لەمــەر دەنگ و کات و ئەندازەی گەلێــک بواری تری پابەند بــە تیۆریە مادی و مەعنەویەکانەوە. بۆیە بەباشــمانزانی لێرەدا تەنیا یەکێک لەو پرەنســیب و بنەمایانە بکەینە بابەتی ســەرەکی و سەر مەشقی ئەو چەند دێرەمان و بەراو بۆچوونی فەیلەســوف و زاناو روناکبیران دەولەمەندی بکەین. دیــارە هەڵبژاردنی ئــەو مەبدەئــەش بەهەلکەوت و لە خۆڕا نەبــووە، بەڵکو بەبڕوای ئێمە هەڵبژاردن و لێدوان لەو پرەنسیبەش لەگەڵ واقعی حاڵ و رەوشی زالی تێڕوانینــی ئەمرۆی ئەو بــوارە هونەریەمان تائاســتێکی زۆر لەیەکەوە نزیکەو، دەکرێ بەلایەنی کەمەوە لە رووی تیۆریەوە ســوودی لێ وەربگرین ئەو پرەنسیبەشیان بەستنەوەی شــیعرو مۆسیقایە ،کە ئەفلاتون و خەڵکانێکی زۆر دوای ئەویش داکۆکیان لێکردوە و لە ســەریان هەڵداوە، چاوخشــاندنێکی خێرا بەمێژووی هونەری مۆســیقا هەر لەیۆنانەوە بگرە تادەگاتە ســەرەتای سەدەی نۆزدەیەم زۆر بەڕونی لەهەردوو رووی تیۆری و پراکتیزەکردنەوە رەوشــی زالی بەیەکەوە بەستنەوەی دەقی شــیعری و مۆسیقامان بۆ رووندکاتەوەو مۆسیقای

ئامێری روتیش له پلەی دووەمی مۆسـیقای هاوشانی وشەی شیعری دادەنێت، بەڵام نابێ ئەوەشـمان لەبیر بچێت کە گشـت تێزو تیۆرە فەلسەفیەکانی فەیلە سوفەکان سـەبارەت بەو رەوشەوە. لەسەرچاوەیەکی زەیینی رووت و چەمکێکی مەعریفی وئەخلاقی و سیاسیەوە سەرچاوەی گرتووە، نەک لەدیدو تێڕوانینێکی ئێستاتیکیەوە کەئەوەیان خاڵی هەمیشە زیندووی دیدو تێڕوانینی هونەرمەندان بووە، سەبارەت بەخودی هونەرو داینەمۆی نوێبونەوەو گۆڕانکاریەکانی شێوەو ناوەرۆکەکەیەوە ، بۆیەش ئەو دو ئاراسـتە جیاوازە بە درێژایی مێژوو بوە بە خالی ناتەبایی وهەزم نەکردنی یەکتر لەنێوان فەیلە سوفەکان و پیاوانی ئاین و دەسەڵاتدارانی سیاسی و هونەرمەندە داهێنەرەکانی بواری مۆسیقا. هەر چۆنێک بێت با لەخوارەوە راو بۆچوونی ئەفلاتون و هەندێک فەیلەسـوف و خەلکانێکی تر لەمەڕ مۆسـیقاو، بەستنەوەی بەشـیعرەوە بخەینە روو. ئەفلاتون دەڵێت: ((سادەوسـاکاری مۆسـیقا لەگەڵ یاسای سروشـتدا یەک دەگرنەوەو، هەرگیز دژیەک ناوەسـتن)). مۆسیقا توانای هەیە لەدەرونی بێ کۆتایی مرۆڤدا یەکسانی و تەبایی دروست بکات لەبەرئەوەی زمان راسـتەوخۆ گوزارشت لەعەقل دەکات، دەبێت وشـەو دێری هۆنراوە پایە بەرزترو بەنرختر بێت لە ئاواز، ئەفلاتون وا سـەیری توخمی ئیقاعی مۆسیقا دەکات کەلەگەڵ توخمی ئیقاعی گەردوندا وەک یەکن، بۆیەش دەڵێت: نادروسـتی ئیقاع و دەنگی نەشاز دەبێتە هۆی تێکچوونی یاسـای شـتە نموونەیەکان و بڵاوبوونەوەی ناتەبایی لەنێـوان مرۆڤایەتیدا. هەر لەمەڕ پابەندبوونی شیعری و مۆسـیقاوە دەڵێت: جیاکردنەوەی هۆنراوەو مۆسیقا دیاردەیەکی شێواندنەو هەڕەشە لەکۆنە بەهاکان دەکات و باری ئاسایی دەسـتە بەربوو دووچاری هەڕەشە دەکات هەر لەم بارەیەوە (ئەمانۆئێل کانت)ی فەیلەسوف دەڵیت: ((شیعر بەباشترین شێوازعەقل و گوزارشت کۆدەکاتەوەو لای وایە مۆسـیقا زیاتر چێژوەرگرتنە نەک مەعریفەو رۆشنبیری – بۆیە لەحوکمی عەقل مۆسـیقا کەم نرخ و پایە نزمترە لەهونەرە جوانەکانی تردا)). (کانت)پێی وایە شیعر لەهەموو هونەرەکان زیاتر بەخشندەترە بۆ عەقل و وشەش ئامرازێکی سروشتییە بۆ گوزارشتکردنی چەمکە مەعریفیەکان. هەر لەبەرهەمان هۆ (هیگل)ی فەیلەسـوف دەڵێت: وەزیفەی شیعر لەو حالەتەدا سەپاندنی وشە دەبێت بەسەر دەنگدا ،بەشێوەیەک ئەوەی روخسـاری شاراوەو نادیارە لەمۆسیقادا، لەزمانی

شیعردا روون و ئاشکراتر دەبێت . (هیرمان فنکی) نووسەری کتێبی مومارەسەکردنی مۆسـیقا کە هەوڵی دۆزینەوەی نموونەی یەکسـانی دەدا لەنێوان دەقی شیعرو مۆسـیقادا لەسەدەی بوژانەوەدا دەڵێت : ئەگەر مۆسـیقاکانی کۆن سەرکەوتنی گەورەو داهێنانیان لەچارەسـەرکردنی پێوانەی ئالۆزدا بەدەست هێناوە، بەڵام مۆسیقاکارانی تازەتر لەوان لەجوانی ئاوازدا لەوانیان تێپەراندو زۆریش سوورن لەسەرئەوەی گونجاندن لەنێو نەغمەی مۆسیقاو وشەدا دروست بکەن ، تا زیاترو روونتر گوزارشـت لەرۆحیەتدا بکـەن. بەڵێ بەخوێندنەوەیەکی سـەرپێیانەی مێژووی مۆسیقای جیهانی زۆر بەڕوونی رەوشی زاڵ و لەقالبدانی وەزیفەی ئەو هونەرەمان بۆسـاغ دەبێتەوە . بەدرێژایی ئەو مێژووەش هەر لەیۆنانی کۆنەوە تابە ئەمڕۆ و سـەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم دەگات، ئەو ڕووبەڕوبوونەوەیە لەسـەر وەزیفەی مۆسیقاو شـێوازی دانان و بەهارمۆنیکردن و پێشخسـتنی تادەهات قوڵتردەبوو ، بەڵام لەکۆتایی سـاڵانی سەدەی هەژدەم و سـەرەتای سـەدەی نۆزدەم لەژێر کاریگەری بیرو بۆچوونی هەندێ فەیلەسوفی وەک نیشتەو شـوبنهاوەرو فویرباخ و خەڵکانێکی تردا ئەو رەوشە پێی نایەوە قۆناغێکی تازەوەو تا ئاسـتێکی زۆر مۆسیقاو مۆسـیقاکاران جۆرە ئازادیەکیان بۆ دەسـتەبر بووە بەمەش وەزیفەی مۆسیقا و قالبەکانی دانان (تەئلیف کردن)ی مۆسـیقای دوور لەئاین و کلێسا پەرەی سەندووەو سنووری بەر تەسکی جارانی خۆی بەزاند. دیارە ئەو قالبشـکاندن و گۆڕانکاریـە بەرچاوانەش هاوکات بوو لەگەڵ کۆمەڵێک گۆڕانکاری ژیانی مادی و مەعنەوی مرۆڤی رۆژئاوا بەگشـتی و هەندێ وڵاتی پێشەنگی وەک نەمساو فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتالیا.......تاد.

هـەر لەبەر ئەمە تێڕوانیـن و وەزیفەی مۆسـیقاو هەنگاوەکانی لەم قۆناغە بەدواوە شێوازێکی تری وەرگرتووە و باسێکی ترەو پێویستی بەلێدوان و نووسینی چڕوپڕو تایبەتی هەیە، بۆیە دەگەڕێینەوە سـەرهێنانەوەی چەند نموونەیەکی زەقی ئەو ڕووبەڕوو بوونەوانە و چەند هەڵوێستێکی دیار دەخەینە ڕوو:-

لەسـاڵی (١٣٢٤-١٣٢٥) بابـا یۆحەنای بیسـت و دووەمین لەبەرامبـەر پۆلیفۆنیکردنی و گۆڕانکارییەکان و بڵاوبوونەوەی شـێوازی تازەی دانانی مۆسـیقادا فەرمانێکی دەرکـردو تێیدا هێرشـی کردە سـەر ئەو شـێوازانەی کەدەیانەوێت شـوێنی ئـاوازو قالبە کۆنـەکان بگرنەوە، چونکە پێیان وابوو ئەو مۆسـیقایەی کە بۆ

بۆنه ئاینییەکان بەکاردێ پێویسته سەلامەتی دەقی هۆنراوەکان بپارێزرێت، ئەوەشیان بەبەکارهێنانی ئاوازی سادەو ساکاری دوورلەئالۆزی دابەشکردن و چەند دەنگی دەبێت. هەرلەوبارەیەوە لە ساتەوەختێکی درەنگی مێژوو بابا بیوسی دەیەم لەساڵی (١٩٠٣)دا بەڵگەنامەیەکی تێروتەسەلی سەبارەت بەکارو وەزیفەی دروستی مۆسیقا بڵاوکردەوەو تیایدا دیدو بۆچوونی کلێسای لەو بارەیەوە روونکردۆتەوە ،لەیەکێک لەبڕگەکانی ئەو بەلگەنامەیەدا هاتووە دەڵێت: ((وەزیفەی سەرەکی مۆسیقاجوانکردنی دەقی هۆنراوەو پیرۆزکردنیەتی، هەروا ئەرکی پیرۆزو گەورەی مۆسیقا دەبێت جوانکاری و لەبەر کردنی جل و بەرگی جوانی دروشمە ئاینیەکان بێت بەکالاو باڵای ئاوازە گونجاوەکاندا تا زیاتر کاربکاتە سەر دڵ و دەروونی بڕواپێکراوان و هەستی پەرستنیان لەلا سووک و ئاسانتر بکات)). بۆیەش دەڵێت: ((ساتەوەختێکی درەنگی مێژوو هونەری مۆسیقا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە لەسەر دەستی گەلێک داهێنەری وەک – بتهۆڤن و شۆبەرت و ڤاگنەرو بەر لەوانیش موزارت و هایدن و و باخ و چەندان هونەرمەندی تر پێی نابووە قۆناغێکی ترو، وەزیفەو خواستە ئیستاتیەکانی بە پاڵپشتی روئیاو بەرفراوانبوونی خەیاڵی ئەو داهێنەرانە رەوشێکی تری بەرامبەر ئەرک و پەیام و دەسەلاتی ئەو هونەرەوە هێنابووە ئاراوە)). بەڵام سەرەڕای بوونی ئەو جۆرە تێڕوانینەش – کەچی ئەو بەڵگەنامەیەی بابابیوس لەلایەن بابابیوسی دوازدەیەم لەساڵی (١٩٤٧)دا پاڵپشتی کرایەوە لەگەڵ هەندێ دەستکاری ورد دووبارە داڕێژرایەوە. هەرلەبەرهەمان بابەت لێژنەی ناوەندی حیزبی شوعی یەکیەتی سۆڤیەت لەساڵی (١٩٤٨) بڕیارێکی ناڕەزایی لەدژی مۆسیقازان و مۆسیقا کاران دەربڕی بەبیانووی ئەوەی کەگوایە کارە هونەرییەکان لادان و دەرچوونە لەهەڵوێستی ئایدۆلۆژی و رێنومایە ئێستاتیەکانی یەکیەتی سۆڤیەت. ئەگەرچی لەسەرەتاوە ئەو بەیانامەیە تەنیا بۆ کارێکی ئۆپێرالی دیاریکراو دەرکرابوو، بەڵام لەڕاستیدا ئەو هەڵوێستە بۆ موخاتەبە کردنی تەواوی هونەرمەندان و رەخنەگران قۆزرایەوە، ئەوەش کە زۆرگرنگە لەو بەیاننامەیەی لێژنەی ناوەندی حزبی شوعی سۆڤیەتی، ئەوەیە کە ناوەڕۆکەکەی هەروەک بۆچوونەکانی روناکبیری گەورە تۆلستۆی بۆن و بەرامی بۆچوونە سیاسی و ئەخلاقیەکانی ئەفلاتونی پێوەدیارە سەبارەت بەکارو وەزیفەی هونەر. بۆنموونە

لەبڕگەیەکی بەیاننامەکە دا ئەوەی خوارەوە هاتووە: ((شێوازو فۆرم لەمۆسیقای سـۆڤیەتیدا بوە هۆی سەرهەڵدانی جۆرە مەیلێکی لایەنگر بەلاًی قالب و شێوازی ئالۆزی مۆسیقای ئامێرو سەمفۆنیا دا، دوورلەدقی هۆنراوە، ئەوەش لەئاکامدا دەبێتە هۆی لەناو چوونی بنەما ڕۆشنبیریەکانی سۆڤیەتی و لەبیرکردنی دانەری مۆسـیقا کەچۆن بۆگەڵ دەنوسـێ و تەئلیف دەکات)).بەگشتی بەدرێژایی مێژوو مەسەلەی پابەند بوون و جیاکردنەوەی مۆسیقا و دەقی هۆنراوە لەیەکتری لەژێر ڕۆشـنایی دیدو بۆچوونی ئێستاتیکی و فەلسـەفی هەمەجۆرودا، وەک گەلێک بواری پەیوەسـت بەو هونەرەوە بەگەلێک قۆناغ و هەورازو نشێودا تێپەڕیوەو بەیەکێک لەخاڵە زەق و مەسـەلە هەلایساوەکانی مێژوی مۆسیقا دەژمێردرێت، ئەوەی بەنموونەش لەو کورتە باسەدا هێناومانەتەوە چەندوچوونی هەمەلایەنی تر هەڵدەگرێت و مشـتێکە لەخەرواریکی ئـەو مێژووە، بەڵام بەرلەوەی کۆتایی بەو باسە بێنین حەزدەکەین کۆمەڵێک پرسیار بۆ نێوەندی هونەری و ڕۆشنبیری ئـەو بارە هونەریەی خۆمان بوروژێنین بەو هیوایـە بەلایەنی کەمەوە لەڕووی تیۆری و ڕۆشنبیریەوە سەرەداوێکیان لێهەڵکرێنین.... پرسیاریش ئەوەیە: ئایە هونەرمەندو روناکبیری کورد بەگشـتی و هونەرمەندو مۆسیقاکاران بەتایبەتی، ئەمڕۆ و ئایندە لەسـەر کام لەو بنەما فەلسـفیانە درێژە بەئـەرک و پەیامی ئەو هونەرەیان دەدەن و ،گەرای شـاراوەی ئێستاتیکی و مەعریفی مرۆڤی کورد بەئاقاری کام لێواردا شەتەک دەدەن؟ بەبڕوای ئێمە ئەمڕۆ و ئایندە ئەو نێوەندە هونەریـە بەر لەهەر هەنگاوێکـی ئاوا،بەلایەنی کەم پێویسـتی بەچەندینجار خوێندنەوەی ئەزموونی گەلانی دنیا هەیە تابەو جۆرە قەناعەتە ناسـک و پڕلە هەورازو مەترسییە دەگات...

**سوود لەو ژێدەرو سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- فیلسوف وفن الموسیقی. تالیف ((چولیوس پرتنوی)) ترجمة دکتور فؤاد دکریا.
٢- الموسـیقی و الحضارة، تالیف هوجـولای یختنتریت،ترجمه دکتور احمد حمدی محمود.

ئەم بابە تە لەژمارە ( ٢٧)ی گۆڤاری رامان ساڵی (١٩٩٨) بڵاوکراوەتەوە.

## ئایا گوتن و "ئەدا" کردنی مەقام بەزمانی نۆتە دەنووسرێتەوە؟

ســـەلماندن و دەرخســـتنی پێکهاتەی ئەو هونەرەی، کە پێیَ دەوترێت هونەری مۆسیقا لەبەرئەوەی لەبنچینەدا لەهەردوو توخمی دەنگ وکات (الصوت و الزمن) پێکهاتووە، هەر لەدەســـتپێکەوە دەرگای لەبەردەم زۆر بواری تردا کردۆتەوە تا ئەو پەری تێکەڵاو بەیەکترببن هەر ئەوەشـــیان وای کردووە کەهەمیشـــە زەمینە لەبارترو گونجاوتربێت تا بەپێی توخم و جوگرافیاو تەواوی تایبەتمەندیەکانی ئەو میللەتانەی کە مومارەســـەی ئەو هونەرە دەکەن ،خۆی لەمۆرک و شـــێوازو قالبی هەمەڕەنگی جۆراوجۆر بنوێنێت وبکەوێتە بەر گوێچکە و هەســـتی گوێگران و بەدواداچوانیدا، هەروا بەجۆرێک تێکەڵاوی و ئاشنایەتی تاسەرئێسقان لەگەڵ هاونیشتیمانییانی خۆیاندا دروست بکەن وەک مانگی چواردە لەکەسایەتیەکەیان ڕنگ بداتەوەو بدرەوشێتەوە، ئەگەر ئەوە بەشێکی گەورەی لۆژیکی بابەتیانەی ئەو بـــوارە هونەریە بێت ، ئەســـتەمە لەهەنگاوەکانی توێژینەوەی زانســـتیدا لەمـــەڕ هونەری میللی و خۆماڵی ئەو گەلانەدا بەبـــێ پۆلێنکردن و پەنجە دانان لەســـەر ئەو وردەکاریانەدا بتواندرێ وەک پێویســـت بەدەرئەنجـــام و ئاکامی دروســـت و یەک لاکەرەوە بگەین.ئەو کێشمە کێشـــمی تێکەڵاو بوونەش ، زیاتر لەنێوەندی ئاوازو دەنگی میللی گەلاندا بەدیدەکرێت ،چونکە ئاشکرایە سروشتی تایبەتمەنـــدی زار و زمانی میللی خودی ئەو گەلانـــە زۆر بەچڕو پڕی لەڕێگەی دەقی هۆنـــراوەی ئاوازەکاندا دەخرێنە ناو ئەو بـــوارەوە، دیارە زمانیش وەک دیاردەو زانست و بابەتێکی زیندووی سەربەخۆ پەیوەندیەکی راستەوخۆی لەگەڵ بارە فیســـیۆلۆجیەکەوە هەیەو، بەشدارە لەدەربڕینی پیتەکانی زمان و شوێنی دەربرین و دەرچوونی ئەو دەنگانەوە ، دواتریش بیســـتنەوەیان لەچوارچێوەی فۆڕمێکی تایبەتیدا، بە هەرحاڵ بائەوەیان دەروازەیەک بێت بۆچوونە ناوەوەی ئـــەم بابەتەی کەدەمانەوێت لەڕێگەی ئەو پرســـیارەی خوارەوەدا بیوروژێنین، پرسیاریش ئەوەیە: – ئایە تاچەند دەتواندرێت بەزمانی نووسینەوەو تەدوینکردنی نۆتەی مۆسیقاوە تەواوی ئەو وردەکاریانەی وتن و (ئەدا)کردنی مەقامێکی کوردی یا رۆژهەڵاتی وەکو ئەوەی دەنگبێژێک یان خوێنەرێکی مەقام لەڕێگەی قوڕگییەوە بەئاهات و وشـــەی هۆنـــراوە وە دەیلێت بگوازرێتـــەوە و تەدوین بکرێت؟؟ دیارە نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کەخواستی هزرو گیانی داهێنان و گوزارشتکردن لەلایەن

هونەرمەندانی مۆســیقازانی جیهان لەلایەک و، دانان و داڕشتنی شێوازی قالبە هەمەڕەنگ و جۆراو جۆرەکانی مۆســیقاش لەلایەکی ترەوە، بەهۆکارو فاکتەری ســەرەکی ســـەرهەڵدان و هێنانەکایەوەی ئەو زمانە تاییبەتیەیی تەدوینکردنی مۆســیقا دەژمێردرێت کەپێــی دەوتری زمانی نۆتە .هەڵبەتــە ئەو مێژوەش بە هەورازو نشێوو قۆناغی جۆراو جۆردا تێپەڕیوە ،تاگەیشتۆتە ئەو شێوازەی کەوا ئەمڕۆ لەهەموولایەکەوە بۆنووســینەوەو بەر جەســتەکردنی کارە هونەریەکان پەیڕەو دەکرێت.

یەکـــەم کەس کەحەوت پیتەکـــەی (A–B–C–D–E–F–G) ) بۆتەدوینکردنی مۆســیقا بەکار هێناوە ("ئودو–(ODO"ی ڕاهیبی دێری کلونی (CLUNY") بوو کە لەســاڵی (٩٤٢ز) لەشاری ریمسREIMS تەلەســم و لوغزی تەدوینکردن و ڕێنووســکردنی مۆسیقا............ بۆگەیشــتن بەو خواستەشیان، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی یەک لەدوای یەکیان ئەنجامدا پێداچونەوە بەکلێسای ڕۆمانی و کەلەپووری گۆرانی سادەش بەپاڵنەرو هۆکارێکی گرنگی ئەو توێژینەوانە دادەنرێت، جگەلەوەش مێژووی دوورو درێژی ڕێنوسکردنی مۆسیقا بەشانازیەوە ئاماژە بەجێ پەنجەی چەند زاناو مۆسیقازانێکی وەک (هۆک بالد – hucbald) و (کوتن–cotton)و (جویدوئەریزۆ –gyedo–arezz )دەکات لەمەڕسەرخستن و بەخششی پڕبایەخیان لەگەیاندنی ئەو کاروانەد بەدوا قۆناغی پێگەشتندا ،کە خۆی لەشــێوازێ تەدوینکردنی کۆڕالی ڕۆمانیــدا دەنوێنێت [roman charal notation]بێگومــان میانـــەی قۆناغە جیاجیاکانی ئەو مێــژووە دوورودرێژەی تەدوینکردنی مۆسیقاش بەدەیان و بگرە بەسەدان تەکان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاســی و ئابوری ....تاد لەخۆیەوە گرتووە،کەبێ قەیدو شەرت ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر رەوشەگشتیەکەوە هەبووەو جێهێشتووە، هەر بۆیەش زۆر ئاساییە لەمڕۆی بیرو هزری هونەرمەندو ڕۆشنبیری کورددا لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تروسکە مەعریفەتەی کەهەستی پێدەکرێت هەولی بەپرۆسەکردنی،ئەو پرسیارو وەلامانە ی دابێتەوە کەسەردەمانێک بوو لەبەرچاواندا ببوون بەدیواری وەهم و دیاردەی موقەدەس و مەکەی نابەجێ!!

بەڵــێ هونەرمەندی کوردیش مافی خۆیەتی بۆ رەواندنـــەوەی ئەگەری لەناوچوون و لەدەستدانی ســەرمایەی نەتەوەیی و نیشــتمانییەکانی خۆی سەدان پرسیاری

جۆراوجۆر بوروژێنیَ و، هەمووهەوڵێکیش بخاتەگەڕ بۆپاراســتن و هاوێرکردنی یەکلاکردنەوەو ســەرلەنویَ تۆمار کردنەوەی کارە هونەریەکانی ســەردەمانی زوو ، هونــەری ئاوازو دەنگیش بەهەموو ڕەنگ و جۆرەکانیەوە ڕەگێکی قووڵی لەویژدان و کەســایەتی مرۆڤی کورد داکوتیوەو، دەنگ و ســەدا ڕەسەنەکەشــی هەمیشــە مۆرێکی زەق و پیرۆزوگران بەها بووە بەنێوچەوانیەوەو پەرژینێکی بێ خەوش و ناســکی پاراســتن و مانەوەی قەبارەی نەتەوەی نیشتیمانی ئەو گەلە خێرنەدیوە بوو، هەرواش دەمێنێتەوە. بەڵێ ئەوەیە جەدەڵی پابەندبوونمان بەو ئاوازو ســەدا ڕەســەنانەی کلتوری هونەریمانەوە بۆیەش هەرکاتێک باس لەو هونەرە کرابێت بەشــانازیەوە بــاس لـــە خاوەندایەتی و مۆلکداریەتی ئەو کەلتورەی خۆمان دەکەین و خۆمانی پێ هەڵدەکێشــێن. ئەو مەقامە کوردیانەش کە بەشــێکن لەو ســەرمایە نەتەوەییەمان و بەکوردی بوونیان هیچ گومانێکی تێدانیەو پاراســتن و ڕزگارکردنیان لە ئەگەری لەبیرچوونەوە ئەرکی پسپۆران و دڵسۆزانی ئەو بوارە هونەرییەیە.چونکە کۆچکردن و ماڵئاوایی کردنی ئەو کەلە مەقام زانانەی بەر لــە هاتنــە کایەوەی قەوان، تاک وتەرایەکی لێدەربچێت، دەنا ئەوەی بۆمان بمینیتەوە تەنیا تۆماری دەنگی سەر ئەو تۆمارکراوا نەیە کە لــە کاتی خۆیدا تۆمارکراون ، هەرچۆنیک بێت ڕەنگە لەزۆر باردا سوود وەرگرتن لەو تۆمارکراوانە گەلێک باشتر بێت لەچاوەڕوان کردنی دووبارەبوونەوەی ئەو کەلە مەقام زانە کۆچکردووانەی خۆمان!!

بەبۆچوونــی ئێمە ئەو جــۆرە چاوەڕوانــی و بیرکردنەوەیە، جۆرە بەهەڵە داچونێک و خراپ تێنەگەیشتنێکی تێدایە ...!! لەبەرئەوەی بارو دۆخەکە پابەندو وابەســتەی حوکمێکی مێژوویی و رەوتێکی دوورو درێژی تابلێی تایبەتمەندە.... کەواتە بیرکردنەوە لەتەدوینکردن و نوسینەوەی مەقامە رەسەنەکانمان بەمەبەستی بەمەنهەجیــەت کردن و فێربوون و هەزمکردنیــان لە دوارۆژدا ،ئەرکێکی پیرۆزو پرســیارێکی گەورەیە، بەڵام ڕەنگە بەرلەتێگەیشــتنی وردو دروستی ناوەڕۆکی پرسیارەکە، لەچۆنیەتی پراکتیزە کردن و شــێوازی بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی وەڵامــە خوازراوەکە نەگەیــەن و وحالی نەبین ؟ بۆیــە جارێکی تردەیلێینەوە، ئایە دەکرێ جارێکی تربە مە بە ســتی فێرکاری و میتۆدکردنی زانســتیانە، ئەو مەقامەکوردیانــەو وردەکاری تەواوو ١٠٠٪ هەموو ئەو ئاهات و ســەرچوون و

دابەزینانەی ئەدا کردنیان وەک چۆن کە لەقورگی مەقام بێژەکە دێتە دەرەوە ئەدا دەکرێ ئاواش بەزمانی نۆتە تەدوینیان بکەین وبیان نووســـینەوە؟؟... دواتریش وەک هەر پارچە مۆســـیقاو گۆرانی وقاڵبێکی تری مۆسیقای خاوەن کێش و ریتم بەیەکەوە لەلایەن گروپێکی مۆسیقادا بژەندرێتەوەو ببیسترێتەوە؟؟

ئاشـــکرایە سەربەســـتی تەواو و رەهایی مەقامبێـــژەکان و پابەند نەبونیان بە کێش و وەزنێکی دیاریکراو لەو وەزنانەی کە لەســـەرەتای پلیکانی مۆســـیقا دادەنرێت بۆی بەیەکســـانی دابەشـــکردنی بارەکانی مۆســـیقاو راگرتنی وەزنی مۆســـیقاکە، بەخاڵی ســـەرەکی کێشەی بەئاکام نەگیشـــتنی ئەو جۆرە هەولانە دەژمێردرێت، هەر وەک چۆن لەسەرەتاشدا بۆمان دەکەوت کە چۆن لەبەر هەمان هۆی سەرەوە شێوازی (نویما_نویمس)نەی توانی خواستی تەواوی ڕێنووسکردنی مۆسیقا لەکاتی خۆیدا بەجێ بگەیەنێت ،چونکە تەنیا پشتی بەهێما بێ وەزنەکان دەبەســـت و بەس. خۆئەگەر بێت و مەســـەلەکە بکەوێتە چوارچێوەی جیاکاری لەنێوان دووگەلی هاوبەش لەیـــەک مەقامدا ئەوە لەو بارەدا هەرچەندە پەیژەو هێما سەرەکیەکانی شیکردنەوەی مەقامەکە ڕەنگە جیاوازیەکی ئەو تۆیان نەبێت لەنێوانیاندا، لە هێڵێکی گشـــتیدا یەکتر بگرنەوە بۆ تەدوینکردن و دەستنیشـــان کردنی تۆنـــە دەنگیەکانیان، بەڵام لەو حالەتەدا بۆمەســـەلەی یەکلایکردنەوەو ناســـاندنی مەقامەکە دەبێت لەڕێگەی بەرزی ونزمی کۆمـــە دەنگی نێوان تۆنە دەنگییەکانی مەقامەکـــەدا کاری یەکلایکردنەوکە بەئەنجام بگەینین_ بۆیەکاری ناســـاندن و مۆڵکداریەتـــی و ڕەســـەنایەتی لەو جـــۆرە مەقامانـــەدا لەرێگەی تەدوینکردنەوە دەچێتە خانەی مەسەلەیەکی فزیکیەوە_بەرجەستەبوونی کارێکی ئاسان نابێت.

بۆنموونە: مەقامی [ســـێگا] وەک زۆربەی مەقامەکانـــی دیکە پەیژەو مەقامێکی هاوبەشـــە لەنێوان کوردو تورک و عەرەب و... تـــاد. ئەگەر بێت و ئەو مەقامە لەســـەر پلیکانەی مۆســـیقادا [المدرج الموسیقی]لەســـەر هەر پلەیەکی دەنگیدا [تصویـــر] بکرێت، لەســـەرچوون و دابەزیندا ئەو رێچکە و ئاراســـتەی خوارەوە وەردەگرێت:



**پەیژەی سێگا لەسەر می کار**

لەبەرئەوەی شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی چینە دەنگیەکانی ئەو جۆرە مەقامە رۆژهەلاتیانــەی میللەتانیش لەڕووی پراکتیکی و تیۆریەوە_ لەســەر پلیکانەی مۆســیقادا لەهێلێکی گشــتیدا یەک دەگرنەوەو چوارچێوەیەکی گشــتی و چوون یەکیــان هەیەو، بەتەنیا لــەو ریگەیەوە ناتواندرێت مۆرێکی ڕەســەنایەتی و نەتەوەیی بدۆزرێتەوەو متمانەی ١٠٠٪ پیَ بکریَت، چونکە نهێنیەکە لەدەســت و پەنجەی مۆسیقاژەن و قوڕگ و کەسایەتی ئەو مرۆڤەدایە کە دەیەوێت گوزارشت لەهزرو هەســتەکانی نــاوەوی خۆی بکات و هیچی تــر........ ئەگەر ئەوەیان نهێنی و سەرچاوەی ئەو حالەتە نەبێت هەرگیزاو هەرگیز ئاوا بەروون وئاسانی لەناو[ســۆلۆ]ی زۆربەی مۆســیقا ژەنەکانی مەقامە تۆمار کراوەکانی [سێوە]ی نەمردا هەستمان بەسۆزو تایبەتمەندی ژەنینی کلارنێتەکەی هونەرمەندی گەورە (قادردیلان)ی کــوردی نەدەکرد!!..... بەڵیَ هەرکاتێک ویســترا ئەوئێش و ژانە دوورو درێــژەی ناوەوەی مرۆڤی کورد لەڕێگەی تەدوینکردنی [لاوک و حەیران و قەتار و، ئەللاوەیسی و..تاد] بکرێت بەکارێکی پراکتیکی و لەچوارچێوەی زانستی تیۆریەوە بەئەنجام بگەیەندرێت، کە خوی لەخۆیدا لە دەرئەنجامی ئێشو ژانێکی دایکانەی سروشــتیەوە هاتۆتەکایەوە و کەوتۆتە باوشــی هونەری ئاوازووتنی کوردیەوە پێویســتە زۆریش پێویســتە بەقەد گەورەیی و میهرەبانی ئەو دایکە ژانگرتووە وردودڵسۆزانە مامەلە لەگەڵ ئەو جۆرە هەنگاوانە بکرێت، نەخوازە ئەگەر بێت و مامەلە کردنەکەش لەڕێگەی زمانێک بێت کە لەڕێسا بنچینەیەکانیدا ســنووری هەرە زۆری نێوان دانەرێک و دانەرێکی تردا دەشــکێندرێت و ئاوێتەی یەکتر دەبن....!!

کەوابیَ گەڕانەوەی بەپەلە بۆپرسیارکردن لەمەڕنووسینەوەی هونەرە ملییەکان بەگشتی و (مەقامەکان) بەتایبەتی پێویستیان بەڕاوێژکردن و هەناسەیەکی دوورو درێژ هەیە لە هەمانکاتیشــدا پێویســتە بەر لەهەر هەنگاوێکی ئاوادا ئەزموونی گەلان و بیرو بۆچوونی خەڵکانی پســپۆر و شارەزا لەبەرچاو بگیرێت . بابزانین (تران فانکی )سەرۆکی بەشی مۆســیقا لەزانکۆی سۆربۆن لەوەلامی پرسیارێکدا لەو بارەیەوە چــی دەلێت: (زۆر ئەرک و زەحمەتە ئەو هەموو و وردەکاریانەی ئەداکردنــی مەقامەکان بەزمانی نۆتەوە بنووســرێنەوەو بەو شــێوەیەش بەر جەســتەبکرێن کــە دەوتریَ و ئەدادەکرێــن، ئێمە دەتوانیــن زۆر هێماو ئاماژە

بەئامرازی وردو دروســت دابهێنین و بنیات بنێین بۆ ئەو جۆرە گواســتنەوەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا دەرئەنجــام دەردەکەوێت کەوا کارەکــە لەکەم و کورتی بەدەر نییە). هەرلەو بارەیەوە دەربارەی مۆســقای هینــدی دەڵێت:- [لەوڵاتی هیند ڕێبازی ڕۆژئاوایی کاری پێنەکراوە، لەبەرئەوەی مۆســیقای هیندی پشــت بە ئیرتجال و گیانی (راکا) دەبەســتێت، کە ناتوانرێ بنوسرێتەوە]. جگەلەوەی ناو براو لەشوێنێکی تری قســەکانیدا ئاماژە بەماندوبوون وفەشەلی (١٥)ساڵی دکتۆر(دایــوش ســەفوەت)ناوێک دەکات کەلەئێران بۆ ئەو مەبەســتە ئەنجامی داوە.

وادیارە کۆی گشــتی هەوڵ وکۆشــش و بۆچوونەکان بۆزیاتر پاراستنی گیانی ڕەســەنایەتی و بەدورگرتنیانە لەشــێواندن، نەک وەک ئەوەی ئێمە مانان خواســت و ئارەزومانەو دەیان زانین، چونکە نووسینەوەو تەدوینکردنی هەر بوارێکی هونەری بەزمانی تایبەتی خۆی راســتەوخۆ بەشــێوەیەک لەشــێوەکان دەچێتە خانەی بەســەرچاوەبوون و بەمیتۆدکردن دواتریش خەڵکانێک بۆسوود وەرگرتن و فێر بوون بەکاری دەهێنن ،دوریش نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان بکرێت بەســەرچاوەیەکی فەرمی خوێندن لەبنکە ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا!! کەواتە بنیات نانەوەی ماڵی تازەمان پێویســتە بپرسێت : ئەرێ بۆسوود وەرگرتن و پێگەیاندنی هونەرمەندی بەتوانا لە هونەری ڕەســەن و خۆمالیماندا ،کام شــێوازی فێرکردن و وتنەوەی وانەی [مەقام] ســەرکەوتووترە؟ شــێوازی زارەکی [الشــفهی] کە لە مامۆستاوە بۆقوتابیەکان دەگوازرێتەوە؟ یا پشت بەســتن بەنۆتە نووسراوو بێ گیانەکانی ناو لاپەڕەی بڵاوکراوەکان؟؟..


**سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- تأريخ الموســيقي العالمية: تأليف ثيۆدۆرم فينى ـ ترجمة سمحه الخولى و محمد جمال عبدلرحيم.

٢- دراســات فى الموســيقى العربيه _دكتور شــهرزاد قاســم الطبعة الاولى ـ بغداد ١٩٨١.



ئەم بابەتە لەژمارە ( ٢٠)ی گۆڤاری رامان ساڵی (١٩٩٨) بڵاوکراوەتەوە.

## ئـاواز لـه كـاره شـانۆیەكـاندا

لـــەم چەند دێـــرەدا نامانەوێ خۆمـــان لەقەرەی چەنـــدو چوونی مێژووی سەرهەڵدانی پێوەندی نێوان دەنگی مرۆڤ ( گۆرانی وئاواز) و (پەیام و وەزیفەی ئیستاتیكی هەریەک لەمۆسیقاو دەنگ و دەقە شیعریەكانی نێوئاوازەكان) بدەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بەر لەهەر هەنگاوێكی تێكەڵاوبوون و جووتبوونی ئاوازو دەنگ لەگەڵ هەر جۆرە نمایشـــێكی مرۆییدا ، ئەوە بزاندرێ كەئەنجامدان و بەرجەســـتەكردنی كارێكی هونەری لەو چەشنە سەرەڕای هەزمكردنی تەواوی توخمەكانی جوولە مرۆییەكان لەكاری ســـەما ئامێزو شـــانۆو ، شـــێوازە جۆراو جۆرەكانی تری دەربڕین، پێویستە نووسەران و دەرهێنەران و ئامادەكارانی ئەو جۆرە كارانە سەرەدەری لەهەندێ خاڵی سەرەكی پەیوەست بەماهیەتوو ناوەڕۆكی هەریـــەک لەو بوارانە دەربكەن. بەتایەتیش ئەگەر هاتوو زمانی گوزارشـــتكردن لەو جۆرە نمایشانەدا بەشێوەیەک لە شێوەكان ئاراستەكردن و مامەلەی لەگەڵ كات تێدابـــێ.. یەكێک لەو خاڵانەش ئەوەیە گۆرانی جیا لەكارێكی تری جیهانی مۆسیقا_نەک تەنیا لەلای ئێمەی رۆژهەڵاتیدا ، بگرە لەمێژووی سەرجەم گەلانی جیهانـــدا ،چونكە گوتـــاری وروژاندن و جوانناســـی وەک هونەرێک لەپێنگاڤی یەكەمدا بەچەمک وناوەڕۆكی دەقەشـــیعریەكانەوە دەستی پێكردووەو بەتێكەڵاو بوون و توانەوە لەناو رەزمەكانی ئەو هونەرەدا. ،هەرجولەو كێش و مۆســـیقای بڕگە شـــیعریەكانیش لە هونەری گۆرانیدا بەبنەمـــاو چوارچێوەی ئەو هونەرە دەژمێردرێت . كەوابێ هونەری گۆرانی ســـەرەڕای ســـەربەخۆیی پەیڗەو رەزم و هێلی گشتی میلۆدی ئاوازەكە لەهەڵكیشـــان و داكێشانیدا، كە تائاستێک نزیكە لەكارێی روتی مۆســـیقایی بێ وشە، بەڵام هەمیشـــە لەكۆتاییدا ئەوەی كەدەیدا بەدەســـتەوەو ئێمەی گۆێگر دەی بیستین، بەپلەی یەكەم خۆی لەناوەڕۆكی دەقە شیعریەكان و جولەی رەزمەكاندا دەدۆزێتەوەو پێكان و پەلەكێشكردن و ئاراستە فیكری و مەعریفیەكانیش هەمیشـــە لەوەوە دەخوێندرێنـــەوە..... لەبەرئەوەی دەیان هۆی تری تایبەت بەقالب و شـــێوازە جۆراو جۆرەكانی نمایشی شانۆیی تێكەڵ بـــەو پەیوەندیە دەبێت پێویســـتە لەبەرامبەر تێهەڵكێشـــكردنی هونەری گۆرانیدا هەڵوەستەی جددی و ورد بكرێ... تا چیتر گۆرانی لەكارەشانۆییەكانی لای خۆمـــان بەتەنیـــا رۆلی پڕكردنـــەوەی كات و ئیقاع و رەزمی هەڵكێشـــانی

دایەلۆگی کارەکتەرەکانی سەرشانۆ نەبینێت، چونکە بەبڕوای ئێمە سەرلەنوێ و ڕوژاندنەوەی هەستە خەفەبووەکانی ڕۆژانی رابردوو لەڕێگەی ئەو گۆرانیانەوە، چێژوەرگرتـــن و تێکەڵاوبونی ئەندامانی کۆمەڵگە لەگەڵ ئەو گۆرانیانەدا، تەنیا بـــۆ چەند چین وتوێژێک و بۆنەیەک ئامانجەکانـــی خۆیان دەپێکن، رەنگە ئەو جـــۆرە تێڕوانینەش بۆ وەزیفەی هونەری گۆرانی، کـــەم کردنەوەبێت لە رۆڵ و کاریگـــەری ئـــەو هونەرە لـــە ململانێکـــردن و مامەڵەکـــردن لەگـــەڵ زەمەندا.

**ئەم بابەتە لەژمارە ( ٣٤)ی گۆڤاری رامان بڵاوکراوەتەوە.**

## قەیرانی گۆرانی و مۆسیقا

چاکتر وایە بەر لەوەی باس لە کاری ئەفراندن و قەیرانی هونەری بکرێت، ئەو راســتیە لەبەر چاو بگیرێت کە ئەو کردارانە لەهەردوو باردا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی هەمە لایەنەو توندوو تۆڵیان بەبنەماکانی فیکرو مەعریفە هــزری داهێنەرانەی ئەو کەس و تاکانەوە هەیە کە بەشــێوەیەک لەشــێوەکان ئەرکی ئەو بوارەیان خســتۆتە ئەســتۆی خۆیان و سەفەری ئەو کاروانە دوور و درێژەیان گرتۆتە بەر .. بەڵێ ئەگەر هاتوو ئەوەیان بەشــێکی سەرەکی لۆژیکی ئەو هاوکێشــەیە بێت و خەڵکێکی ترو کەوکەبێکی تریش شک نەبەین تاکو بیان کەین بە بەرپرســی پلە دوو یان سێ ئەو بارەو دۆخەی کەهەیە، هەڵبەتە دەبێت لەدەستنیشــان کردن و ئاراستە کردنی پرســیارو رەخنەکانمان وردو بابەتیانە بیربکەینەوە، بۆ میزاجیش خۆمان نەخەینە گێژاوی رێزکردنی رســتەو زاراوەی درێژو بریقەدار.. بۆ نموونە من لەشــوێنی خەم دەپرســم و دەڵێم: ســەبارەت بەبوونی قەیران لەنێوەندی گۆرانی یان مۆســیقای کوردی دەبێت داتاشــین و هەڵبەســتنی ئەو هەموو زاراوە سۆز ئامێزو بەســتەزمانانە بەرەو رووی کوێ بکرێنەوە؟

هەرچەنــدە هەموو تاکێک ئــازادە لەبیــرو بۆچوونەکانی خۆی ســەبارەت بەوبابەتەی کەلێوەی دەدوێت ، بەڵام سەبارەت بەو دۆخەی کەئەمڕۆ لەو نێوەندە هونەریەدا هەستی پێ دەکرێت بەتایبەتیش بواری مۆسیقاو دەنگ ، بەبۆچوونی ئێمە گوزارشتێکی زۆر سرووشتی و وەڵامێکی پڕ بەپێستی ئەو زەمەنەیە کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردی، وەک پێویســتیەکی ژیاری و کۆمەڵایەتی پێیدا تێپەڕ دەبێت، لەبەر ئەوەشە چۆنیەتی مامەڵەکردنی خودی هونەرمەندو، تێڕوانین و پێکهاتەی دەروونی و سایکۆلۆژی و، تام چێژ و ناجێگیری قالبی کارە هونەریەکانی ئاواز دانان و گۆرانی چڕین و..... هتد ئەوانەو چەندان نیشــانەی تریش تائاســتێکی زۆر بە بوونی ئەو دیاردە چۆنیەکانەی کۆمەڵگەی کورد ببەســترێتەوە لەڕووی کۆمەڵایەتی و رامیاریەوە:- بۆ نموونــە بۆت هەیە زۆربوونی هۆنراوەو ئاوازو گۆرانی چڕینی گۆرانیبێژێکی راراو هەناســەکورت و پێنەگەشتوو بەپێوانەیەکی گشــتگیری هەڵســەنگاندنەوە، لەگەڵ زیاد بوون و هاتنــە کاییەوەی هەندێک دیاردەی وەک: تاڵان کردن، رووخاندنی باڵەخانە، خۆســوتاندن و خۆکوژی،

خەبات گواســتنەوە... هتد بخەیتە تای تەرازووی بەراورد پێکردنەوەو ، بیکەیتە رووخســاری پۆلێنکردنی ســەردەمانێکی ژیانــی ئەو دەڤــەرە ، بۆیە دەکرێت بڵێین: ســەرچاوەی ئەو هەموو شین و شــەپۆرانەی کەرۆژانە دەیان بیستین و بۆخۆشــمان نازانین بۆچی لەپای چی دەیانگێرین ، لەوەوە ســەرچاوە دەگرێت کە لێشــاوی هونەرمەندی گۆرانیبێژ وزۆرینەی مۆسیقاژەنانمان تا رۆژی ئەمڕۆ ئەو زەمینە لەبارەی بۆ نەڕەخساوە بگاتە ئەو ئاستەی تەم لەسەر ئەو پرسیارە نەمرو نەکراوانەدا بڕەوێنێتەوە کە بەخاڵی وەرچەرخانی زانســتیانەو دروستی هەزمکردنــی کارو وەزیفەی هەنەر دەژمێردرێت . ئەویــان لەلایەک ، لەلایەکی تریشــەوە لەبەرئەوەی زۆربەی هونەرمەندانی کورد کەلەبواری مۆسیقاو دەنگدا خزمەت دەکەن ، چونکە تائێستا لەدەرەوەی کەرستە بنجینەییەکانی بورەکەیاندا دەخولێنەوەو نەیان توانیوە وەک پێویســت بەناخی هەمەلایەنەی ئەو هونەرەدا شۆڕ ببنەوە کەلەسەرەوەی هەموویانەوە پەراوێزکردنی بابەتی فیکرو مەعریفەیە کەتەنیا لەو دەروازیەوە دەتواندرێ مێژوو و ئەزموونی راســتەقینەی گەلان لەو بوارەدا بخوێندرێتەوە پەندی لێوەربگیرێت هەر تەنیا لەو دەروازەشەوە دەتوانرێ پەرە بەکێشەو نهێنیە گەرم و گوڕەکانی ئەو بوارە هونەریەدا ببردرێت ، نووسین و بڵاوکراوەکانی زاناو فەیلەسوفەکانی جیهانی لەو بارەیەوە گەواهی ئەو راستیەن. بەکورتــی ئەو مەســەلانەی کەناوە ناوە لێرەو لەوێ بەقەیــران وقەیران کاری ناودەبرێت لەو بوارەدا بەشی زۆریان رواڵەت کارین و بەلای جڵ و بەرگی بابەتە هونەریەکەدا دەشکێتەوە ، کە ئەوەشیان بەندە بەکەسایەتی و ئاستی هۆشیاری و مەعریفی ئەوخەڵکانەوە کە لەو بوارەدا خزمەت دەکەن.

**ئــەو بابەتــە لەژمارە (١٢٨ ) ی ئــەدەب و هونەری برایەتی لە ٢٨/٥ی ســاڵی ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.**

## مۆسیقاو ئایین

چیرۆک و سەربردەی پێوەندی نێوان ئایین و هونەر بەگشتی و هونەری مۆسیقا بە تایبەتی سەربردەیەکی دێرین و قووڵە، بۆ قوڵایی مێژووی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵێک هۆکار لەپشتەوەی ئەوپێوەندیە دان، لەسەرووی هەموویانەوە نزیکی ولەیەکچوونی وەزیفەی هەردووکیانە لە شێوازو جۆری تێڕوانینە سەرتاپاگیرەکەیان بۆکاروبارە مرۆییەکان و، ئەو ئاستەنگانەی کە ژیان و مرۆڤایەتی بەرەو ڕووی دەبێتەوە،کە پڕیەتی لە پرسیاری چارەنووس ساز. بۆیە دەبینین لە بنەڕەتدا هەریەک لە ئایین و هونەری مۆسیقا لە هەوڵی ئەوەدان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوەو،زەمینەیەکی گونجاو بۆ گەڵاڵە کردن و خۆ گونجاندن لەگەڵ بوون و واقیعدا بونیاد بنێن، ئاماژەو سۆز بە ئاییندەیەکی باشتر بدەن.ئامانجیشیان لەوەدا دروستکردنی هەستی جوانناسی ولۆژێکی ئەقلانیەتە لەلای تاک و کۆی کۆمەڵگەدا، هەروا کار بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی نێوان ئەو شتانە دەکەن کە بە بڕوای ئەوان کێش و تەوازنی خۆیان لە دەستداوەو، لە بازنەی لۆژێکی عەقڵ و هەستی جوانناسیدا دەرچوونە ،دواتریش لە دەرەنجام و هۆکاری جۆراوجۆردا کە زۆربەی جاران کات و زەمەن دەستنیشانیان دەکات، بوونەتە بەلاشەیەکی نامۆو ناشاز بەڵگە و گەواهی زۆریش هەن لە مێژووی میللەتان و شارستانیەتیەکاندا ئاماژە بەو پەیوەندییە دەکەن.

یەکێک لەوانە:-کاتێک(سلیم الحلو) خاوەنی کتێبی مێژووی مۆسیقای رۆژهەڵاتی لە میانەی قسەکردن لەسەر مێژووی مۆسیقای ئەو میللەتانە دەدوێت، دەڵێت: ((هەموو میللەتانی جیهان بە جیاوازی بیروڕاوە، مۆسیقایان پیرۆز کردووەو هەموو ئایینەکانیش لە ڕێگەی ئاوازو سروودەوە بەشان و باڵی پەرستگاکانیان هەڵداوە، لەبەرئەوەی درکیان بە پلەو پایەی ئەو هونەرە کردووە لە چۆنیەتی کارتێکردن و گەیاندنی پەیامە رۆحیەکانی بۆ لای خودای سەرمەدی و هەمیشە تا هەتایە زیندوو)).

نووسەری ناوبراو بەردەوام دەبێت و لەسەر زاری مێژوونووس ((هیرۆدۆتس)) لەمەڕ مۆسیقای فارسەکان دەڵێت:- (مۆسیقاکەیان زۆر پابەند بووە بە ئاینەوە،ئەو پابەند بوونەش وای بەسەر پیاوانی ئاینی سەپاندبوو لەکاتی پێشکەشکردنی قوربانیدا دەبوایە سروودی ئاینیان بخوێندبایە ئەگەرنا

قوربانیەکە نە لە دونیا و نە لە ڕووی شەرعییەوە پەسەند نەدەکرا.
بــە دڵنیاییەوە دەڵێین: هەر کەســێک بیەوێــت پێداچوونــەوەو جیاکاریەک لەســەربردەو مێژووی ئــەو میللەتانەدا بکات، بــە ڕووی چەندایەتی هێزی ئەو کاریگەرەو کارتێکردنی لەســەر ڕێرەوی کاروانی شارســتانیەتیان بۆ ئاشــکرا دەبێت. هەمیشــە هەریەک لە ئاییــن و هونەر پێگەو پەناگــەی بەهێزی یەکتر بوونە بۆ بەرزکردنەوەی ئاســتی جووانی و چێژوو خوڕەوشتی بەرز لەلایەک و بەرفراوان بوونی ئاسۆی عەقڵ و فیکر لەلایەکی ترەوە....بە تایبەتیش لەلایەن پەیڕەوکاران و پیشــەکارانیەوە.لەهەمووبارێکدا یەکێک لە خزمەتی ئەوەی تردا بووە، تەنانەت لەڕووبەروو بوونەوەکان و ئەو بەگژیەکدا چوونانەشــدا کە ناوە ناوە لە نێوانیاندا سەری هەڵداوە....دەرەنجام لە قۆناغەکانی دواتر لە کاروانی پێشوەچوونی شارستانیاندا سوودیان لەو ڕووبەڕووبوونەوانەیان وەرگرتووە.
مێــژووی هونەری ڕۆژئاواش پڕیەتی لەو جــۆرە ئەزموونانە، بۆ نموونە هەر چەندە کلێســاو لێژنەی باڵاکانی لەســەرەتاوە بەشداری چاک و بەرچاویان لە پێگەیاندنی مۆسیقازان و سروودبێژەکاندا کردووە لە هەمانکاتیشدا دەبینین هەر ئەو مۆســیقازان و سروودبێژانە لەسەر دەســتی پیاوانی ئایینی و کلێساوە بە بیانووی ئەوەی کە مۆسیقای دونیایان کردووە بە دار دەست بۆ دوور خستنەوەی جەماوەر لە سروود و تەراتیلە ئایینیەکان رووبەرووی ئازارو ماندووبوونی زۆر بوونەتەوە.
هــەر لەو پێودانگــەدا دەیانگووت ئەمــە پیلانێکە بۆ دوو پەرســتی (الوثنیة) سەرەڕای ئەوەی ســووکایەتی کردنیشــە بە داب و نەریتەکان. ئەمەو هەندێک جار کار گەیشــتۆتە ئەوەی هــەر کاتێک جەماوەری ئەو مۆســیقاژەنانە زیاد بووبێ و گۆڕانکارییەکانیــان رەواجی زیاتــری لەلای جەماوەر پەیدا کردبێ، یەکســەر لەبەرامبەر ئەوەدا کلێســاو پیاوانی ئایینی ســوور تر دەبوون لەسەر دژایەتی کردنیــان لە مافــە مەدەنیەکانیاندا بۆ نموونە ناوەڕۆکی یەکێک لە یاســاکان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر هاتوو ئەو بەرامبەرەی بۆ گیانی کوژراوێک دەدرێ پێویست بەدانی ناکات ئەگەر هاتوو کوژراوەکە مۆسیقاژەن بوو. ،هەروا یاسای هەندێ لە وڵاتانی وەک یاســایی هەرێمی (مەجدەر برجی) ئەڵمانیا هیچ مافێک بە مۆسیقاژەنان نادەن لەوەی خاوەن و موڵکداریەتی سامانی کەسوکاری خۆیان

دوای مردنیان بکەن، بەڵکو هەموو سەروەت و سامانی کەسوکاری مۆسیقاژەنان دوای مردنی کەسوکارەکانیان بۆ کلێسا دەبێت.
یاسای فەرەنساش تاکو ســاڵی ١٢٩٢ مافی نیشتەجێبوونی بە مۆسیقا ژەنانی نەداوە واتە (الاقامة) تاکو لەو ســاڵەوە بۆ یەکەمینجار ناویان لە لیســتی ئەو کەسانە تۆمار کرا بۆ ئەوەی باج بە دەوڵەت بدەن.... مۆسیقازان ومۆسیقاژەنان هەرگیز بواری ئەوەیان پێنەدراوە بە ئارەزووی خۆیان لەهەر جێگایەک بیانەوێ نیشتەجێ ببن، بەڵکو وا بەستەو گیرۆدەبوون بەوەی دەبێت لە شوێنێکی تایبەت گــوزەران بکەن کە تایبەت بە خۆیان بوو و پێی دەگوترا (شــەقامی کۆچبەران).
دەتوانین بڵێین: شارستانیەتی ســەدەی ناوەڕاست لە ڕۆژئاوا بەگشتی ملکەچی پیاوانی کلێســاو یاســاکانی بووەو دەرفەتێکــی ئەوتۆی ئازادیــان لەبەردەم تاکەکەسیدا نەهێشتۆتەوە.بەو پێیەی کلێسا دەسەڵاتی یەکەم بووەو بیروباوەڕی بەســەر تەواوی بوارە ڕۆحانیەکانی کۆمەڵگادا سەپاندووەو دەرفەتێکی ئەوتۆی بە زانســت و فەلســەفە و هونەر نەداوە، تەنیا کەمێکی کــەم نەبێ هەر بۆیەش هونەر لەو وابەستەگیەی بە دەسەڵاتی کلێساوە تاکو پاش سەردەمی بووژاندنەوە ئازادی بەخۆیەوە نەبینی، .ئەو سەدەیە بۆ هونەری مۆسیقا بەتایبەت سەدەیەکی ســوود بەخش و بەپێز بوو، تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت جێ پەنجەی هەندێ لە بیروباوەڕ و لایەنە باشــەکانی ئەوساو دەرهاوێشتەکانی بەسەر ژیانی ڕۆحی و هونەری مرۆڤی ڕۆژئاواوە دیارە. لەو ڕۆژەوە هونەر ئەو سنوورەی بەزاند تەنیا هەڵگێڕانەوەی داســتان و ڕووەکان بێت گوزارشــتێکی گشتگیری هەست و سۆزی چین و توێژێکی دیاری کراو بێت....بەڵکو بووە گوزارشت کارێکی چاکی خودی و کەسی، کە بەرز ڕاگرتنی گیانی شاعیریەت و کەسایەتی هونەرمەند یەکێک بوو لە پێشینەو بنچینە گرنگەکانی، ئەو جۆرە تێڕوانینەش سوودێکی زۆری بە هونەری گەیاند، بە تایبەتیش هونەری مۆسیقا چونکە پشت بەوە دەبەستێ کە هونەرێکە دان بە پلەو پایەی تاکی نێو کۆمەڵگا دادەنێت لە گوزارشــتکردن لە بیروڕاکانی خۆی وەک تاکێکی ئازادو سەربەخۆ.چاکەی ئەو جۆرە تێڕوانینە ئێستاتیکیەش بۆ سەدەی بووژاندنەوە دەگەڕێتەوە لە ئیتاڵیا، بێگومان تێڕوانینێکی لەو چەشنەش کاریگەری زیاتری بەسەر مۆسیقای دونیاییەوە دەبێت نەوەک مۆسیقای ئایینی.
دیارە بووژانەوەی مۆســیقا لە ئیتاڵیا لە سەدەی شازدەهەم لایەنێکی گرنگە لە

دەستکەوتەکانی سـەدەی بووژاندنەوەی رۆحی و رۆشنگەرایی رۆژئاوا بە گشتی دەردەخات ،کە دەکەوێتە نێوان سـالآنی ١٣٠٠–١٦٠٠ی زاینیەوە. دواجار لەجێی خۆیەتی ئێمە مانانیش وەک میللەتێک کە لە خۆمان بپرسـین ئاخۆ لە کوێوەی ئـەو پەیوەندیانەوە دەسـت پێبکەین لە مێـژووی دوورو نزیکی خۆماندا؟ چۆن پەندو ئەزموون بۆ ئایندەی رۆشـنبیری و هونەری خۆمان وەربگرین لەو جۆرە پەیوەندییانەدا؟

ئایا مێژووی میللەتانی ئێمـەش نموونەی زیندووی لەو جۆرە پەیوەندییانەی تێدا هەیە؟

ئەگەر هەیە لە کوێوە دەست پێ بکەین؟

**سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:-**


١ – مع الموسـيقى العالمية/ د.طارق حسون فريد/ الشـؤون الثقافية العامة. بغداد ١٩٨٩.

٢–تاريخ الموسيقى الشرقية/سليم الحلو. منشورات دار مكتبة الحياة. بيروت ١٩٧٥.

٣–اسحاق الموصلي الموسيقار النديم/د.محمود احمد الحنفي.


ئەو بابەتە بەزمانی عەرەبی نووسـراوە، یەکەمجـار لە ژمارە (٨) ی گۆڤاری گولانی عەرەبی بلاوکراوەتەوە.

**ماملێ و وەفایی**

هـــەر کاتێک باس لە هونەری گۆرانی وتن کرا، ئـــەو هونەرەی کە بە تەواوی پێکهاتەکانیەوە لە ڕێگەی یەکە بچووکەکانی شـــیعرو دەنگەوە لە دایک دەبێت و گەشـــە دەکات، لە چەند چرکەیەکی دیاریکراودا بەهۆی چەند شەپۆلە دەنگێکی ڕێکخراوەوە دەبیسرێتەوە.

ســـەرچاوەکانی هۆشـــداری و جەختکردنە ســـەر ئەو ئەندامانەش کە لە جێبەجێکردن و ئەنجامدانـــی ئەو کردەیەدا بەرپرســـن بە یەکەمین هەنـــگاو دەژمێردرێن. وەک کردارێکی پراکتیکیش بە ئامادە باشی و جوولەی ئەو ئەندامانە دەستپێدەکات کە لە هەناسە وەرگرتن و هەناسە دانەوە بەرپرسن.

لێـــرەوەش چەندوو چوونی شـــێوازی دەربڕین و لەرەی قـــوڕگ و چۆنیەتی بەهێزی و بێهێـــزی و نەرمونیانـــی دەربڕینی ئەو دەنگانە دەســـتپێدەکات کـــە بەیەکەوە ســـیماو روخساری وشەو رستەو خواستەکانیان لەچوارچێوەیەک کۆ دەکەنەوەو پێکدەهێنن.

بە کورتی ئەوەیە دەنگبێژی و گۆرانی وتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا درککردن و هەستکردن بەو پرۆســـەیە لەکاتی گۆرانی وتندا هەڵبەتە کارێکی ئاسان نییە و بەهەموو کەســـێکیش تاوتۆی ناکرێت، بە تایبەتیش بۆ کاری هەڵســـەنگاندن و شیکردنەوەی دروست.

بەهەر حـــاڵ ژینگەو بۆماوەو تەمـــەن و تێکەڵاو بوونی هـــەر گۆرانیبێژێک و دەنگخۆشێک لەگەڵ دەورو بەرەکەیدا بەو مانا گشتگیریەوە، لەڕووی زانستی و بایلۆژییەوە بەپێی قۆناغەکانی ژیانی کار دەکاتە ســـەر دروستکردنی کەسایەتی دەنگی ئەو مرۆڤە و ئەوەیش کـــە بەدەنگی خۆی تۆماری دەکات هەڵبەتە لەگەڵ هەر یەکێکی تردا جیاواز دەبێت.

لەژێر ئەم ناونیشانەی سەرەوەدا (سمایلی مامڵێ) کە ئەندامێکی ئەو خانەوادە هونەرییەیـــە لـــە دووتوێی توێشـــبەرەکەی مامڵێدا چەنـــد لاپەڕەیەکی بۆ ئەو پێوەندییـــەی نێوان خانەوادەکـــەی و (وەفایی) شـــاعیرو بەهرەمەندا تەرخان کردووە.

لە ڕاســـتیدا سەدلەســـەدی هەوڵەکەی کاک ســـمایل بۆ ئەوســـاو و ئێســـتاو داهاتووش کارێکی پوخت و بەجێ بوو، بەڵام باشـــتر وابوو کاک سمایل زیاترو

قووڵتر لەمەڕ پەیوەندی هونەریی نێوان (وەفایی)ی شـاعیرو هونەری گۆرانی و خانەوادەکەی ماملێدا بە تایبەتی هەڵوەسـتەی وردتر بکردابایە، لەو بارەیەوە هەوڵی وەدەستهێنانی زانیاریی زیاتری دابایە.

لەبەرئەوەی (وەفایـی) کە هەموو ژیانی لەنیوەی دووەمی سـەدەی نۆزدەهەم و سـەرەتاکانی سەدەی بیسـتەمدا بەسـەر بردووە، هەر بەتەنیا شاعیرو زاناو موریدێکی شـێخی نەهری نەبـووە، بەڵکو هەروەک لە زۆر سـەرچاوەی تردا هاتووە ئەو زاتە دەنگخۆش و شـارەزاییەکی بەرچاوی سەردەمانی خۆی بووە، بگرە بە دەیان ئاوازو ئاهەنگی تێهەڵکێشی هۆنراوەو قەسیدە شیعرییەکانی خۆی کردووە، دیارە گەلێک هێماو سەرچاوەی روون ئاماژە بەو راستییە دەکەن کە بەشی هەرە زۆری ئەو ئاوازو ئاهەنگانەی وەفایی لە دەرەنجامی هاوشـاری و هاوتەمەنی دەنگخۆشی مام سەعید بووەو دواتریش بە دەنگی (ماملێ)ی بەهرەمەندو براکانی گوێزراونەتەوە سـەر ئامێرەکانی تۆمار کردن و لە فەوتانی یەکجاری رزگاریان بووە. بۆیە دۆزینەوەو رووهەڵماڵین لەسەر هەر زانیارییەکی تازە لەو بارەیەوە دەکرێت سوودو قازانجی کاری بەراورد کردن و توێژینەوەی ئەو ئاوازو ئاهەنگانەی ماملێ و خانەوادەکەی تەواو ببوایەو وەک هەوڵێکی سەرەتاییش دەبووە کلیلێک بۆ بەشـوێن گەڕانی دەنگوباسی قالب و شـێوازی ئەو ئاوازو ئاهەنگانەی ئەو سـەردەمانەو وەک تیشـکی رووناکیش بۆ دۆزینەوەی توولە ڕێگا سەختەکانی مێژوو و تایبەتمەندییەکانی ئەو بارە هونەرییە.

هەندێک لـەو ئاهەنگ و ئاوازانەی (وەفایی) و (ماملـێ)ی هونەرمەند بەهۆی ئـەو پەیوەندییە مێژووییەی نێوان باووباپیرانی لەگـەڵ وەفاییدا دەمێکە لەلای من بۆتـە جێی تێڕامان و پرسـیاری هەمە جـۆری لەلا گەڵاڵـە کردووم، هەر لەبەر ئەوەش هەواڵی دۆزینەوەی بیرەوەرییەکانی (وەفایی)ی شـاعیر لەلایەن مامۆسـتا (موحەمەد حەمە باقی)یەوە بۆمن موژدەیەکی دڵخۆشـکەر بوو، بەڵام بەداخەوە موژدەو بیرەوەرییەکانی وەفایی کە لە ژمارە (٣٠)ی گۆڤاری (رامان)ی ئازیزدا لەلایەن مامۆسـتای بەڕێزدا بڵاوکرایەوە سەرەڕای بەهای سەر لەبەری ناوەڕۆکەکـەی لەدوورو نزیک ئاماژەی پێ نەکرابوو ئەو لایەنەی ژیانی وەفایی بوو جا نازانین ئەو لایەنەشیان بەدەردی دەنگوباس و ڕووداوە سیاسیەکانی ئەو کاتی ژیانی وەفایی چوون و لەبەر هۆی تایبەت باسیان لێوە نەکراوە؟! یانیش

لەلایەن مامۆستا (موحەمەد حەمە باقی)یەوە فەرامۆش کراون و بۆ بابەتێکی سەربەخۆ و نووسینێکی تر هەڵی گرتوون؟!.

بۆیەش ڕێگام بەخۆمدا ئەو پرسیارو ئەگەرانە سەبارەت بەو بابەتەی مامۆستا بوروژێنم چونکە:مامۆستا موحەمەد حەمەباقی لەو بوارەدا جێ پەنجەی دیارەو لە نزیکەوە بە مێژووی ئەو بوارەوە خەریکەو لەجێی خۆیەتی ئەو جۆرە پرسیارو ئەگەرانەی لێ نەشاردرێتەوەو هەر لەسەر لاپەڕەی رامانی ئازیزیشدا بخرێنە رووی بەڕێزیانەوە، بەڵام خۆشبەختانە لەدوا رۆژانی ئامادە کردنی ئەو بابەتەدا دانەیەک لە رۆژنامەی (کوردستان)م کەوتە بەر دەست، لە گۆشەی ئەدەب و هونەری ئەو رۆژنامەیەدا بە پێنووسی برایەکی بەڕێز بەناوی (کارزان) لەژێر سەردێری (ماملێ هونەرمەندی گەورەی کورد) بابەتێک سەبارەت بەسەربردەی ژیانی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو بڵاوبۆوەو بەچاکی دەزانین چەند بڕگەیەکی لێرەدا دووبارە بڵاو بکەینەوە بەتایبەتیش ئەوەی پێوەندیی بەرەگ و ریشەی مێژووییەکەی ئەو پێوەندیە هەیە.

نووسەر دەڵێت:- (شکستی بزووتنەوەی شێخ عوبیدڵلاو نووقمبوونی لە فرمێسک و خوێن، سەرەنجام وەفاتی ئەو گەورە پیاوە لە هەندەران ئەوەندەی دیکە هەست و بیری خەڵکی هەژاند، بەتایبەتیش رووناکبیرانی ئەو سەردەم و لەپێش هەموویانەوە وەفایی و شاگردەکانی سەعید ماملێ باوکی محەمەدی ماملێ وەک موریدێکی شێخ عبیداللە و شاگردێکی بە ئەمەگی وەفایی یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە پاراستن و پەرەپێدانی یادگارەکانی وەفاییدا نەخشێکی بەرچاوی هەبوو...کە وەک میراتێکی پیرۆز بۆ کوڕان و برازاکانی و ئێستاش بۆنەوەو نەتیجەکانی ماوە.....)).

نووسەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ((خوالێخۆشبوو سەعیدی ماملێ و هاوەڵەکانی و هاوموریدەکانی، وەک عابدو سەید حەسەنی کابانی و چەند کەسی دیکە لە شاگردەکانی وەفایی نەک هەر لە رۆژە پیرۆزەکانی ئایینیدا لە خانەقای شەمزنیان لە مەهاباد ئاهەنگە ئایینی و نیشتمانیەکانی وەفایی یان بە دەنگی خۆش و لاواندنەوەوە دەوتەوە بگرە لە سەیران و تەنانەت زۆرجارو هەر جارەی لە یەکێک لە دوکانەکانی نێو بازاڕو لە دەوری یەک کۆدەبوونەوەو بە ئاهەنگی دەفەو تارو بە گوڕ یان بە شێوەی تاکەکەسی تێیان هەڵدەکرد بە چەشنێک کە

بەشـــێکی گەورە لە بازاڕی شار دەشـــلەژاو کەمتر کەسێک هۆشی کەسپ و کاری دەما....)).
بەر لەوەی بچینە ســـەر روونکردنەوەی چەند لایەنێکی ئەو ئاوازو ئاهەنگانەی (وەفایی) کە هونەرمەندی گەورە موحەمەد ماملێ لە ســـییەکانی ســـەدەی بیست بەدواوە ســـەرکەوتووانە و کوردبێژانە بە دەقە شـــیعرییەکانی ئەو زاتە تۆماری کردوون، حەز دەکەین ئەوە بێنینەوە یاد کە مامڵێی خاوەن ســـەلیقەو هەناسەی سەربەخۆ بە درێژایی ژیانی هونەری جگە لەو ئاوازو ئاهەنگانە بە دەیان هەواو ئاوازی ســـەرکەوتوو و رەســـەنی تایبەت بە خودی خۆی و توانای دەنگی خۆی هێناوەتە وجودو بە شێوازو هەناســـەیەکی تایبەت بەخۆی تێهەڵکێشی شیعری شـــاعیرانی کردووە، سەرەرای سەر لەنوێ تۆمارکردنەوەی سامانێکی گەورە لە ئاوازە میللی و فۆلکلۆرییەکان.
بەڵێ مامڵێی مرۆڤ و هەست ناسک ، پەروەردەی مێژوو و کەش و هەوایەک بوو سەرچاوەکەی تەقینەوەی لێشـــاوی ئەو هۆنراوانە بوون کە هەمیشە لە ئیقاعی دەروێشیاندا گیانی عشقێکی پاک و سۆزێکی پڕ لە بەرائەتیان بۆ شتە پیرۆزەکان لێدەباری. (مامڵێ)ش بە هەق وەک ئەوەی کە حەتمییەتی مێژوو لێیدەخواســـت بوو بە شـــایەتی بەرپرســـیاریەتی بەرامبەر بە رۆژانێک کە مهابادو وەفایی مام سەعیدی باوک و خەڵکی ئەو ناوچەیە لە رۆژانی ناسک و تەنگانەدا پێویستیان پێی بوو هەربۆیەش دەنگی ئەو مرۆڤەو هەنســـەکانی لەوە دەرچوون تەنیا ببنە پێناســـە بۆ ژیانی قۆناغێکی دیاریکراوی ناوچەیەکی ئەو وڵاتە کوردنشینەمان، بەڵکو بە خۆی و هونەرەکەی بوون بەو ناوەی کە ئەمڕۆ و ســـبەی میللەتێک لە دەورەی کۆببتەوەو نوێژی پەشـــیمانی بۆ ئەو گوناهانـــە بکەن کە بەرامبەر بە یەکتر و هونەرمەندە گەورەکانی خۆیان کردوویانن.
زۆرن ئـــەو ئاوازو ئاهەنگانەی کە بەهی وەفایی ناســـراون و لەلایەن هەندێک لـــە هونەرمەندانی بەرێزەوە تۆمار کراون بە تایبەتیش خانەوادەی مامڵێ، بەڵام دیارە ئەوەی ئێمە لەو بابەتە مەبەستمانە ئاماژەی پێبکەین و لەسەری بوەستین تایبەتمەندی و سەربەخۆیی وتنی هەندێک لەو ئاهەنگانەیە کە لەڕاستیدا ئەگەر بێـــت و بە وردی و گوێچکەیەکی جیـــا کاری و پۆلێنکردنەوە گوێیان لێبگریت و چەند ماوەیەک لەگەڵیاندا بژیت و بەروونی راستی و دروستی ئەو تایبەتمەندی و

شــەقلە سەربەخۆیەی هەر یەک لە ئاهەنگەکانی وەک (ئەو چاوانەی وا خوماری نازن)، (دەمێک ســاقی)، (گاە دەگریێم گاە دەســووتێم)، (کانیی ئاســکان)ت، بۆ ســاغ دەبێتەوەو بەرجەســتە دەبێت دیارە رووی هەرە گەشی ساغبوونەوەو یەکلاکردنــەوەی خاوەنیەتی ئەو ئاوازو ئاهەنگانەش بۆ مام ســەعیدی باوکی ماملــێ و وەفایی شــاعیر خۆی لە خۆیدا هێمایەکی گــەورە و پیرۆز بەو جۆرە بەسەرکردنەوەو خوێندنەوەیە دەبەخشــن،چونکە ئەو کاتە هیچ گومان لەوەدا نامێنێ ئەگەر تۆ بڵێی کوردو هونەرمەندانی لە ســەدەی نۆزدەیەم بەگشــتی و نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا لە فلانە ناوچەی کوردستاندا بەو شێوەیە گۆرانیان چڕیوە گرنگی خســتنە روو و دەستنیشانکردنی ئەو حالەتەش لە وەدایە،چونکە پرۆسەی جیاکردنەوەو گۆڕانکاریی هەستپێکراو بەسەر سیماو ناوەڕۆکی بوارێکی هونەریی وەک گۆرانی ووتن بێ گومان پێویســتی بە هەناسەیەکی دوورودرێژی زەمەن و ئەو کەرەســتە کاریگەرانە دەبێت کە دەبنە فاکتەرو هۆکاری پاڵپشــت بۆ ئەوەی لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی پاش ئەو ماوەیە بتوانیت وەک شــێوازو قاڵبی تازەو سەربەخۆدا خۆی بنوێنێت و ببیسرێت.هەر چەندە ئەوەیان بابەتی ســەرەکی و ناوەڕۆکی ئەو مەبەســتانەمان نیین کە ئێمــە دەمانەوێت ورد لێی بدوێین لەگەڵ ئەوەشــدا ناکــرێ بە جارێک فەرامۆشــیان بکەین،لەبەر ئەوەی هەندێک لەو لایەنانە پەیوەنــدی بەو بۆچوونانەی ئێمەوە هەیە کە دەمانەوێت لەو بابەتەماندا وەک سیماو روخساری شێوازێکی تایبەتی گۆرانی وتنی کوردیی لە جوگرافیاو قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا نیشانیان بدەین...چۆن؟.

ئەگەر هات و بڕوامان بەوە هەبێت کە یەکێک لە ئامانجە ئیســتاتیکییەکانی هونەری گۆرانی و دەنگ و مۆسیقا ژەنین هەوڵدانبێت بۆ سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی ئاکارە رووخــاوەکان و رێک و کۆککردنەوەی ئەو هەســتە پەرتەوازە بووانەی ناخی مــرۆڤ لە چوارچێوەیەکــی رێکخراو بە ئیقاعێکــی دیاریکراو، هەڵبەتە بــەو پێوانەیە بێت دیارە کە میزاج و توانای هزرو هۆشــمەندی مرۆڤ کۆمەڵگا ســەرەتایی ودواکەوت و لە هەڵبژاردن و دەستپێکردن بۆ هاتنە ناو مەیدانەکەوە زیاتر بەو قاڵب و شــێوازانە دەســت پێ دەکەن کە تا ئاستێکی زۆر لە شێوازی بیرکردنەوەیاندا نزیکە،بۆیەش هەمیشــە ڕەگ وریشــەی قووڵی مێژوویین بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی دواتر لە خۆیان، زیاتر کەشوهەوایەکی تەمومژییان

بەسەردا زاڵەو لە گواستنەوەو پاراستنیشیاندا وەک مۆرکێک تایبەتمەندیەکانیان زیاتر پشت بە شێوازی زارەکی دەبەستن نەک (تدوین) کردن.

تۆ تێبینی ئەوە بکە نەک تەنیا هەر کورد تەنانەت زۆربەی میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشی زۆری ئەو میللەتانەی دەوروبەرمان، هەمیشە لە سەرتاوە دەست بەو شێوازانە دەکەن کە زیاتر ڕەهاو سەربەستن لە وتندا پاشان دێنە سەر ئەو شێوازانەی کە پابەندە بە ریتم و ئیقاع و چوارچێوەیەکی دیاریکراوو رێکخراو، هەر ئەوەشە وای کردووە هەمیشە بەستەو گۆرانیەکان لە دوای تەواوبوونی مەقامەکاندا بێنە وتن و سازدان.

بۆیە ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو ئاهەنگ و ئاوازانەی وەفایی و ماملێ بدەین وەک ناوەڕۆک و شێوازی وتن زۆر بە روونی هەست بەو شەقل و تایبەتمەندییانە دەکەین کە دەکرێت وەک ئەو هێڵە روون و ئاشکرایەی جیاکردنەوەی هەردوو شێوازی مەقام و لاوک و حەیران و چڕین ....تاد، لەلایەک و گۆرانی و بەستە فۆلکلۆرییەکان لەلایەکی ترەوە سەیریان بکرێت.هەر لەبەر ئەوەش دەتوانین وەک لەبارترین کەناڵ و نزیکترین زنجیرەی پێوەندی و گواستنەوە لە نێوان مەقام وتن و بەستەو گۆرانی رێکخراو سەیریان بکەین. هەر کاتێکیش بەو قەناعەتە گەیشتین کە دەکرێت ئەو جۆرە دیدو بۆچوونانە لە رووی تیۆری و پراکتیزە کردنەوە بەرجەستە بکرێن و وەک بابەتێکی زیندوو بخرێنە بەرچاو ئەوا بێگومان لەو کاتەدا وەک سیماو روخساری قۆناغێکی دیاریکراوی وتن دێنە پێناسە کردن و ناساندن.مێژووی هونەری مۆسیقا و دەنگ و ئەزموونی میللەتانی دنیاش هەورازو نشێوی زۆربەی لەو جۆرە بابەتانە بەخۆیەوە بینیوەو، قالب و زاراوەکانی (ترو بادورو تروڤیرو مینسنجرو) دەیانی تر کە هەر یەکێکیان لەسەرهەڵدان و گەشەکردن و پەیرەو کردندا زادەی جوگرافیاو قۆناغێکی دیاری کراون. هەر بۆ نموونە مۆسیقازان و زاناکان بەر لە ساڵی (١١٥٠ز) تا ساڵی (١٣٠٠ز) کە دەکاتە زیاتر لە سەدەو نیوێک بە پێوانەی رەزمی مۆسیقاوە خەریکی بوون.ئەو ماوەیەش زۆر ناوی تری لێندراوە کە یەکێکیان (دسکانت–Discntus)ە.

هەندێک جاریش (گۆرانی وتنی رەزمە پێوراویان) پێدەوترێت.

**لەو ڕۆژە کە دوور کەوتەوە سایەت لەسەری من**
**سووتاوە لە تاوت هەموو گیان و جگەری من**

دەقی ئەو هۆنراوەیە یەکێکە لەو ئاهەنگانەی (وەفایی) کە بە دەنگی موحەمەدی مامڵی لە قالبێکی تا رادەیەک ئەدلیب ئامێزو لەســـەر پەیڕەیەکی رۆژهەڵاتی بە مۆرکێکی کوردانەو نزیک لە شــێوازی چڕینی مەقامە کوردییەکان تۆمار کراوە، بەڵام جیاوازە لەوتنی مەقام وەک پێشتر باسمان کرد.

لە نموونەی یەکەم هەوڵدراوە چوارچێوە گشتیەکەی ئەو شێوازە وتنە بخەینە روو، نەوەک هەموو وردەکاریەکانی .

لـــە نموونەی دووەمیشـــدا پـــاش هەزمکردنی شـــێوازی وتنەکـــە و رامان و وردبوونەویەکی قووڵ هەســـتمان بەوە کرد کە لە کێشـــی ناوەوەی ریتم و کۆی گشتی هەرئاهەنگ و شێوازێک لەو شێوازانەدا ئاوازێکی کێشکدارو خاوەن ریتمی تا ئاستێک شارەوە خۆی حەشارداوە.

بۆ یـــە ئەو میلۆدیەی نموونەی دووەم زادەی مـــۆرک و تۆنە دەنگیەکانی ئەو شـــێوازە وتنەیە کە سەردەمانێکی زوو داهێنراوە.... هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو ئاوازو رســـتە میلۆدیانە ، تیشـــکی زێڕین و کانیاوی ئەو سەرچاوانەن کە زۆر پێویستە هەوڵی قوڵترو زیاتریان بۆتەرخان بکرێت.

**نموونەی ژمارە یەک**




**نموونەی ژمارە دوو**





گوێگرتن و هەزمکردنی تەواوی دەقە تۆمار کراوەکەو بەراورد کردنی لەگەڵ ئەو جۆرە هەوڵانەدا زیاتر خزمەت بەو جۆرە بەراوردکردنانە دەکەن و لە بڕواهێنان بە بوونی ئـــەو جۆرە تایبەتمەندیانەمان نزیک دەکەنەوە. کە شـــێوازە وتنێکن جگە لە شـــاری مهاباد لە ناوچەکانی دیکەی کوردســـتان ئاهەنگی لەو چەشنە هەیـــە، وەک چەند ئاهەنگێکی ناوچەی کۆیەو... غەزەلەکانی تەکیەو خانەقانی کوردستان بەگشتی.

**سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە :**

١- دیوانـــی وەفایی لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلـــی قەرەداغی ، لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ساڵی ١٩٧٨.

٢- توێشەبەرەی هونەری ماملێ نووســـین وکۆکردنەوەی سمایلی ماملێ چاپی یەکەم لەچاپکراوەکانی ئەمینداریەتی گشـــتی رۆشـــنبیری ولاوانی ناوچەی کوردســـتان ساڵی ١٩٨٧.

٣- کاسێتی تۆمارکراو بەدەنگی گۆرانیبێژ (محەمەدی ماملێ ).

تێبینی ئەم بابەتە لەژمارە (٣٣)ی گۆڤاری رامان ساڵی (١٩٩٩) بڵاوکراوەتەوە. بەڵام ئەوکات هەردوو نموونە نۆتەکانی لەگەڵدا نەبوو.

## بەڵێ بۆ گۆرانی

((من دان بەوە دادەنێم و پێویستە قێز لە گەلێک بکەمەوە کە گرنگییەکی لە ڕادەبەدەر بە گۆرانییەکانی خۆی دەدات و مۆسیقاکارەکانیش لە پلەیەکی بەرزتر لە فەیلەسووفەکانی دادەنێت، بۆیە مرۆڤ کە لە ناویاندا دەژیت ناچار دەبێت، زۆر وردو جددی تر لە ترسناکترین بابەتی ئەخلاقی باس لە مۆسیقا بکات))
جان جاک رۆسۆ.

راستییەکی حاشا هەڵنەگرە ئەگەر بێژین ئێمەی کورد هەر لە کۆنەوە بەر لە تەقینەوەی ئەو سەرچاوە شعرییانەی شاعیرانی پێشەنگی کورد، بەر لە چەند سەدەیەک، بە سوود وەرگرتن لە تێکستە فۆلکلۆریەکان و ئەو هۆنراوانەی کە بە شێوازێک لە شێوازەکان بە باڵای ئاوازومیلۆدییە فۆلکلۆری و میللەکانەوە براون، قۆناغ بە قۆناغ لە ڕێگەی قورگ و پێکهاتە فەسلەجییەکانەوە بە زمانی شیرینی خۆمان، بە هەموو جۆرە دیالێکت و شێوازەکانی کوردی گۆرانی و مەقام و لاوژەمان چڕیوە..

ئەمە لە کاتێکدا بووە کە تەنیا دیوەخان و تەکیەو خانەقاکان و مەراسیم وبۆنە جۆراوجۆرەکان وکاری ڕۆژانەی مرۆڤی کورد، پێگەو شوێنی سەرەکی بوونە لە بەردەم دەنگ هەڵبڕینی گۆرانی ودەنگبێژی کورددا، هەر بۆیەش زۆر بە ڕوون و ئاشکرا سیماو وێنای ئەو میلۆدی و ئاوازە کۆنانەی جاران، لە باری پۆلێنکردن، لە ڕووی ئیقاع و میانەی دەنگی و نەفەس کورتی ڕستەکانییانەوە، دەناسرێتەوەو تایبەتمەندییەکانی خۆیان رادەگەیەنن، دووریش نییە هەر گۆرانیبێژ خۆی زۆربەی ئەو هۆنراوانەی هۆنیبێتەوە هەر لەم خەرمانە بەربڵاوەشدا کاتێک بەووردی گوێ لەو مەقام و قالبە جیاجیانەی سترانبێژی خۆمان دەگریت کە لەباری کێش و ئیقاعەوە هەندێکیان ئازادو ڕەهاو هەندێکیان (ئەدلیب–Adlib) ئامێز دێنە بەر گوێچکە، ئا لەوێوە ئەو هەژاری و نەفەس کورتییەی بەکارهێنانی تواناکانی دەنگ، لە ئاوازو میلۆدییە فۆلکلۆریەکان، لەلای هونەرمەندو دەگبێژی کورددا لە باری لێکۆڵینەوەو هەڵوەستە کردنی تیۆرییەوە بەلای تۆمارێکی پڕشنگدار وپڕ لە هەڵچوونی هونەرییانەی هونەرێکی بەرزو خاوێن دەشکێنەوە.

هەرلێرەشدا بە دەست خۆت نییە و بەیاساو پێوانەو لۆژێکی دەرککردن بە نهێنییەکانی توانستی بەرجەستە کردنی هونەری دەنگ و ئاواز، ڕەحمەت بۆ

داهێنەران و خاوەنە سەرەتاییەکانی دەنێرێت.
ئەمەیان تا ئێرەو لەلای کەسیش شاراوە نییە کە تەمەنی بەکارهێنای ئامێرەکانی مۆسیقا لە تەک دەنگی دەنگبێژان و سترانبێژانی کوردو بەشێوەی گرووپ، بۆ بیست و سییەکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە–بە تایبەتیش دوای بڵاوبوونەوەی کۆمپانیاکانی تۆمارکردنی دەنگ لە ناوچەکەدا.
به دەرچوونی چەند قوتابییەکی کورد لە سەرەتاو ناوەڕاستی شەستەکاندا لەو پەیمانگە هونەرییەی کە لە دوا ساڵانی پەنجاکان لە بەغدای پایتەختی عێراق دامەزرا، بەتایبەتیش لە شارەکانی کەرکوک و سلێمانی و کۆیە، دواتریش شارۆچکەکانی تری کوردستان، کاری دەستە جەمعی و پێکهێنانی گرووپی مۆسیقا لە کوردستان ڕووی لە زیاد بوون کرد، دواتریش بە کردنەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی لە سەرەتای هەشتاکانداو کردنەوەی هەردوو پەیمانگەی هەولێرو دهۆک، نێوەندەکە چەندین تیپی مۆسیقاو گرووپی تری لە باوەش گرت پێی نایە قۆناغێکی ترەوە کە دەکرێت لەسەر هەر یەک لەم قۆناغانەدا بە وردی لێکۆڵینەوەی هەمە لایەنە ئەنجام بدرێ بۆ زیاتر شۆڕبوونەوە بە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەم وچالاکییانەی هونەرمەندانی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا. ئەوەیان وەک وەبیرهێنانەوەو سەردکردنێکی کورتی بوارەکە.دەگەڕێنەوە سەر تەوەرەی سەرەکی بابەتەکەمان و دەڵێین: مۆسیقاژەنانی کورد بە گشتی ،چ بەتەنیا و چ لە چوارچێوەی ئەم گرووپە مۆسیقایانەدا، هەر لە یەکەم ساتەوەختی کە لە دەروازەی ئەو پەیمانگەو نێوەندە هونەرییانە خزاونەتە گۆڕەپانەکەوە لە زۆر لایەنی تیۆری و زانستییەوە خزمەتییان بە ڕەوشە هونەرییەکە گەیاندووە،بە تایبەتیش ئەو مۆسیقایانەی کە بە باڵای میلۆدییەکانەوە بڕاون جا چ بە ئامادەکردنەوەو پێشەکی ولەزمەکان بێ، چ بە بەکارهێنانی دابەشکردنی چەند دەنگی ئامێرەکان و بەرجەستەکردنی هەندێ زاراوەی تری هونەری ژەنین بێ، وەک فۆرتێ و پیانۆو کریشاندۆو دۆمیناندۆ و بەرجەستەکردنی یتایبەتمەندی ئامێرەکان و......هتد.
بەهەر حاڵ هەڵوەستەکردنی هەمەلایەنە و، هەڵسەنگاندنی کارەهونەریەکانی ئەو قۆناغانە پێویستیان بە دەیان لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی هەمەجۆر هەیە. ئەوەشیان دیارە تەنیا بە هەوڵی تاکە کەسی و نووسینی چەند بابەتێک ناگاتە

لێواری دڵنیا بوون و یەکلا بوونەوە.

بــە کورتی هەڵپەی بە پیــرەوە چوون و خۆ تەرخان کردن بــۆ میتۆدو تیۆرە زانستییەکان و دواتر تێڕوانین بە چاو و هزری لاساییکردنەوەو دوورکەوتنەوەو دابڕان لە زایەڵەی ڕۆحی ئاوازو دەنگە خۆماڵییەکان، ڕەنگە زۆر جاران بووبێت بــە جۆرێک لە چاولێکەری و ڕیایی لە نێوەندەکەدا، ئەو بارەشــی وای کردووە ئەو برا هونەرمەندو مۆســیقاژەنانەی کە دەچنە ئەو خانەیەوە، لە جیاتی سوود بەخشین بە هونەری نەتەوەکەیان،کەچی تێڕوانینێکی نێگەتیڤ و نا دروست بۆ کەرستە خۆماڵییەکەی هونەری گۆرانی و ئاوازی کوردی دەوروژێنن و بە پێوانەی حــەزو خولیا ناکاملەکانی خۆیانەوە لە کێشــە هونەرییەکانی هونەری ئاوازو دەنگ دەڕوانن.

ئێمە پێمان وایە ئەگەر هەر جۆرە گۆڕانکاری و پێشــڤەچوونێک لێرەو لەوێ کە لە بونیادو پێکهاتەی گۆرانی و ئاوازی کوردی هاتبێتە ئاراوە بۆ ئەو هونەرمەندە مۆســیقاژەنانە دەگەڕێتەوە کە لە پشــتەوەی پێگەیاندنــی دەیان دەنگخۆش و گۆرانبێژی کوردەوە بووینەو هەمیشــە بەر لە ئەنجامدانی کارەکانیان شــەونخوونی و هیلاکیان چێشــتووە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشــەوە بەهەمان شــێوە ئەو لاســانگییەش لە کەم بایەخی و تێڕوانین بۆ هونەری گۆرانی و دەنگ، بە پلەی یەکەم بۆ خودی ئەو بەڕێزانە دەگێڕینەوە کە جلەوی ئەو نێوەندەیان بەدەستەوە بووە، ئەمە جگە لەوەی تابە ئەمڕۆش دەگات تاک و زۆرینەی ئەوبوارە هەرگیز نەپڕژاونەتە ســەر ئەوەی بیر لە فەلســەفە و وەزیفەی ئەو هونەرە بکەینەوەو چەند ســاتێک لەگەڵ خۆمان بدوێین وپرسیار لە خۆمان بکەین: کە ئایا بە کام ئاراستە هەنگاو بنێین؟

ســەیرە لە خودا بە زیاد بێ لەزۆرلاوە، مۆســیقا ژەنی کورد هەنگاوی باشی ناوە لە بوارەکانی دانانی مۆســیقا و ،دابەشــکردنی هارمۆنی و بەدەستهێنانی دەیان بڕوانامــەی بەرز بەرز لە بوارە جیاجیاکانی ئــەم هونەرە ،کەچی تاکو ئێســتا زۆربەمان کە باس لەو هونەرە دەکەین دەڵێین: (گۆرانی و مۆســیقا) لە کاتێکدا دەمێکە ئەو ڕاستییە ساغ بۆتەوە کە ئەو دەنگەی (واتە ئەوتۆنەی) کە لە ئامێریکی مۆسیقاوە دەردەچێ، لە بنچینەدا جیاوازە لەگەڵ ئەو دەنگەی کە لە گۆ کردن و دەربڕینی وشەو پیتەکانی قوڕگ و زمانەوە دەردەچێ!!

ئێمە لە کۆتایی ئـــەم چەند دێڕەدا جارێکی تر دەڵێین! بەڵێ بۆ گۆرانی چونکە هەمیشـــە لە یەک کاتدا کۆمەڵێـــک پێکهاتەی ماددی و مەعنەوی و فەســـلەجی بەیەکـــەوە لەناو یەکتـــردا دەتوێنەوە بۆ خوڵقاندنی ئەم هونەرەو بەرجەســـتە بوونی.

کارێکیش بەو شێوەیە بێ بێگومان هەناسەی کاریگەری و ڕەهەندەکانی گەلێک قووڵتر و هەمەلایەنتر دەبێت، لەو ڕستەو تۆنە مۆسیقاییانەی ئامێرەکانی مۆسیقا کە ڕەنگە گوتاری ئیســـتێتیکاو پەیامەکەی ئاڵۆزو بڵاوتر بێ و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بێ.

**لەژمارە(٦٤)ی گۆڤاری رامان – ساڵی ٢٠٠١ بڵاوکراوەتەوە.**

## دوێنێ لە دەقی هۆنراوەو ئاوازەکاندا

هونەری گۆرانی فۆلکلۆری ومیللی میللەتان بەگشـتی خاوەنی شەقڵ و مۆرکی نەتەوەیی و نیشتمانی تایبەت بە خۆیانن، کە لە دەرەنجامی پرۆسەیەکی ژیاری درێژخایەندا لەگەڵ یەکەی سـاتە ناسک و دژوارەکانی کۆمەڵگەدا دەستە ملانەو ئاوێتەی یەکتر بووینە، ئەو جۆرە لە ئاوێتە بوون و تێکەڵاوبوون هەمیشـە لە ڕوح و گیاندا بەدی دەکرێت.

دیارە هەنگاوەکانی بەرەو پێشـەوەچوونی کۆمەڵ و هەوڵـە گۆڕانکاییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیش، کە پابەندە بە گەڵێک بواری دیکەی تاک و کۆی ژیانی میللەتان، بەردەوام لەگەڵ خۆییدا لە هاوکێشەیەکی یەکساندا، توانای هەبووەو هەیە کار بکاتە سـەرمیزاج وتێکرای هەستە شاراوەکانی ناوەوەو دەرەوەی تاک و کۆی ئـەو کۆمەڵگایانە، ئاواش لە تەواوی بوارەکانـی ئەدەبی و هونەری و مەعریفیـدا ڕەنگ بدەنـەوەو دووبارەو نزیکتر لەهەر شـێوازێکی تری گەیاندن و گواسـتنەوە ببن بە ئاوێنەی خۆناسـینەوەو تۆمارێکی زیندووی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلان.

فۆلکلـۆرو هونەری میللی کوردیش بەشـێکی گرنگی ئەو ناسـنامە نەتەوەیی ونیشـتمانیەی مرۆڤی کوردە، بۆیەش دوژمنـان و داگیرکەرانی خاک و عەقلی کوردان هەمیشـە هەوڵی خستنە خانەی گومان و سـڕینەوەی یەکجارەکیان بۆ داوە.

چاو خشانێکی خێرا بە مێژووی میللەتانی دونیا زیاترو ڕوونتر گرنگی هەمەلایەنەی کۆکردنەوەو سـاغکردنەوەی ئەو بوارە هونەریەمان بۆ دەردەخات، چونکە ئەوان دەمێکە قووڵیان لێ هەڵماڵیوەو دەستیان کردووە بەکۆکردنەوەو ساغکردنەوەیان و بیرو بۆچوونی تایبەتیان هەیەلە توێژینەوەیاندا ، لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆلینەوەو سـاغکردنەوە بە پێوەرێکی مەنهەجیانەو زانسـتیانە لەم بـوارەدا بۆ کۆتایی سـەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە: هەوڵە سەرەتاییەکان لەمەڕ کۆکردنەوەی هۆنراوەی گۆرانی کۆن و لێکۆڵینەوەی گۆرانی میللی سەرەتا لە ئینگلستانەوە دەستی پێکرد، بۆ ئەم مەبەستەش (ماک ڤرسون)لە سـاڵی (١٦٧٠) چەند گۆرانیەکی کۆنی کۆکردنەوەو توێژینەوەی لەسەریان کرد، هەروا شاعیری ئەلمانی (هردر) لە ساڵی (١٧٧٦) دەستی کرد بە کۆکردنەوەی ئەو

گۆرانیانەی کە تام و چێژو مۆرکی گەلی ئەلمانیای پێوە دیارە، (نبراش)ی زانای رووســـیش لە ساڵی (١٧٩٠) دەستی دایە کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی ئەو گۆرانیە روسیانەی کە گوزارشت لە واقعی گەلی رووس دەکەن و مۆرکی گۆرانی رووسیان پێوە دیارە،دوابەدوای ئەو هەوڵانە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم گەلێک زاناو لێکۆڵەرەوەی تری وەک (کلمینر برنتانو) و (ئاخیم فون ئەرنیم) و (باســـوف) و (شین) و (ئەلبرنس لویس نابلیون) و .....هتد. بەردەوام و بێ پسانەوە درێژەیان بەو هەنگاوانەی ئەو بوارە داوە.

ئاشـــکرایە خەرمانی گرانبەهاو دەفتەری پڕ شـــانازی مێژووی هونەری گۆرانی فۆلکلۆری و میللی کوردیشمان لە هەگبەی خۆیدا بە دەیان و سەدان دەق وبابەتی رەنگرێژکراوی بە ئەمانەتەوە لەدوو توێی هۆنراوەو ئیقاع و میلۆدیە سادەکانیدا حەشـــار داوە،کە بە نموونەیەکی زیندووی نیشاندانی ئاستی چێژو جوانناسی و بیرکردنەوەی خەڵک و خوای ئەو دەڤەرە دەژمێردرێن . بۆ گەڕان و ساغکردنەوەی ئەو هەموو دەق و ئاوازە فۆلکلۆری و میللیانەشـــمان، ســـەرەڕای هەوڵی چەند مێژوونووس و رۆژهەلات ناس و خەڵکی پســـپۆر، هەوڵی تاکەکەســـی دراوە کە شـــایەنی رێزو پێزانینە، برای ئەدیب و نووســـەری نـــاودار (محمود زامدار) لە پەراوێـــزە مێژووییەکەیدا دەروازەیەک بۆ ئاوازو گۆرانـــی کوردی زۆر بە چڕی لیســـتێکی بە ناوی ئەو زاتانە بلاوکردۆتەوەو ئامـــاژەی بە هەوڵەکانیان داوە، ئەوە جگە لە چەند هەوڵێکی ئەم چەند ســـاڵەی دووایی، بەڵام زۆر بەراشکاوی دەڵێن: پێویســـتە ئەوە لەبیر نەکرێت کە ئەو هەموو هەوڵانە بەگشتی لە ئاستی ئەو حەشـــاماتە بێ ســـنوورەی دەوڵەمەندی هونەری گۆرانی فۆلکلۆری و میللی کوردیماندا نیین...!

هـــەر هەوڵێکی تازەش بە ئاقاری لێکۆڵینەوەی زانســـتیانە لەو بوارەدا دەبێت پشـــت بەو ســـەرچاوە زیندووانە ببەســـتێت کە ڕاســـتەوخۆ بەندن بە کەرستە زیندووەکانی ئەو هونەرەوە کە بە پلەی یەکەم تۆمارە دەنگیەکانی هونەرمەندانی ئەو بوارە دەگرێتەوە چونکە وشـــە بێ گیانەکانی ئـــەو دەقە فۆلکلۆریانە بەبێ دەستنیشـــانکردنی ئیقاع و ئاوازو توخمە جۆراوجۆرەکانی هەمیشە دەرگایەکی کراوەن لەبەردەم تەفسیرکردن و شـــیکردنەوەی نادروست وجۆراوجۆردا، بۆیە ئەو جۆرە هەوڵانە پێویستیان بە هاوئاهەنگی هەمەلایەنە هەیە لە نێوان خودی

هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و دەزگاکانی تری کەلتووری و ڕۆشنبیرییەوە.
لەودەروازیەوە بە باشـــمانزانی دەقی هۆنـــراوەو ئاوازێکی میللی بڵاوبکەینەوە کە لە ساڵی (١٩٧٠) بە دەنگی گۆرانیبێژ (محمد ماملێ) تۆمارکراوە، وا پێ دەچێت (سلێمان شاوەلی) شاعیربۆهۆنینەوەی هۆنراوەکە سوودی لە دەقە فۆلکلۆریەکەی (ڕاو) وەرگرتبێت!!، کە دەڵێت:-

**هەڕاوە ڕاوە**
**راو لە بنەی پردێ یە**
**هەسپان زین و لغاو کەن**
**تاژی ناوی سورمێ یە**
**بریانم تیمار کەن**
**بە دەستی یار عەیشێ یە .....هتد**

گەر بێت و گوێ بۆ ئیقاع و ڕێڕەوی میلۆدی ئەو ئاوازە شلبکەیت، وا هەست دەکەیت کە لە دەمەو ئێوارەیەکی درەنگدا سواری سەرپشتی ئەسپە شێ بوویت و لغاوە کەیت بە دەستەوەیەو بە نەرمە غارێک لەو دۆڵ و دەشتەدا ئەڕۆیت بەڕێوەو چوار دەوریشت بە چەند ســـوارێکی دیکەو یەک دوو تاژی مل بەقەلێتە تەنراوە، دم و تەکی ئیقاعی ئاوازەکەو شەقەشەقەی ژێر پێی سواران لەگەڵ هاتەهاتی سواراندا بووە بە جوانترین سەردو گێڕانەوە بۆ ئەو ساتە مێژوویانەو هەر دەڵێی بەڕاستی خۆت ڕاو چیت و ئەسپت تاو داوە.
دیارە نزیکی ئاوازەکەی ماملێ لە ئاوازە فۆلکلۆریە کوردیەکان و تێکهەڵکێشکردنی ناوەڕۆکی هۆنراوەکە، لەگەڵ دەقە فۆلکلۆریەکەدا، زیاتر بۆتە مایەی ڕەسەنایەتی ئاوازەکەو گۆرانیەکەشی خستۆتە خانەی بابەتێکی میللیەوە، ئەوەی خوارەوەش دەقی چەند کۆپلەیەکی هۆنراوەکەیە، لەگەڵ نۆتەی میلۆدی ئاوازەکە:-

**ڕاوچیان ڕاوە، ئەی چ ڕاوە**
**ئەی ڕاو لە دەشتی لاجانێ**
**ئسپان زین کەن، ئەی لەغاوان**
**ئەی تاجیان بەرنە سەر لانێ**
**ئای سەفێ سواران چەند جوانن**
**ئای لەبەر ماڵی ماشکانێ**
*******

راوچیان راوه، ئەی چ راوه
ئەی راو گەیشتە بارزینی
ئەسپان زین کەن، ئەی لەغاوان
ئەی خۆ باوێنە سەر زینی
ئای وەرن سەیری تاجیان کەن
ئای لەگەڵ کەروێشکە شینی
***
ڕاوچیان ڕاوه، ئەی چ راوه
ئەی نۆبەی ڕاوی دەشتێ یە
سەر ڕاو زۆر چاک بڕوانە
ئەی ئەوە لانی شەوێیە
سەری ئەسپت لەپێش بێ
با پاش راو نەکا لەو جێیە




**سوود لەو سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- دەروازەیـــەک بۆئاوازو گۆرانی کوردی، نووســینی(مەحمود زامدار )بەغدا دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ساڵی ١٩٨٠.

٢- توێشەبەرەی هونەری مامڵێ نووسین و ئامادەکردنی (سمایلی مامڵێ ) ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری ولاوانی ناوچەی کوردستان، ساڵی ١٩٨٨.

**ئەو بابەتە لەژمـــارە (١١٦) ی گۆڤاری کاروان ســـاڵی ١٩٩٨بڵاوکراوەتەوە بەڵام بەبێ نۆتەی میلۆدیەکە.**

## چەند پەیڤێک بۆ مێژووو، زمان، ستران ، ئاوازو دەنگ

هونەر گەر خۆی پەرێشانی نەبایە لەم وڵاتـەدا
بەشی من بۆ دەبوو چارەڕەشی و خانە خەرابی با
لـە کوێ ماڵی من و تۆ وا دەبوو ئـەی خۆ پەرست
لا ئەگەر دنیا ئوسوول و قاعیدەو نەزم و حسابی با

(هێمن)

ڕۆچـــوون و گەڕانەوە بۆ قوڵایی مێژووی ئەو ســەچاوانەی کە کەرســتەو ئامرازی ســەرەکین لە پێکهاتەو ناســنامەی هەر بوارێکی ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتیدا، مەرجی لە پێشــینەو سەرەکین بۆ ســەرکەوتنی هەر نووسین و لێکۆلینەوەیەک کە لە بنچینەدا خوازیاری هەڵگری گوتارێک بێت بڕواو متمانەی خواســتە زانســتی و مەعریفیەکان لە چوارچێوەو قالبێکــی ئەکادمییانەوە بە خوێنەر بگەیەنێت.

هەر لەو پێودانگەشدا پێمان وایە ئێمەی کورد لە زۆر بواری رۆشنبیری وهونەریدا پێویســتیمان بە خۆداچوونەوەو خوێندنەوەی هەمەجۆرو تازە هەیە، کە لەبەر هۆکارێکی جۆراوجۆر تاکو ئێستا نەتوانراوە لەژێر رۆشنایی میتۆدێکی زانستیدا بە عەقلییەتێکی سەردەمانە وەکو پێویست لەو بوارانە بدوێین و، بەوردی لەسەر هەموو لایەنەکانیان بوەستین.

یەکێک لەو بوارە هونەرییانەش هونەری ســترانبێژی و دەنگخۆشی و پەیڤینی شــیعرە...... کە بەداخەوە تا ڕۆژی ئەمرۆ نەک تەنیا لەلای جەماوەر ســادەو ساکارە بەرفراوانەکەی ئەو بوارەدا، بگرە لەلای خودی زۆربەی ئەو هونەرمەندە بەڕێزانــەی کە لەو بوارەدا خزمەت دەکەن لــە هەمبەر ئەو هونەرە و تێڕوانینی وورد لــە وەزیفەو کار وکاردانەوەی کۆمەڵێک چەمک و دەســتەواژەی تێکەڵ و پێکەڵ و نادروست بەکار دەهێنرێت.جگە لەوەش لە دەستنیشانکردنی شێوازەکانی ئاراستەکردن و مامەڵە کردن لەگەڵیدا زۆر بابەتی گرنگ و پەیوەست بە ئایندەی چێژو بیرکردنەوەو زمان و ......هتد لە نێوان کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەسەڵات و هونەرمەندان و کۆمەڵگادا، بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوەو، هەتا دێت دەرکردن و

هەزمکردن بەو حاڵەتە ڕوو لە کزی دەکات و باری ئایندەشمان قورستر دەکات.
مێژوونووسـان و لێکۆڵەرەوەکان دەمێکە ئەو ڕاستییەیان بۆ ساغبۆتەوە کە هونەری گۆرانی وتن و دەنگبێژی ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییەوە بە دەسـتپێک و سەرەتای سەرهەڵدان و هاتنە کایەوەی هونەری مۆسـیقا دەژمێردرێت، بەڵام سالانێکە لەلای زۆربەی میللەتە خوداپێداوەکانی جیهانـدا ئەو هونەرە لەبەر پێشـکەوتن و بەرفراوان بوونی لە قاڵب و شێوازەکانی بووە بەشێک و لایەنێکی سەربەخۆ لە جیهانی هونەری مۆسیقادا.
ئێمەی کوردیش لەبەرئەوەی سەرچاوەیەکی ڕوون وئاشکرا و دیاریکراومان نییە تاکو دروست سەرەتاو دەستپێکی مێژووی ئەو بوارە هونەرییەمان بۆ دەستنیشان بکات.بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا سادەو ساکاری خودی ئاوازە فۆلکلۆریەکان و سیما تایبەتیەکان کێشی شیعری و ڕیتمی ئاهەنگ و ئاوازە کوردییەکان لە تەواوی شـێوازو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا ڕەنگی داوەتـەوەو ،گەواهێکی تری ئەو ڕاسـتییانەن کە سـەردەمانێکی دوورو درێژە مرۆڤی کوردیش بە زمانی دایکزای خۆی دەنگی ناخی هەڵبڕیوەو گۆرانی دەچڕێت.
دیارە دوای سـالانێکی دوورو درێژی کۆڕی تەکیەو خانەقا و بەزمی دیوەخانان و، ئاهەنگ و زەماوەندی سـەیرانگاکان و، گەرەلاوژەی ئێـواران و،گۆرانی ووتن لەگەڵ پیشـەی ڕۆژانەدا،ئەم کاروانە درێژەی کێشاوە... تاکو سەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی بڵاوبوونەوەی دەزگاو ئامێرەکانی تۆمارکردن دەرفەت لەبەردەم گۆرانیبێژی کوردیش ڕەخسا ئاوازو ئاهەنگەکانیان بۆ نەوەی دوای خۆیان تۆمار بکەن.
هەر لێرەوەش دەتوانین لەپێناو پێناسەکردن و بەزانستی ناساندنی ئەو هونەرەی گەلەکەمان ئەو بەرهەم و گۆرانییە تۆمارکراوانەی هونەرمەندانی وەک مامۆستا عزیز شـارۆخ و، بەر لە بەرێزییان بەسامان و گەوهەری درەوشاوەی حازر بە دەست ناوزەد بکەین،بۆ هەر بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەک کە دەزگاو ناوەندی تایبەتمەند لە چواچێوەی زانستی ئەتنۆمۆسیقالۆژیدا پێی هەڵبستێت.
کەوابێ نەوەی یەکەمی بەر لە مامۆستا (شارۆخ)ی وەک هونەرمەندانی: (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و حەمدیە فەندی و مەلا کەریم و حەسەن جەزراوی و مریەم خان و حەسـەن زیرەک و ڕەسول گەردی و محەمەد شێخۆ و، ئەوانی تر)

کە گۆرانی و بەرهەمە تۆمارکراوەکانیان تاکو ئێستا لە ئەرشیفی هونەرمەندان و هونەردۆستان و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کوردستان و دەرەوە پارێزراون بەشێکی گەورەی ئەو سامانە نیشتیمانی نەتەوەییەی گەلەکەمانن و گرنگی پێدانیان ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی گەورەن بۆ ئایندەی ئەو بوارە هونەریەمان.

ئەمە جگە لەوەی ئەم گۆرانی و بەرهەمە بەپێزانە نموونەیەکی بەرزی کەرەستەو پێداویستیەکانی ئەو تاقیگە دەنگیانەن کە دەمێکە میللەتانی پێشکەوتوو لەپێناو دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیەکانی یەکە بچووکەکانی پێکهاتەی زمان لەکاتی گۆکردن و بە ئاواز گوتندا یەکلاکردنەوەی گەلێک بابەتی تری پەیوەست بەزمان وەک دیاردەیەکی زیندوو لە ژیانی ڕۆژانەی میللەتاندا ئەنجامیان دراوە.

ئەو تێکهەڵکێش بوونەی نێوان زمان و هونەری سترانیش لەوەوە دێت لە زۆر ڕووەوە چوونیەک و تەبان، لە سەرچاوەکانی خوڵقاندن و دەربڕین و وەرگرتن و بەخشینەوەی ئەو ئامرازو ئەندامانەی فەسلەجی لەشی مرۆڤەوە.

ئەوچوونە ناویەک و تێهەڵکێش بوونەش وەک شارەزایان ئاماژەی پێ دەکەن بە رۆژانی یەکەمی ژیانی مرۆڤەوە بەندە تا دوا چرکەکانی ژیانیش لەگەڵی بەردوام دەبێت.

هەڵبەتە کە باس لە هونەر دەکرێت وەک سەلیقە و توانا لای مرۆڤی بەهرەمەند، دەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێ کە باس لە چێژو ستاتیکای جوانناسیدا دەکەین و ناکرێ بەدوور لەو کۆمەڵە هەستەوەرانە لەو بابەتانە بدوێن کە بەرپرسی ڕستەوخۆ و سەرەکین لە وەرگرتن و نەشونماکردنی ئەو کارو چالاکیانەی کە جۆرێک لە چێژ لەلای مرۆڤ دەخوڵقێنن.ئەمانیش لەلای خۆیانەوە دەیبەخشنەوە بۆ هەمان ئەو سەرچاوانەی کە پاڵنەری سەرەکین بۆ تەقاندنەوە و ئەفراندن و سوود وەرگرتن لێیان.

کەوابێ هیچ گومان لەودا نامێنێ کە هونەرمەندان و دەنگخۆشانی خۆمان قۆناغ بە قۆناغ لە ئاستی جیاجیادا لەڕووی سایکۆلۆژیەوە رۆڵێکی مەزن و کەم وێنەیان هەبووەو دەبێ لە بەرجەستەکردن و بونیاتنانی مەودای یەک پارچەیی خۆشەویستی و نزیکبوونەوە لەناخی یەکتر، وەک یەک نەتەوە هاونیشتمانی یەک وڵات....بۆیە ئەو هونەرمەندە خاوەن ئەزموونانەی وەک مامۆستا شارۆخی کە لە پانتایی مێژووی چێژو گۆشکردنی زمانی کوردیدا جەماوەرێکی پان و بەرینیان

لە دەوری ستران و ئاوازی کوردیدا کۆکردۆتەوە....وەک ئەو پۆلە مەلانەن کە لە ئاسمانی بێ ڕەهاو بێ سنووری خۆشەویستدا لە کەیف و سەفای پێشوازی کردنی وەرزی نوێ و تازەدا کەڤالّی هەمەڕەنگ و ئالّ و والاّمان بۆ دروست دەکەن.

بەلّێ بەر لەوەی لەم دەڤەرە ئازادەی ئێمەدا تەوقی ژێر دەستی بشکێت-لە زۆر شــوێنی وڵاتەکەماندا دەیان دەنگی ڕەســەن و پڕ سۆزی وەک شارۆخی پەیڤ و دەقە شیعرییەکانی شــاعیرە بوێرو زمان پاراوەکانی میللەتەکەمانیان ئاوێزانی میلۆدی و ریتمە سەرکێشــەکان دەکرد و ئەو ســاتانەی کە هێشــتا دوژمنان و داگیرکەرانی وڵات لە حەوت باری خەواندا بوون ئەوان پەیامی چوارچرا و ئاگری داغ و دەرسیم و دەربەندی بازیانیان بە مەکۆی بەردەوامی نەمرانیان دەگەیاندو، شەپۆل ئاســا وەک شنەبا لە ڕێگەی ســروودو ئاوازەکانیاندا لە ئاسمانی نیشتمان و دەروونــی هاوڵاتیانی یەک نەتــەوەدا بۆ هەتوانی برین و زامەکان و شــیرینی پەیامی سەرکەوتنیان دەگێڕایەوە.

هونەرمەند (عزیزی شــارۆخی) یەکێکە لەو دەنگانەی کە ســاڵانێکە لە ڕێگەی دەنگە ناســک و پڕ لە جوولەکــەی بۆتە خیوەت و هێمایــەی دیارو بەچاو بۆ بەستنەوەی حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤی کورد و ، بەلەرەی شەپۆلە دەنگییەکانی پڕ لە پەیام و وشەی جوان، پێکەنینی گاڵتەئامێزو تۆقێنەری بە گوێچکەی خاوەن مەرزە سەپێندراوەکاندا چرپاندووە.

هونەرمەند شــارۆخی لە ڕووی زانســتی مۆســیقاو دەنگەوە-خودان دەنگێکی پیاوانــەی دەگمەنە کە لەنێو چین و کۆمەڵە دەنگیەکاندا بە (تینۆری یەکەم) ناو دەبرێ واتە دەنگی باریک و تیژی پیاوان. بۆیەش گەر ســەرنج بدەینە زۆربەی ئەو گۆرانی و میلۆدیانەی شارۆخی و تویەتی و تۆماری کردووە زۆربەیان تۆنی بنچینە و بنیادنراویان بریتییە لە (سی،دۆ،ڕێ) لەسەر کلیلی سۆل).

هونەرمەند شــارۆخی هەمیشــە وەک ئەو توانا دەنگییە ســەرکەوتووانە دێتە بیســتن لەبەرئەوەی لەسەر چوون و دابەزینی میانە دەنگیەکاندا خاوەن تواناو جیهانێکــی بەرفراوان و ســەربەخۆیەو، وەک شــارەزایەکی ڕاهاتوو لە نێوان تۆنەگرو تیژەکانی پلیکانەی مۆســیقادا یاری و گەمــەی جوانکاری و بزوێن بە پەیامی وشە و دێرە شیعرییەکان دەدات.

ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە شارۆخی هەم لە پێکهاتەی پلە بەرزیەکەی دەنگ و

هەمیشە لە شوێن پێ هەڵگرتنی شێوازی گۆکردن.لە گوشین و دەربڕینی فۆنەتیکی فۆنیمەکانی وشـەدا تا ئاسـتێکی زۆر لە هونەرمەندان سـەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و ڕەشۆل عەبدوڵلاوە نزیکە.

جگە لەمانە وەک لـە بەرهەمە تۆمارکراوەکانی هونەرمەند دیارە.شـارۆخی هەوڵـی داوە سـوود لە میلـۆدی زۆربەی شـێوازەکانی ناوچـە جیاجیاکانی کوردسـتان وەربگرێ و بە شـێوازی خۆی بیانڵێتەوە....ئـەو حالەتەش زیاتر دەروازەی بەرفراوانی لەبەردەم مامۆسـتا شارۆخی والا کردوەو ،.هەموو خەڵکی کوردسـتان بە هونەرەکەی خۆی ئاشنا کرد.لە کۆتاییدا دەڵێین خۆزگە چاپکردن و بڵاوکردنـەوەی فەرهەنگێکی تایبەت بە کورتەیەک لـە ژیان و میلۆدییەکانی هەریەک لەو هونەرمەندانەی خۆمان کە خزمەتی بەرچاویان لەو بوارەدا کردووە. دەبوو بەپرۆژەیەکی نیشـتمانی و نەتەوەیی بۆ ئاییندەی ئەو بوراە هونەرییە و تاکو لە سـەرجەم مەڵبەندە رۆشـنبیری و هونەرییەکاندا وەک سەرچاوەیەکی یەکگرتوو هەموو نەوەکانی میللەتەکەمان سوودیان لێ وەردەگرت.

**ئەم بابەتە لە کتێبی (تۆ دەریامی) بڵاوکراوەتەوە کە تایبەتە بەژیان و هونەری هونەرمەندی دەنگ زولال عەزیز شـارۆخی، سـاڵی ٢٠٠٤ لـە دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس چاپکراوە.**

## پاراستنی مافی هونەرمەند

گومان لەوەدا نییە رەوشی پێشووەچوونی هەمەلایەنەو گشتگیری هەر بوارێک لە بوارەکانی هونەریی لە هەرکۆمەڵگایەکدا لە هەموو هەورازو نشێوەکانیدا، لە باری ئەرێنی و نەرێنیەوە هەرگیز دابڕاو نەبووەو نابێت لەو قۆناغ و ئاراستە جیا جیایانەی پێگەیشتن و هۆشیاری یاسایی و کاری دامەزراوەیی دامودەزگاکانی ئەوکۆمەڵگە. بۆیە بە بڕوای ئێمە لاوازی و کەم ئەزموونی و دەرکنەکردنی دروست و بگرە بە پاشکۆ بوونی ژیانی هونەریی لە نێوەندی هونەری کوردیدا بەشی شێرو گەورەکەی پەیوەستە بە ئەو ئاست و سروشتەی کە لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێیدا. بە مانایەکی دیکە تاکی هونەرمەندی کورد سەرەڕای هەموو تایبەتمەندیەکانی خۆی وەک مرۆڤێکی هەستیارو پڕ جوولە، بە تێڕوانینە گشتگیریەکە هێشتا هەروەک و چین و توێژو نێوەندێکی ئاسایی ئەو کۆمەڵگایە ژیان بەڕێ دەکات و هەوڵی جددی نەداوە لە بوارەکانی دیکە خێراتر و جوانتر و تۆکمەتر، کاروبارە هونەرییەکانی خۆیان بە قۆناغ و ئاستێکی وا بگەیەنن، لە دەرەوەی خۆیان ئیرەییان پێ ببەن و هەم شانازیان پێوە بکەن!!!.

ئەوەش لە کاتێکدایە لە کوردستانی خۆمان تاکو بەر لە چەند مانگێک نەبێت، ئەگەر نا هەر لە سەرەتای ڕاپەرینەوە خودا نەی بڕێت لە جیاتی یەک سەندیکاو ڕێکخراو خاوەنی دووان بووین ...!! کەچی پاش ئەو هەموو مێژووەو سەروەرییەکانیان ماوەیەکە لێرەو لەوێ گوێ بیستی پرۆژەو هەوڵی تاک تاکەی ئەملاو ئەولا دەبین بۆ داڕشتنی یاسایەک بۆ بەرگریکردن لە مافی هونەرمەندان........!!!!. لە کاتێکدا ئەو جۆرە پرۆژەو یاسایانە کارێکی ئاسایی و چڕوپڕو هەمەلایەنەی گەرەکە ، ئەقڵ قبوڵی ناکات بە هەوڵی چەند تاکێک لە ژینگەیەکی کەم ئەزموون لەباری یاساییەوە ،پڕۆژەیەکی توکمەو شایستە بە داهاتوو لە دایک ببێت.

ئێمە لەو چەند دێرەدا کە هەڵوێستێکی ئاوا دەردەبڕین هیچ نکوڵی لە دڵسۆزی و ماندووبوونی هونەرمەندانی خۆمان ناکەین کە بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن، بەڵام دیارە ئەو هەڵوێستەی ئێمەش لە خۆوە نەهاتووەو بێ بنەما نییە و نەهاتووین لەخۆڕا (گوێز لە بەڕکی خۆمان بژمێرین).

ماوەیەک بەر لە ئێستا یەکێ لەو سەرچاوە یاساییانەی میللەتە خوا پێداوەکانی

ئەو بوارەم هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکرد، لەژێر ناوی (حقوق فنان) سەر لەبەری ئەو کتێبە هەروەک لە ناونیشانەکەی دەردەکەوێت بۆ ساغکردنەوەو لێکۆلینەوەو بەراووردکاری نێوان کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە هونەرمەندانی جێبەجێ کار تەرخانکراوە.

مرۆڤ بە دەست خۆی نییە هەر چەند ناوەڕۆک و وردەکارییە یاساییەکانی نێو ئەو جۆرە سەرچاوانەی بۆ ساغ دەبێتەوە ئاخ و حەسرەت بۆ حاڵی ئەو نێوەندە هونەرییەی لای خۆمان هەڵدەکێشێت و، هیچ پێوانەیەک شک نابەی لە نێوان حاڵی ناحاڵی و دەست بەتاڵی خۆمان و ئەو هەموو هەوڵە یاسایی و ڕێککەوتنامانەو سەرچاوە وردانەی ئەوان بۆ ساغکردنەوەی مافەکانی هونەرمەندان و دەستەبەر کردنیان. ئەگەر بەوردی سەیری ئەو هەموو بڕگە یاساییانەی وڵاتانی وەک فەرەنساو ئیتاڵیاو ئەڵمانیاو فینلەنداو ئیسرائیل و بەلجیکاو ئیسپانیاو میسرو لوبنان و جەزائیرو ........تاد بکەیت، کە بۆ جیاکردنەوەو دەستەبەر کردنی مافەکانی هونەرمەندانی دانەر واتە (مؤلفین) بە گشتی و تاکی هونەرمەندی جێبەجێ کار دایان ڕشتووە ئینجا دەزانیت حاڵی یاسایی و دەستەبەرکردنی مافەکانی هونەرمەند لەلای خۆمان چەندە هەژارو بێ خاوەنی پێوە دیارە!!!؟؟؟.

**تێبینی/ مەبەست لە هونەرمەندی جێبەجێکار (ئەکتەری ژنیاری بەتەنیا، ئەداکاران و خاوەن مافەکانی دیکەی نزیک لە دانەرە).**

## پاراستنی مافەکان

دوورنییە خەڵکانێکی زۆری وەک ئێمە مانان بەبڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەلبوومی تازەی گۆرانیبێژی دەنگ خۆش زەکەریا عەبدوڵلا دڵخۆش بووبن . رەنگە زیاتریش ناوەڕۆک وشێوازی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لە میدیا ناوخۆییەکانی کوردستاندا ڕۆڵی زەقکردنەوەی هەواڵەکەی بینیبێ ، بەوەی لە بانگەشەکەدا هاتووە کەمافی بڵاوکردنەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان پارێزراوە..... دیارە ئەو هەنگاوەی حکومەتی هەرێم لەو بوارەدا جێگای ڕێزو پێزانینەو جۆرێکە لە بەپیروەهاتنی خەون وخواستە رەواکانی هونەرمەندانی کوردستان.

بەڵام ئەوەی زیاتر ئەو جۆرە هەنگاوانە تۆکمە دەکات و دەیخاتە سەر راستە شەقامی پاراستنی مافەکان بە یەکسانی، بەدواداچوون و سۆراغکردنی وەڵامی ئەوپرسیارانەیە کەلە خوارەوە دەیانوروژێنین: خوازیارین لایەنی پەیوەندیدار بەسینگێکی فراوان قبووڵی بکەن ولەروانگەی پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکاندا سەیری پرسیارەکان بکەن.

-- ئایە تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا چ یاساو پێوەرێکی هونەری و یاسایی بڕیارلەسەر دراو هەیە بۆ مامەلەکردن لەگەڵ ئەوبوارە هونەرییەدا؟

-- ئاخۆ دەبێ دەرەنجام ودوا قۆناغی ئەو پرۆژە یاساییە بەچی گەیشتبێت کەبەر لە یەک دووساڵ لەلایەن یاسا ناس وهۆزانڤان عەبدولرەحمان حاجی بەناوی ( قانون اغانی کوردستان )ەوە، خرابووە بەردەستی بەڕێز لیژنەی رۆشنبیری و یاسایی پەرلەمانی کوردستانەوە؟

-- ئایە نەدەکرا هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پاراستنی ئەومافانەی کە رەنگە زیاتر لەژێر کاریگەری دەستەواژەی ( الحاجة ام الاختراع) دا هاتبێتە کایەوە، بێرێکیش لە پاراستنی ئەو هەموو مافانەی خودی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، وەزارەتی رۆشنبیری کرابایەوە، کە لەو چەند ساڵانەی دواییدا بە هونەرو هونەرمەندانی ئەو بوارەی بەخشیوە بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی چالاکیەکان. کەچی زۆرێک لەو بەرهەم و چالاکیانە لەئەرشیفی پەرتوبڵاودا کەوتوون و ئەگەر جارێک ودووان پەخش و نمایش کرابن ... خۆ دوورنییە هەندێک لەو چالاکیانەی کە خەرجی و بوودجەشیان بۆ دابین کراوە هەر لە بنچینەدا تۆمار نەکرابێت وبەرهەم نەهێندرابێت و، بەکالی خورابێت!!!

**تێبینی: ئەو بابەتە لە ژمارە (٣٦٨٣)ی ئەدەب و هونەری برایەتی ساڵی ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە، کەچی ئێمە وا لە سەرەتای ساڵی( ٢٠١٠) داین، هێشتا هەردوولا بە دوای سۆراخی ئەو پرسیارانەدا وێڵین!!**

## مۆسیقای فیلم

به بـــڕوای ئێمه تاکو ئەمڕۆ له بواری دانانی مۆســـیقای فیلمدا ئەزموونێکی پێگەیشـــتوو و کاملبوومـــان نه بووەو نییـــە، بۆ ئەوەی بتوانییـــن هەوڵەکان لەوبـــوارەدا له یەکەیەکی هونەریی تۆکمەو جوانـــدا رەنگڕێژ بکەین. هەرچەندە لەو چەند ساڵانەی دواییدا هەنگاوی سەرەتایی و باش نراوە بۆ بەرجەستەکردنی کاری هاوبەش لەو بـــوارەدا کە دەکرێ گرنگترین لایەنە لاوازەکانی مۆســـیقای درامی فیلم لەو خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکرێتەوە:

١- نەبوونی دانەری مۆســـیقای تایبەتمەند بە بواری فیلمسازی، کە بتوانێ بۆ هەرکارێکی درامی لایەنی کەم هەردوو گووتاری فیلم و گوزارشـــتە مۆســـیقیەکە بەیەک ئاراســـتەی ســـتاتیکی تۆکمە بۆ گوێچکەو چاوی بیســـتەران و بینەران یەکبخات وبگوازێتەوە.

٢- بەهەند هەڵنەگرتنی ڕۆڵی مۆســـیقا لەکامڵبوونی گوتارە درامیەکان و تێر کردنی دیمەن و گرتەکان لەلایەن دەرهێنەران ،کەزۆربەی جاران هەر خۆشـــیان مۆسیقای حازر بەدەست و دوور لە کەش و هەوای کارەکەی خۆیان هەڵدەبژێرن بۆگرتەکانیان – کە رەنگە ئەو مۆســـیقایانەش لـــە بنچینەدا بۆکارێکی دوور لە پەیام و ناوەرۆکی مەبەستەکانی ئەواندا داڕێژرابێت و دانرابێت.

٣- نەبوونی خوێندنەوەیەکی گشـــتگیرو، هەمەلایەنە بۆ دەق و ســـیناریۆکان لەلایـــەن ئەو دانەرە مۆســـیقیانەی کە کاری دانانی مۆســـیقای دراماکە دەکەن، ئەوەش وای کردووە لە یەکەم چرکە ســـاتی دیمەنەکان بینەرو بیسەران هەست بە نایەکانگیری و نامۆیی نێوان ئاراســـتەو خواســـتە درامیـــەکان و خودی ئەو مۆسیقایە بکەن کە بەباڵای دیمەنەکانی ناو دراماکەدا بڕاوە.

## پەیڤی شیرین و دەنگی بە جەوهەر

ئـــەوێ ڕۆژێ وەک زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگاکەت کــە ژیانێکی کۆڵەمەرگیت لەدەورو بەری شـــەقلاوەو رواندزو گوندی (میراخور)ی بێشــکەی لەدایک بونت بەرێ دەکردو ، لەگەڵ خەون و خولیا بێشــومارو هەستەوەرەکانتدا نەشونومات دەکردو ، نەخۆت و نە کەســێکیش پەی بەئایندەو ئاســۆی گەشی هونەریت نە دەبــرد.... ....جگە لە ســەلیقەی بەرزی هونەری و جوامێــری هەندێک لەئەو خەڵکانــەی کــە زۆرلێتەوە نزیک بــوون و ، ئەوانیش دەســتی هاوکاریان بۆ درێژکردی و زوو هەستیان بە سۆزی دەنگ و شیرنی زمانی پاراووت کرد لەکاتی چڕینی ئەو لاوکانەی کەبۆیانت دەچڕی . دواتریش هەر ئەو زاتانە بوونە مایەی ئەوەی دەروازەیەکــی تازە لەبەردەم تەقینەوەو تۆمار کردنی ئەو شــاکارانەی هونەری لاوک و بەستەکانت بکەنەوە. لەســەرووی هەمووان بەرێزێک بووە بە ناوی (سلێمان قەساب) کە تاکێکی هەولێری مێژوو و مرۆڤ دۆست بووە.....

بەڵێ هێشــتا خــاوەن کۆمپانیــا بازرگانیەکانی تۆمارکردنــی دەنگ ودەلالە چاوچنۆکــەکان بــە گەنجینەی پڕفرۆش و هونەری بــەرزی لاوک بێژیی ئێوەی گــەورە نەگەیشــتبوون بۆیەش لە دوای یەکــەم دیدار لەگەڵ ئێــوەی میوان و هونەرمەند زۆر ناهونەرمەندانە مامەڵەیان کردوو دواتریش کە گوێبیستی دەنگی زوڵاڵ و پڕجەوهەرت بوون کەوتنە پێشــبڕکێ لە وەی زۆرترین کاتت بۆ تەرخان بکەن بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانت!! لەلایەکی دیکەوە ســۆلۆو ژێی وەتەری ئەو ئامێر ژەنانەی کــە لەژواندا بوون بۆ تۆمارکردنــی بەرهەمەکانت نەیانتوانی خۆیان دەرباز بکەن لە تەوق و ترس و ئەو دڵەڕاوکێیە زۆرەی کە دواجار هەست دەکەی بۆتە ســیمای شەرمێکی گەورە بەڕووی دەنگی ئامێرە موزیکیەکانیانەوە، تەنانــەت ئەگەر زۆر قوڵبیتەوە لە گوێگرتن لە موزیکەکانیان بە روونی درک بە گەورەیی ئەو دابڕان و ناهاوســەنگیەی موزیک ژەنەکان دەکەیت لەگەڵ ســۆزو شــێوازی ئەداو ڕێڕەوی ســەرکەوتن و دابەزینی تۆنە دەنگیــەکان و ئەو دەنگە پڕجەوهەرو شــیرینەی هونەرمەندێکی گەورەی تەژی لە ڕەســەنایەتی و زمان شیرین.

ئەو موزیکژەنانەی کە سۆلۆیان بۆ تۆمارکراوەکانی ئێوە ژەنیووە بێ ئاگابوون لــەوەی کە ڕۆژێک دادێت خاڵ لەســەر پیتەکان دادەندرێــت و هەموو ئەو نزاو

حەسرەتە ڕاستگۆیانەی ئێوەی پڕلە هونەرو ڕەسەنایەتی میللەتێکی بەهرەمەندوو زیندوو ، لەقۆناغ و زەمەنێکی دیکەی ژیانی موزیکیدا ســەرلەنوێ خوێندنەوەی تازەیـــان بۆ دەکرێت و بە دەســت و پەنجــەو گیانی کوردانـــەو تەکنەلۆژیای سەردەم سەرلەنوێ تۆماردەکرێنەوە، وەک ئەوەی بیرهێنانەوەو ئاماژە بێت بە شـــایلۆغانی رۆژگارێکی تەژی لە تراجیدیاو پەیڤی جوان و هەناسەی پڕهونەری میللەتێک، کە ئــەوێ رۆژێ بەدەنگی گەورە هونەرمەندێکی وەک (کاوێس ئاغا) دەوتران و تۆمار دەکران.

**ســەرنج/ بۆ نووسینی ئەو بابەتە سوود لە نووسینێکی برای نووسەر (نەجات ناوی) وەرگیراوە کەلە ژمارە (١٤)ی گۆڤاری ڕامان بڵاوکراوەتەوە.**

## ئامێری عود

یەکێک لەو ئامێرە ژێدارانەی کە لە بواری مۆسیقادا پێشینەیەکی مێژووی بەربڵاوو دوورو درێژی هەیە ، ئامێری (عود)ە. ئەو ئامێرەی لە ساغبوونەوەی مێژووی دروستبوون وبەکارهێنان وپێکهاتە هەمەچەشنەکانی خودی ئامێرەکەو...... زۆر لایەنی تری پەیوەست پێیەوە چەندین راو بۆ چوونی جیاوازی لەسەرە...... ئەو ئامێرەی کە لە جیهانی هونەرمەندانی بواری مۆسیقادا بە یەکێک لە ئامێرە هەرە نزیک و گیانی بە گیانیەکانی روح و پەنجەی بژەنەکانی دەژمێردرێت. بەوەی لەو ئامێرە میلۆدیانەیە کە هەمیشە بۆ ئاواز دانان وبەتاڵکردنی هەستەکانی ناوەوەی هونەرمەند لەو پەڕەی ئامادە باشیدایە ، ،دیارە بۆ گەمەی جوانکاری نێوان پەیژەو مەقامەکانیش هەر ئەو ئامێرە بەسەر قافلەی ئامێرەکانی تر دەژمێردرێت.. بۆیەش عارەبەکان بە (الە الطرب) ناو زەدیان کردووە.

لەڕاستیشدا هەر کاتێک باس لە مێژووی نزیکی ئەو ئامێرە بکرێت بە تایبەتیش لەسەر ئاستی عێراقدا ، ناکرێ ئاماژە بەهەندێ ناو و توانای بەهرەمەندی سەر ئەو ئامێرە نەکرێت......کە لە نێوانیاندا هەندێکیان بوونەتە خاوەنی رێچکەو قووتابخانەی سەربەخۆ لە رووی تیووری و کرداریدا ،دیاریترینیشیان ئەو بەڕێزانەن (شریف محی الدین ،جمیل بشیر ،منیر بشیر ،سالم عبدالکریم ،روحی خماش ،خالد محمد علی ،نصیر شمە) لەو پارچەی کوردستانیشدا رۆلو جێ پەنجەی مامۆستایانی پێشەنگی وەک: رزگار خۆشناو و وریا ئەحمەد و ئامانج غازی و سەباح زاخۆیی و.... کۆمەڵێک بەهرەو توانای تر جێگای ڕێزو شانازین بۆ مێژووی هونەری مۆسیقای کوردیمان.

ئێمە لە کاتێکدا ئەو چەند سەردێرانە دەوروژێنین ،کۆمەڵێک خۆزگەو هیوا بۆ نێوەندی مۆزیکی کوردی بەگشتی و بژەنانی سەر ئەو ئامێرە دەخوازین لە پەیمانگاو مەڵبەندەکانی تری خوێندن و فێربووندا.

دەخوازین گرنگی زیاتر بەیەکە یەکەی ئەو ئامێرانە بدرێت کە ماوەیەکی دوورە رۆژانە لە گرووپە مۆسیقاییەکانی کوردستاندا بەکاریان دەهێنن ،چونکە لەڕاستیدا تاکو ئەمڕۆش بەمانا زانستیەکەی ،میتۆدی خوێندن و فێربوون و راهێنانەکانی سەر ئەو ئامێرە جۆرێک لەتەم ومژی و ناجێگری پێوە دیارەو لەسەر رێچکەو قوتابخانەیەکی دیاریکراودا ساغ نەبۆتەوەو هەوڵی جددی و

دانراوی کوردانەش بۆ ئەم لە ئاستی پێویستیدا نەبووەو، ئەوەشی کراوەو هاتۆتە بەرهەم هەولی تاکەکەسی ئەو بەڕێزانە بووە کە کاریان لەسەر ئەو ئامێرە کردووە، بەڵام لە هەموو بارێکدا هەوڵەکان نەبوونەتە پرۆژەی زانستی و خەمی گەورەی هونەرمەندانە.... پڕۆژەو خەمێکی وا خۆزگەکانی ئایندەمانیان لەسەر بونیاد بنێین.

## مۆزیک و قەڵەم بەدەستانی پێشەنگ

دڵنیام لەوەی درەنگ یان زوو ڕۆژێک دادێت ناوەندو مەڵبەندەکانی خوێندنی هونەری موزیک لەکوردستان، لەڕێگەی دەیان توێژینەوەو تێزی نامەکانیاندا درک بە ڕۆڵی ئەو نووسەرو ئەدیب و هونەرمەندانە دەکەن کەزەمانێک بەر لەئەمڕۆ لەبواری بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری موزیکیدا ئەسپی خۆیان تاو داوەو دەیان هەوڵی جوان و بەپێزیان خستۆتە بەردەم خوێنەران وهەوادارانی هونەری گۆرانی و موزیکەوە لەڕێگەی بەچاپ گەیاندنی کتێب و نامیلکەو بڵاو کردنەوەی دەیان و سەدان ڕیپۆرتاژو گۆشەی رۆژنامەنووسی و بەرنامەی رادیۆو تەلەفزیۆنی و.....هتد.

ئەگەرچی ئەو دەستپێکە بەبەراورد لەگەڵ زۆر بواری دیکەی هونەری نووسین و کاری هونەری و ڕۆژنامەوانی ئەوساو ئێستاکەی ئەوبوارە زۆر سەرەتایی و سادەو ساکاربوو ، بەڵام دەلالەتی مەزن و جوانیان خستۆتە باوەشی ژیانی موزیکی و خولیاو سەلیقە و ویژدانی زیندووی ئەو هونەرمەندە زیندووانەی کە لەپاڵ کارە هونەریەکانیاندا هەمیشە تەژی بووینە لەئەندێشە و خەمە بێ شومارو پرسە هەمەلایەنەکانی ترۆپکی پێگەیشتن و کامڵ بوونی ئەو بوارە هونەریە.

بۆیە پێمان وایە جگە لەپێداویستی قوتابیان و جۆرە گەڕانەوەیەکی مەبەستدارو تارادەیەکیش بەناچاری بۆ ئەو سەرچاوانە بە مەبەستی بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لێیان بۆ پێشکەشکردنی تێزی خوێندن و راپۆرتی ساڵانەی نێوەندەکانی خوێندن، هەق وایە ئەو دەزگاو دامەزراوانەی دیکەش کە بوودجەوی مانگانە و پێداویستیەکانیان بۆ فەراهەمکراوە پێویستە زۆر بەجددی بەدواداچوونی ورد بۆ ئەو هەولانەبکەن و بیخەنە لیستی کارنامەی دامەزراوەکانیانەوە.

دیارە هەرجۆرە هەنگاوێکی پوخت و شایستە بەوئاراستەیە، ڕەنگە پەردە لەسەر کۆمەڵێک ڕاستی هەڵمالێت، کە بەبڕوای ئێمە ئەمڕۆ لەهەرکاتێکی دیکە زیاتر پێویستمان بەو جۆرە هەنگاوانە هەیە بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە میدیاکانی کوردستان بە لێشاو نووسەرو ڕاگەیاندنکار لەو بوارەدا لە مەڕ هونەرەکانی موزیک دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە ، دووریشی نابینین زۆرێک لەو نووسەرو قەلەم بەدەستانە وەک پێویست ئاگاداری ئەوەنەبن کە ئەو بوارەی نووسینیش بە کۆمەڵێک وێستگەو هەورازو نشێودا تێپەڕیوەوکارەکتەری ماندوو نەناس وخودان سەلیقەی بەرزی هونەریی وەک رۆژنامەنووس و ئەدیب و هونەرمەندی رۆشنبیری لەپشتەوەی بوون تاکو بە ئەمڕۆ گەیشتووە.

## خوالێخۆش بوو سەلاح داودە
## دوا قەتارو خاوکەری چڕی

ئەو ساڵانەی کە لە بەغدا قوتابی زانکۆ بووم ( ١٩٨٦–١٩٩١) لە سەفەری دەیان جارەی نێوان هە ولێربەغدا ، بەغدا هەولێر ، قەدبە بیرم نایەت جارێک لە جارەکان لە گوزەرکردن و تێپەڕبوون بە شـــاری کەرکوکی شیرین هەستم بە ئاسوودەیی و دڵخۆشـــیەک کردبێت رۆژێک لە رۆژان بیگێڕمەوەو بەشەوقەوە باسی بکەم، بە پێچەوانەوە سەرتاپای ئەو دیمەنانەی کە بەدرێژایی رێگا چاوە پڕ حەسرەت و دیدە خەیالاویەکانم تۆماریان دەکردن و کۆپیەکیان بۆبەزمەســـاتەکانی ناخم دەنارد، هەر لەشارۆچکەی پردێوە تاکو زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین و بە پێچەوانەوەش، ئەو هەموو دیمەن و گرتانە بە هەموو خۆشەویســـتی و پیرۆزیەکانیەوە بەدەست خۆم نەبوو رەزا قوڕس و توورەو ناشیرین دەهاتنە بەرچاوانم!!!!

ئای کە قورســـە لە یەککاتدا شـــاڵاوی بۆن و بەرامەی دیمەنێکی شـــێواوی پڕ مەرگەســـاتی تۆقاندن و دامالین و سڕینەوە هەراسانت بکات و، زاتی ئەوە شت نەبێت بۆ چرکەیەک بیر لە وە بکەیتەوە دەسبەرداری سۆزو نزای خۆشەویستی وپیرۆزیەکانی ئەوان دیمە نان بیت کە بەشـــێکن لە کیـــان و پێکهاتەی مێژووی دوورو نزیکی نەتەوەو نیشتمانەکەت... ئای کە هاوکێشەیەکی قورس و گرانە!!!

ئەو جارەیان دوو رۆژ بەر لە وادەی ساڵیادەکەیان هونەرمەندانی ناوەندی عەلی مەردان لە کەرکوکەوە تەلەفۆنیان کردوو بانگهێشتیان کردین بۆ ئامادەبوون لە ســـاڵیادەکەیان، بەر لەوەش زیاد لە جارێک و دوان ســـەردانیان کردبووین لە هەولێـــرو دیاریان بۆ (بنکەی مەقام) هێنابوو..... بۆیە لەلای خۆمەوە بڕیارمدا ئەو جارەیان بە تەنیاش بێت، ئەو ســـەفەرەی شاری کەرکوک بکەم و دەمێکیش بوو لـــە ناخاوە حەزم دەکرد لە شـــوێنی ئەو هەموو گرتەو دیمەنە ناشـــیرین و تۆقێنەرانەی ســـەربازگەو دام ودەزگا داپلۆســـێنەرەکانی جاران پیاسەیەک بە شـــەقامی روحمدا بکەم و ماچی ناخ و خۆشەویســـتی و هەنسکی شادیم بۆ ئەو دیمەنە رەنجاوانەی ساڵانی زووم ببەخشمەوە و داوای لێبوردنیان لێبکەم لەوەی سەردەمانێک چاوەکانم ڕوویان نەبووە بۆ تەنیا جارێکیش وەک سروشتی خۆیان سەیریان بکات.

خۆشبەختانە هونەرمەند (لالۆ رەنجدەر) ئامادەیی خۆی دەربڕی و هاوسەفەرم

بوو لەگەڵ دۆستێکی دیکە، وابوو (رۆژی هەینی ٢٠٠٩/٥/٨) بەر لە ئاهەنگەکە گەیشتینە هۆڵی (نەورۆز) لەشاری کەرکوک.

بەر لەدەستپێکی ئاهەنگەکە کۆمەڵێک لە موزیکژەنان و هونەرمەندانی بەشداربوو لوتفیان فەرموو دوای بەخێرهێنانمان لە گەڵ هونەرمەندانی ناوەندی عەلی مەردان لەمێزەکەی ئێمە نزیک بوونەوە، هونەرمەندی گۆرانیبێژ کاک عەلی زەنگەنە بەڕێزەوە فەرمووی لە مامۆستای خوالێخۆش بوو (سەڵاح داودە) کردوو ئێمەش لەبەری هەڵساین و دوای و چاکوچۆنی و هەواڵ پرسین، برادەران کەوتنە گفتوگۆی مەقام و سەربووردەی ساڵانی زوو، کۆمەڵێک بابەت باس کرا، یەکێک لەو برادەرانەی سەر مێزەکە یەک لە زامدارەکانی کوردستان بوو بەناوی (رەمەزان زامدار) بە روخسارییەوە دیاربوو کە مرۆڤێکی روح سووک و خاوەن ئەزموونەو زۆربەی هونەرمەندان و ئەدیبانی ساڵانی زووی دەناسی، دواتر زانیم کە ئەو بەڕێزە ساڵانێکی زۆرە کاری فۆتۆگراف دەکات و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی فۆتۆگرافیشی هەیە .. ئەو بەڕێزە رووی لە مامۆستای هونەرمەند (سەڵاح داودە) کردو بە شێوەزاری کەرکوکیانە قسەی بۆ کردوو لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو پێدا هاتوو کۆمەڵێک بیرەوەری بۆ خوالێخۆش بوو گێڕایەوە، باشم لەبیرە برای زامدار چونکە بەخۆی وێنەگرەو چاکتر لە خەڵکی ئاسایی لە زمانی دیمەن و گرتەکان دەزانێت بۆیەش لە قسەکانیدا ناوی چەندین گەڕەک و کوچەو کۆڵان و هاوڕێ و برادەران کەسایەتی هونەری و رۆشنبیری ساڵانی زووی بەبیر مامۆستا (سەڵاح داودە) هێنایەوە .... بە بڕوای من ئەو دیمەن و ڕستەو بیرەوەریانە دواین گرتەو دیمەن گەلێک بوون کە ناخی ئەو مرۆڤە گەورەو ئەو هونەرمەندە هێمنەی وروژاندبێت بەرلە کۆچکردنی. ئای کە بە بزەو خەندەیەکی چەند جوان و شیرین لە ژێر سمێڵە سپی و جوانەکەی سەری بۆ وتەکانی کاکی زامدارو مەجلیسەکە دەهەژاند ،ئەو چەند ماوە زۆر کوورتەی پێش ئەوەی بۆ دوا جار سەرکەوێتە سەر تەختەی شانۆ هێمن و لەسەرخۆ دەدوا... نازانم؟ کێ نالێت؟ ..... هیچ شیکردنەوەیەکم بۆ ئەو دیمەنانە بۆ ناکرێت.

ئەو پاش نیوەڕۆیەی کە لە هەولێرەوە بەڕێکەوتین بەدرێژای رێگای نێوان هەولێر کەرکوک، کەوتبوومە بیرکردنەوەو هەستێکی جیاوازەوە ، چونکە ئەو سەفەرە بۆمن چەند مەغزایەکی هەبوو بەدرێژایی رێگا لەناخەوە کەیفم دەکردوو

به هەموو هێزی بینین و هەســتێک کە لەناخمدابوو بەڕاســت و چە پ و دوورو نزیکم دەڕوانی و دەمویست تۆڵەی دەیان کاتژمێری خەوتنی بە ئەنقەست و زیندە خەونی ناخۆشی هاتووچۆی ناو ماشــێنە پەنجا نەفەریکەی ساڵانی هەشتاکان بکەمەوە و، هەوایەک لەو ڕێــگاو بانەی نێوان هەولێرو پردێ هەلمژم کە نزاو کڕوزانەوەی دایک و خوشکە ئەنفالکراوەکانی بەیانیانی زووی سەر جادەی پێوە نەبێــت ، لە جیاتی کەتیبەی مەدفەع و ســەربازگە بێ شــووماڕەکانی نێوان (پردێ دارەمان) دەیان گێلگەو خانووی تازەو ئاوەدانی خەڵکی ســادەو ساکاری خاوەن کێلگەکان ببینم ، جارجاریش ســیماو دەم و چاوی قوتابیە هاو سەفەرو هاوپۆلەکانــی خۆم بەســەردەکردنەوە (عومەر، کەریم، محەمــەد، ئیبراهیم، توفیق، بەهجەت، تەلعەت، جەماڵ).

ئەمانــەو دەیان دیمەن و گرتەی دیکە کە ســاڵانێکی زۆرە لە نێو تۆڕی ئاڵۆزو بەربڵاوی خەیاڵدا خۆیان مەلاس دابوو زەماوەندێکی دیکەی ناخی من بوون.

نەمدەزانــی چ هێزێکە وا بەو گرووتینە رامدەکێشــێت، بــەڵام دەمزانی دەچم بــۆ ئێوارە ئاهەنگێــک جیاوازتر لــە ئاهەنگەکانی دیکە، دەچم بۆ ســاڵیادی شــوێنێک بەناوی زات و بلیمەت و مەقامزانێکی گەورەی کورد ناونراوە ئەویش (عەلــی مەردان)ی هەموو کوردە، ئەو مەقامزانــە لێهاتووەی کە تاکو ئەمڕۆش هەمووخوێندنەوەی دەزگا هونەرییەکانی لای خۆمان... بەداخەوە لە بەدبەختی کورد زۆربەی خوێندنەوەو شــیکارە زانستیەکانیان لە چەند رستەو شیکارێکی سەرپێیانەی زۆر ساکارو کورت نەفەس تێپەڕیان نەکردووە.

دوو ســێ ڕۆژ بوو بڕیارمدا بوو ئەو ســەفەرە بکەم و لــەو ئێوارەیە ئامادەبم جارێک وەک حەزێکی خۆم بۆ درێژەدان و گەڕان بەدوای ســەرچاوە رەسەنەکانی مەقامی کوردی و ئاشــنابوونی زیاترم لەگەڵ هونەرمەندانی شــاری کەرکوک، جارێکــی دیکەش بەو پێیەی بەفەرمــی بەرپرســیاریەتیەکی هونەریم هەیە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.

ئەگەرچی ئەو چەند سەرەداوانە مشتێکە لە هزرو خولیاو چیرۆکی نەپساوەی عیشقێکی گەورەو گەورەتر، بەڵام ئەوە منم تۆماری دەکەم و دەیگێڕمەوەو باشیش دەزانم ژمارەیەکی یەکجار زۆر مرۆڤی هەســت ناسک و خاوەن ویژدانی زیندوو لەتەمەن و شــوێن و جوگرافیای جیجیا هەمان سەربووردەو سیناریۆی تایبەت

بەخۆیان لە ڕێگاو بانەکانی وڵاتدا هەیە.

دوای وەســـتانی خولەکێک لەنێو چەپڵەڕێزانی ئامادەبووان بەو چاوانەی خۆم بەڕێکەوتنی دوایین کەژاوەی سەرکەوتنی هونەرمەندی خوالێخۆش بوو مەقامبێژی ناســـراو (سەڵاح داودە)م بینی ، لە هۆلی نەورۆز لە شاری کەرکوک کە چۆن بۆ سەر تەختەی شانۆ سەر کەوت ، هونەرمەندانی موزیک ژەن بەپێشەکیەکی موزیکی پێشوازیان لەهونەرمەند کرد ، دوای دوو کۆپلە لە وتنی شێوازی سەرەتاو دەستپێکی مەقامی (قەتارو خاوکەر) ((ئەو شێوازو مەقامەی مامۆستای هونەرمەند (سەڵاح رەئووف) لە توێژینەوەو نووسینەکانیدا لە جیاتی قەتارو خاوکەر (قەتارو بەرزە قەتاری) بۆ بەکار هێناوە ، پاشان بە سۆلۆی شمشال ژەنەکەی گرووپ بەرووحی گوێگرانی مەقامەکە دا بە وتنی بەرزە قەتارەکە سەرکەوت ، ئەو بەشەی کە گۆڕان لە پێکهاتەی پەیژەکە روو دەدات و سۆزەکەی جیاوازەو دەبێت بەحیجاز لەسەر ئەو تۆنە دەنگیەی کە پەیژەو مەقامەکەی لەســـەر بنیاتنـــراوە.. چەند جارێک ئەو بەشــەی دووبارە کردەوە پاشـــان بە وتنی بەستەیەک بە و هەیبەت و جڵ و بەرگــە جوانەی کە هونەرمەندی خوالێخۆش بوو و بەشـــێک لە کەرکووکیەکان تا ئێستاش ئەی پۆشـــن ، بە چەپڵەڕێزان و دەستخۆشی ئامادەبووان بۆ دواجار تەختەی شانۆی جێهێشت ، هەرچەند هونەرمەندان بەتایبەت کاک عەلی زەنگەنە بانگی کرد بەڵام نەهاتەوە شـــوێنەکەی خۆیی و بۆلای دواوەی هۆڵەکە هەڵکشا .... ماوەیەکی تر ئاهەنگەکە بەوتنی چەند مەقامێکی دیکە لەلایەن هونەرمەندانی بەشـــداربوو درێژەی کێشـــا..... لەو کاتەی هونەرمەند (عومەرە درێژ) لە سەر تەختەی شانۆ مەقامی دەخوێند لەدواوەی هۆڵەکە بوو بە دەنگە دەنگ و هۆڵەکە شلەژا ، سەرەتا لەو مێزەی ئێمە نەزاندرا چ بووە پاش کەمێک وتیان کاک سەڵاح بوراوەتەوەو برادەران بەپەلە گەیاندیانە نە خۆشخانەی ئازادی....... ئەگەرچی چەند بڕگەیەکی دیکەش پاش بوورانەوەکەی کاک سەلاح داودە وترا بەڵام دەنگ و باس و پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان هەواڵی ناخۆش و ناڕەحەتیان پێوە دیاربوو من ولالۆو هاوســـەفەرەکەمان چووین بۆ نەخۆشخانەی ئازادی دیاربوو ئەو شوێنە تەواو شەلەژابوو ، پزیشک و یاریدەدەرەکان لە هەوڵی بەردەوامی خۆیان بوون تەنیا بۆ یەک جار توانیم لەو شـــوێنە نزیک ببمەوە کە خوالێخۆشبووی لەسەر درێژکرابوو ، بەڕاســـتی دیمەنێکی دڵتەزێن بوو..... ئاخـــر تۆیەک بە درێژایی

تەمەنی هونەریت لەرێگەی کۆئەندامی هەناســەو ســیيە راهاتووەکانت هەرچی پەیڤی جوان و شــیعری ناسک و ســۆزی ئەو گەرمیانە هەیە کردت بە ملوانکەی ناخ و گوێچکەی خەڵکی و ئەو نیشــتمانە ، کەچی ئێســتا هەموو دەســەڵاتە تەکنیکیەکانی نەخۆشخانەو پزیشکە بەرێزەکان بۆ ئەوە تەرخان کراوە تەنیا بۆ چەند جارێک هەناسەو ترپەو لێدانی دڵە ئازار چێشتووەکەت بۆ بگێرنەوە!!

لە روخســارو دەم و چاوی پزیشــک و یاریدەدەرەکان دیاربــوو هیوایەک بۆ هەناسەیەکی دیکەو رستەیەکی زۆر کورتی خورشیدی و ئەڵلاوەیسی و خاوکەرێکی دیکە زۆر ئاستەم بووە..... چەند کەسێک لە خزم و کەس و کاری هونەرمەند بە جڵ و دەســتووری خۆیانەوە لەو ناوە بەنارەحەتی دەهاتن و دەچوون پێیانەوە دیاربوو بە قەولی خۆیان کۆچی (کاکەم ســەلاحیان) بۆشــایەکی گەورەیان بۆ بەجێ دەهێڵێت، کۆســتێکی گەورەیە بۆیان و رەنگە پرکردنەوەی ئەو بۆشــاییە نــەک بۆ هونەرەکەی تەنانەت بۆ خانەوادەکە شــیان لە بــاری کۆمەڵایەتیەوە کارێکی ئاسان نەبێت.

لەو بڕوایەدام ئامادەبوون و بینینی ئەو چرکە ساتانە لەلای خەڵکانێک کارێکی ئاسان نەبێت ، بەڵام ئەوە بوو بە قەدەرو چیرۆکی ئەو سەفەرەو هونەرمەندان و برادەرانیش پاش ئەوەی لە ئاخاوتن و زاری پزیشکەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە ژیان و مەرگی ئەو مرۆڤە تەنیا لە سەر کات وەستاوە بۆیە  روویان لە ئێمە کردوو وتیان ئەگەر هەر دەگەڕێنەوە بۆ هەولێر زووتر بگەڕێنەوە باشترە، دوای دوعا خواستن لە هەموولایەک کاتژمێر (٣٥– ٨) هەشت و سی و پێنج خولەک لە دوای بازگەی کەرکوک – هەولێر زەنگی تەلەفۆنی کاک عومەر لێیدا هەواڵی کۆچ و مەرگی هونەرمەندی گەورە  (سەڵاح داودە) پێ راگەیاندین....

درورود بۆ گیانی هونەرمەندی مەقامبێژی کورد (ســەڵاح داودە)، خودا رۆشنایی بخاتە دڵ و دەروونی هەموو لایەکمان.

**هەولێر ٢٠٠٩/٥/١٤**

# بەشی دووەم

## بابەتە وەرگێڕدراوەکان

## موزیک و کۆمپیوتەر

**د- محەمـــەد عەبدولوەهاب - لەکۆتایی کتێبی (ابداعات مشـــاهدة الصوت فی الموســیقی الالکترونییـــة)دا لەوەرزێکـــی تایبەت بەلایەنە چـــاک وخراپەکانی تەکنەلۆژیا لەوانـــەش ئامێری کۆمپیوتەرلەژێر چەند ناونیشـــانێکی جیاوازدا باس لەپەیوەندەیکانی نێوان کۆمپیوتەر وموزیک دەکات بەباشمانزانی بەکەمێک دەستکاریەوە وەریانگێڕینە سەر زمانی کوردی.**

کۆمپیوتەر ئەو ئامێرە، کە بووە هۆی ئەوەی کەمتر پشـــت بەئامێرە موزیکییە ئاســـاییەکان ببەســـترێت (بەتەنیا لەموزیکی بازرگانیدا) ئەو ئامێرە بووە هۆی گۆڕێنـــی تەکنەلۆژیـــای (ئاڵۆز) بۆ یەکێکی دیکەی ئاســـان و بەردەســـتی هەر تاکێـــک لەمافەکانی خۆیاندا. هـــەر لەڕێگای کۆمپیوتـــەرەوە هونەری داهێنان لەســـەر گۆی زەوەی گەیشـــتە دوورترین شـــوێن کەبووە هـــۆی ئەوەی خەڵک بیانناســـێت و موزیکەکانیان بڵاوببێتەوەو یارمەتـــی دەربێت بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشـــنیریی وچێژی هونەری خەڵک و گۆڕینەوەی فێرکاری موزیکی. ئەو کۆمپیوتەرەی کە بەتاوانی کوشـــتنی فولکلۆرو موزیکی میللی تۆمەتبار کراوە، هـــەر ئەویش یارمەتی مێـــژوو دەدات. لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە بەشـــێوازێک کە گونجاوبێت لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆدا دەستکرا بەچاکسازیکردنی موزیکی میللی و گەلەری، دواتریش پۆڵینکران وبڵاوکرانەوەو لەســـەر وێنە و شێوازی مۆزەخانە یـــان لە وەرگێڕاودا پێشـــکەش بەخەڵکی دیکە کراوە.لەگـــەڵ ئەوەی کۆمپیوتەر هاندر بووە لەســـەر بەرتەســـک کردنەوەی ڕێگاکانی دانان و نووسین بەدەست (بەکارهێنانی پەڕە کاغەزو قەڵەم و ئامێرە موزیکییە تەقلیدییەکان) بەتایبەتیش لەنێوەندە نیمچە ڕۆشـــنبیرەکانی جیهانی سێیەمدا، هەر ئەوە بوو وەکو ئامێرە پێشـــکەوتووەکانی دیکە لەبـــاری تەکنیکیەوە وەک مایکرۆفـــۆن، ڕیکۆردەر، ســـینەما، تەلەفزیۆن، شـــێوازێکی خاوەن تەکنیکی تازەی لەداهێنانی موزیکیدا هێنایە کایەوە کەزیاد دەکرێتە ســـەر ئەو شـــێوازانەی تر کەناسراون. ئامێری کۆمپیوتەر هاوکارو ناوەندێکی ســـەرکییە لەتەکنیکی بیســـتنی دەنگدا کردنەوەو لەناوبردنـــی گرێ کوێرەی بەگژداچوون لەنێوان دوو شـــتی دژبەیەک نایەتەدی تەنیـــا بە وەک یەک بوون و ڕێک ڕاگرتنی تـــای تەرازووی نێوان هەردوولایەنی هاوکێشەکە نەبێت کە ئەمانەن: پاراستنی وردەکاری و تەکنیکی کۆن و جوانەکانی

لەداهێنانی موزیکیدا، لەهەمانکاتیشـــدا هیچ هەڵێک لەدەست نەدرێت بۆ سوود وەرگرتـــن لەوتەکنەلۆژیا نۆییەی کە داهێنانـــی موزیکی پێ دەوڵەمەند دەبێت، ئەگەر ئەو بارە لەنێوان هەردوولادا بێ، بەڵام ســەبارەت بەنۆتە کردنی موزیک بەئامێری کۆمپیوتەر پێویســتە گەنجان و لاوان ڕابهێندرێن لەســەر نووســین بەکۆمپیوتەر ســەرباری نووسینی دانراوە تەقلیدەیەکان ئەوانەی لەسەرکاغەزدا بەدەست دەنووسرێنەوە، پێویستە دانەران و نووسەرانی تازە پێگە یشتوو ئەوە بزانن کە دانەری موزیکی پیشەمەند ئەو کەسەیە کە دەتوانێت بەدروستی مامەڵە لەگەڵ هەردوو نێوەندی ئەلکترۆنـــی و تەقلیدی لەبواری بەنۆت کردنی موزیکدا بکات. پەنا بردنە بەرکۆمپیوتەر بۆ دانانی موزیک بەو مانایە نایەت کەشێوازی دانراوە موزیکییەکە ســادەو ســەرپێیە، کۆمپیوتەرەکــە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات لەو داهێنانانەی کە پاشینەیەکی هونەریان هەیە، یاخود داهێنانی کاری ئاســان ئەوەی کە پشــت بە بەکارهێنانی ئەوە دەنگە پلاســتیکیانە دەبەستێت کەکۆمپانیاکان ئامادەیان کردووە، ئەو شــێوازێکی زۆر سووک و هەرزانە تەنیا ئارەزوومەندان پەنای دەبەنەبەر لەکاتێکدا هونەرمەندی داهێنەروپیشەوەر خۆی دەتوانێت ئەوەندە دەنگی تازە دروست بکات لەژمارە نەیەت و لەهیچ داهێنانێکی موزیکیشدا وێنەو هاوشێوەی نەبێت. ترســناکترین شت لەکۆمپیوتەردا ئەوەیە کە زۆر ئەســتەمە بتوانێت کارێکی موزیکی بەو ئامێرە بێنیتە بەرهەمو لەڕێگەی ئەو کارەشــەوە گوزارشتەکانی لەسەرکەسایەتی و ناوی تۆوە جێبەجێ ببێت تۆ پێویستیت بەهەوڵ وماندووبون و زیرەکیەکی هونەری وتەقەمەنی زۆر هەیە تاکو بــەکاری ئەلکترونی دەگەیتە ئەوکارەی کە دەبێتە هەڵگری کەســایەتی تۆو جێ پەنجەی تۆی پێوە دیاردەبێت و ڕەنگ وڕوخسارو شێوازەکەشی لەهی تۆبچێت و لاساییکردنەوەی لەلای خەڵکانی تردا زەحمەت بێت. لەبەرئەوە کەچەند ئاسانە موزیکێکــی بازرگانی بەکاربــراو بەکۆمپیوتەر دابنێیت و چەند ئەستەمیشــە داهێنانێکی دروســت و تازەی موزیکیش دابنێیت. بۆیە پێویستە نەوەیەکی تازە لەدانەرە پێگەیشتووەکان لەسەر داهێنانی قالب و شێوازی موزیکی تازە پەروردە بکــرێ تاکو پەیوەندی لەنێــوان موزیک و توخمە زۆرەکانی ژیاندا ببەســتن و لەچوارچێوەیەکی قەشەنگ و ســەرنج ڕاکێشدا پێشکەش بەو کەسانە بکرێت کە (خویان بەمانەوە لەماڵدا)گرتووەو هانیــان بدات بۆ تەنیا جارێکیش بێت بێنە

دەرەوە، تاکو نمایشێکی زیندووی نێو ئاپۆرەی جەمارەر بکەن.

ســـەبارەت بەوەی کە کۆمپیوتەر تاونبارە لەوەی ڕۆڵی هاندەر دەبینێت، تاکو لەڕێگایەوە کارە موزیکییـــەکان لەڕێگەی ناوبژیـــکارە ماددیەکاندا قەبارەکەی کەمترنییـــە لەوەی کەلەڕێگای کۆمپیوتەرەوە دەدزرێت، پێویســـتە یاســـاکانی پاراستنی مافی داهێنان ئەکتیف بکەین و سزای سەرپێچی کاران توندتر بکەین و دەســـتەیەکی تایبەتمەند دابمەزرێنین کەلەتوانایدا هەبێت ڕوولەسەر دزیکەرانی کارە موزیکییـــەکان هەڵماڵێت، چ موزیکی تەقلیدی بێت یاخود ئەلکترونی. ئەو ئەدایەی کەژەنیارێک لەســـەر ئامێرەکەی جێبەجێـــی دەکات بەجۆرێک لەجۆرە بنەڕەتیەکانـــی داهێنان دەژمێردرێت کە ئەســـتەمە ئامێری کۆمپیوتەر نەتوانێت لاسای بکاتەوە، هەروا سنووری مەزەندەکارو لەیەک نزیکی توخمەکانی ئەداکردنی موزیک لەلای مرۆڤدا بەیەکێک لەمەزترین و جوانترین ڕەوشتەکانی دەژمێردرێت، ڕێڕەوێکـــی ڕوحانی دەبەخشـــێتە ئەداکردنی موزیکی زینـــدوو، بەجۆرێک هیچ ئەداکردنێکی تر پێی ناگات هەرچەند تووخمەکانیان وردو کامڵ بێت. بەڵام ئامێری کۆمپیوتـــەر کاتێک دەنگێکی بەهێز وتوند بەڕێژەیەکی دیاریکراو دەردەکات بەوە تەنیا یەک زانیاری دیاریکراو جیاکراوە دەگوازێتەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی توخمە موزیکییەکانی دیکە. مرۆڤی ژەنیار زۆر مەزەندەی ڕێژەیی دەبەخشـــێتە ئەو ئەدایەی بەدەنگ دەیکات کە دەبێتە هۆی دروســـتبوونی جیاوازی ورد (بەڵام زۆرەو چۆتە ناویـــەک) ئەوەش وادەکات دووبارکردنەوەی ئەداکردنەکان شـــتی تازەیان تێدا بێت، تەنانەت ئەگەر خودی ژەنیارەکە خۆی بە ئەداکردنی کارەکەی خۆی هەڵبســـتێت . بەمـــەش وا دەکات ئەداکردنی موزیکی لـــەلای مرۆڤدا جۆرە زیندوویی وجوولەیەکی تێدابێـــت، کە ئامێری کۆمپیوتەر نیەتی ئەو جیاوازیە زۆر وردانەش گشـــت تووخمە موزیکییەکان دەگرێتەوە،(تووخمەکانی ئیقاعی و دەنگی)بەبێ هەڵاوێردن وەک: درێژ بوونەوەی زەمەنی دەنگ (ئیقاع) جیاوازی لە پلـــەی دەنگ، یاخود وردە جیاوازییەکان لەبـــاری توندی و بەهێزیەوە. ئەگەر هاتوو دە ئامێری ڤیولینیت هێنا بۆ ئەوەی تەنیا دەنگێک ئەدا بکەن وبژەنن، با تۆنی (دۆ)ی ناوەندبێت بەدەنگێکی نزم لەوحاڵەتەدا وردە جیاوازی لەزۆرتووخمە موزیکییەکان دەست دەکەوێت، گرنگترینیان وردە جیاوازی زۆری لەپلەی دەنگدا، هەندێک لەو دەئامێرانە زیاد لە (٦٥٢) (هرتز) دەردەکات، هەندێکیان کەمتر لەو ڕێژەیـــە هەندێکییان دەنگێکی کزو لە (٦٠) دیســـبل دەردەبڕن ئەو وردە جیاوازیە

زۆر سـوووکانەبە کەم و کورتـی هەژمارناکرێت، بەڵکو دەبێتە هۆی بیسـتنی دەرئەنجامێکی دەنگی بەشـێوازیکی موجەسـەم کە گوێچکەی مرۆڤ زۆر چێژی لێوەردەگرێـت. بەڵام ئامێری کۆمپیوتەر دەجاران بە وردە دونیەکی لەڕادەبەدەر دەنگەکە دووبارە دەکاتەوەو،... کۆ ئەنجامی کۆتایی دەنگی دەنگەکە والێدەکات کەنزیک بێت لەدەنگی پلاسـتێک ئەو دەنگەی کەگوێچکەی ڕاهێنراو هەسـتی پێ دەکات.

ئەداکردنـی مرۆڤ قامکێک تایبەتمەندی بەیەکـەوەی چڕوو تێکەڵاوی هەیە، لاسـایکردنەوەی بەئامێر زۆر قورس ئاسـتەمە. ئەوەش بۆ تایبەتمەندییەکانی ئەو دەگەڕێتـەوە هەموو ژەنیارێک لەباری فسـیۆلۆجی و دەروونیەوە خاوەن کەسـێەتی خۆیەتی لەگـەڵ ناجێگیری سـیفەتەکانی ئـەو تایبەتمەندیانەداو هەمیشـە ئەگەری گۆڕانکاری تیادا هەیە کە زۆر هۆکاری (میزاج) دەیخولقێنێت وەک: سروشتی ترپەی لێدانی دڵی ژەنیار و سروشتی پێکهاتەی ژەنیارەکە هەروا چۆنیەتی توانستی بۆ ئەدا کردن بە شێوەیەکی گشتی کاتێک ئامێری کۆمپیوتەر هەڵدەسـتێت بەئەداکردنـی کارێکی موزیکـی هەموو تووخمـە موزیکییەکانی بـۆ تووخمە پێوانەییـەکان دەگوازرێتەوە کەلەبری (Parameter) حسـاباتە ژمارەکانیان دیاری کراوە. بۆنموونە توندوبەهێزی دەنگ لە زمانی ئەو دامانای بەهێـزی و کزوکەم دەنگی نازانێت، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی حسـابی دیاریکراو دەزانێت، کەلەسفرەوە دەست پێ دەکات ودەگاتە ژمارەی(٧٢١)، ئەوەش لەزمانی سیکونسـر پێی دەگوترێت (velocity) ئەوەش بەمانـای ئەوەیە ژمارە(١)دەبێتە کەمترین ڕێژەی توندی بەهێزی دەنگ، ژمارەی(٧٢١) یش دەبێتە بەهێزترین لۆندی لەدەنگدا. کەواتە کۆمپیوتەر هەڵدەستێت بەگواستنەوەی ئیقاع بۆ ئەویەکەو بەها زەمنیانەی کە بە یەکەکانی کاتژمێر ڕێکخراون. نەغمەی موزیکی بە وردەکاریەکی لەڕادەبەر دەگوازێتەوە بۆ شـەپۆلی دەنـگ و یەکەیەکی توندوبەهێزی دەنگیش بۆ ڕێژەیەک بەیەکەی دیسـپل.... بەو شـێوەیە... لەکاتێکدا دەبینین مرۆڤی ژەنیار بەیەک کەڕەت مامەڵە لەگەڵ تووخمەکانی موزیک دەکات وبەلێهاتوویی وبەهرەمەندیەکەی خۆشـی جەلـەوی ئەدا کردنە دەروونیە بێ سـنوورەکاندا، کۆمپیوتـەر ئـەو تووخمانـە پارچە پارچـە دەکات بۆ ژمارە تاکـو بێتوانێت بەشـێوەیەکی حسـابی لەڕێگەی ئامێرەوە زۆر بە وردی دەریـان ببڕێت بەڵام تووخمە مرۆییەکان(دروونییەکان– گوزارشتکاران) ئامێری کۆمپیوتەر ناتوانێت

وەریان بگێڕێ بۆ بەهایەکی حســابی دیاریکراو، ئەگەر ئەنجامیش بدرێت گیان وڕوح و ئەدا مرۆییەکەی لەدەســت دەدات کە ئەستەمە لاسای نهێنیەکانی بکرێت یاخود کۆپی بکرێت وبەشێوەیەک لەشێوەکانی وەک خۆی بگوازرێتەوە. لەکاری بەراوردکــردن لەنێوان ئەدای موزیک بەئامێری بێ گیــان و ئەدا کردن لەڕێگەی مرۆڤەوە، پەیوەندیەک هەیە هەندێک تێڕامان دە وروژێنێت ئامێرەکە دەتوانێت ئەو موزیکە بەنۆت بکات کەژەنیارێکی بەتوانا لەیەکێک لەئاهەنگەکانیدا ئەدای کردووە، بەهۆی ســیتەمی لێکگەیشتنی ژمارەیی–MIDISequcer) )کاتێک کە ئەو پارچەموزیکەی کۆمپیوتەرەکە دەبینێت و دەبیســتیت– بۆت ئاشکرا دەبێت کــە لەدیدو بۆچوونی کۆمپیوتەرەکەوە هەڵەیەکی زۆری تێکەوتووە، پێویســتە بەڕێگای ئامێرەکەوە ڕاســت بکرێتەوە، کە بە هەمووارکردنی چەندی Quantize ناوزەندکــراوە. ئەوەش مانای ئــەوە نییە کە ژەنیــارە بەهرەمەندەکە هەڵەی کردووە، بەڵام مانــای ئەوەیەکە ئامێری کۆمپیوتەرەکە نەی توانیووە لەهەموو وردەکاریەکانــی ئەداکردنــە مرۆییەکە تێبــگات، کەڕێژەیەکی سروشــتی زۆر وردەو ســووکەلە لەهێواشــی وخێرایی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، ئەو ڕێژەیەی کەگیان وچێژێکی تایبەت بەژەنینی ئەو موزیکە دەبەخشــێت کەلەلایەن مرۆڤەوە دەژەندرێــت. کاتێک پێچەوانەی ڕوودەدات بەمانای کاتێک خودی کۆمپیوتەرەکە خۆی هەڵدەســتی بەژەنینی کارێکی موزیکی کەلەبنچینەدا بەکۆمپیوتەر تەدوین کراوە تێبینی ئەوە دەکەیت کە ئەوپارچە موزیکە لەباری ڕوحیەتەوە کەم وکورتی هەیە. بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر پەنا دەبەنە بەر کاری فێلکردن تاکو کۆمپیوتەرەکە بتوانێت لاسایی مرۆڤ بکاتەوە ئەویش بەڕێگای خستنەسەر ڕێژەیەک لەهەڵەی ڕەمەکی تاکــو ژەنینەکە لەژەنینی مرۆیی نزیک بکاتەوە. ئەو کارەی پیشــەمە ندیەش بەمرۆیی کردنی موزیکی بەئامێر دروســت کراو ((Hymanize))ناسراوە ئەوەش ئەوە پشــت ڕاســت دەکاتەوە کەکۆمپیوتەر هەمیشە بەئامێرێکی ناعاقل دەمێنێتەوەو مرۆیی داهێنەر دروســتی دەکات وبەڕێــوەی دەبات و تاهەتایەش بەسەریدا زالدەبێت.

**سەرچاوە:**

ابداعــات مشــاهدة الصوت فــی الموســيقى الالكترونييــة . د . محمــد عبدالوهاب دفاترالاكاديمية دارالحريرى للطباعة ٢٠٠٥.

## گۆرانی بەکۆمەڵ (کۆڕاڵ – the choral)

ن. د. عەلی عەبدوڵلا

کۆڕاڵ پێگەیەکی گرنگی لە بواری گۆرانی و مۆسیقای جیهاندا هەیە، لەبەر ئەو تایبەتمەندییانـــەی کە جیاوازی دەکاتەوە لـــە جۆرەکانی دیکەی گۆرانی وتندا. ئەو شـــێوازە گۆرانی وتنەی بە کۆمەڵە، کە بنەمای زانستی و هونەرییەکانی لە میانەی مێژوویەکی دوورو درێژدا گەشـــەی ســـەندووە، تاکو بووە بەشێوازێکی هونەری ســـەربەخۆ و خودان و تیۆر و چارچێوەی زانستی و مواسەفاتی دیکەی هونەری.

کۆڕاڵ ئەو شێوازەی گۆرانی وتنە کە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە گۆڕەپانی هونـــەری گۆرانی وتن لە عێراقـــدا گرنگییەکی گەورەی پێدرابـــوو, بەهۆی ئەو کاریگەرییە کە بەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤدا هەیەتی.

ئەو شێوازە هونەرییەی کە دەربڕی گیان و هەستی گروپ و کۆمەڵەکان یەکیان دەخات.

هەر لە کردنەوەی بەشـــی زانســـی تایبەت بە مۆســـیقا لە کۆلێـــژی هونەرە جوانەکانـــی زانکۆی بەغدا وانەی کۆڕاڵ بوو بەبابەتی زانســـتی لە چوارچێوەی پلانـــی فێرکاریدا, دانەریش بۆیە ئەو بابەتەی هەڵبژارد چونکە گرنگییەکی خۆی لە تیشک خستنە سەری ئەو شـــێوازەی هونەری وتندا دەنوێنێت لە تێگەیشتنی گشتی و جێبەجێ کردنی هونەری لەبەشی مۆسیقادا.

**–ئامانج لەو لێکۆڵینەوەدا ئەمانەی خوارەوەیە:**

- ناساندن و تێگەیشتنی گشتی لە کۆڕاڵ.
- تێگەیشتنی گشتی لە وتنی بەکۆمەڵ (کۆڕس – the corus)
- تێگەیشتن لە جێبەجێکارییە هونەریەکانی.

### قوناغەکانی سەرهەڵدانی کۆڕاڵ و پێشوەچوونی

زانایان و مێژوونوســـان لەســـەر ئەوە کۆکن کە مۆســـیقا بەقەد کۆنی دونیا کۆنە و شـــان بەشـــانی زەمەن رۆیشتووە و لەگەڵ مرۆڤی ســـەرەتاییدا هاتۆتە کایـــەوە ئەو مرۆڤەی بەرەو دەنگانەیان کەلـــە دەنگدانەوەی هەراو هۆریا دەچن

سروشـــتیان دەدواند بۆ ئەوەی مرۆڤی سەرەتایی پەنای بەبەر ببات، راوکردنی نێچیـــرو پەلەکردن لەبارینی باران و زاڵبوون بەســـەر دیاردە سروشـــتیەکاتنی دەورووبـــەری کـــە لێیان دەترســـان، وەک گرمەی هەورو، هەورە تریشـــقەو، هەرجۆرە مەترســـییەکی کە رووبەڕووی دەبۆوە، مرۆڤی سەرەتایی بڕوای وابوو کە دەنگ ســـیحرێکی نادیار و غەیبی لێ دەردەچێ گومانی تێدانییە کە مۆســـیقا بە گۆرانی گوتن دەســـتی پێکردووە، جاران تەنیا دەنگ ئامرازی یەکەمی مرۆڤ بووە، بەتەنیا قورگی هەبووە، وەک یەکەمین ئامێری مۆسیقای ژێداری پێکهاتە وردو ناســـک بۆ پێداویستییەکانی پشتی پێبەســـتووە- چ بەلاسایی کردنەوەی سروش بۆ لاسایی کردنەوەی سروشـــتبۆ بەرەنگار بوونەوەی مەترسییەکانیش بۆ بژێوی ژیان دەرکردنی جۆرە دەنگێک بەمەبەســـتی دەستەبەرکردنی ئاستێک بۆ لەیەک تێگەیشتن لەلای مرۆڤ بەر لەوەی مرۆڤی سەرەتایی دەرەکی زمانێکی دیکە کردبێت.

ســـەرەڕای هەموو قۆناغەکانی پێشکەوتنی شارستانییە کە مرۆڤایەتی بەخۆوە بینیـــوە هەرچەند دەکات شـــێوازەکانی دانانی مۆســـیقای رووت توانای پێگەی ســـەربەخۆ تایبەت بەخۆی دەستەبەر بکات، بەڵام قورگی مرۆڤ وەک ئامێرێکی مۆسیقای خاوەن تایبەت مەندی خۆی مایەوە جیاوازە لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەی ئۆرکێسترادا.

تا ئێستاش لەنیشتمانی عەرەبیدا دەنگی مرۆڤ کە بەگۆرانی وتن ناسراوە ئەو شێوازە هونەریەیە کە چێژو قەریحەی مرۆڤی عەرەبی پێشوازی لێدەکات.

**مانا و چەمکی کۆڕاڵ.**

هەر لەســـەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگا مرۆییەکانەوە گۆرانی گوتنی بەکۆمەڵ گرنگیەکی گەورەی پێدراوە لەژیانی مرۆڤدا ئەو کۆمەڵگایانەی کەوایان لە مرۆڤ کرد بچێتە پێشەوە و سەرکەوێت, تاوەکو دەرەئەنجامی پێشەوەچوونەکانی گەیاندە ئەو ئاســـتەی کەزیاتر بێت لەوەی لەلای تاکدا هەیە، دوای لاسایکردنەوەیشـــی مرۆڤ گەیشـــتە ئاســـتێکی بەرزی لاواندنەوە و دواندنی سروشت. گۆرانی وتنی بەکۆمەڵ رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە رێورســـمو ئاهەنگە ئاینییەکاندا. گۆڕانی کاریش رۆڵی بەرچاو و کاریگەری هەبووە لەبەرز کردنەوەی توانا و خۆشکردنی

کەش و هەوای دەروونی، هەروەها پەیوەندی گۆرانی بەکۆمەڵ بە سـرووودەکانی جەنگ کە هاریکاری جەنگاوەرانی دەکرد بۆ بوژاندنەوەی گانی حەماسەت و هێز تێیاندا، سەرەڕای گۆرانییەکانی بۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا.

گۆرانی بەکۆمەڵیش لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەیە و بگرە لە کۆمەڵگایەکە وە بۆ یەکێکی دیکە بەپێی جیاوازی ژینگەی کۆمەڵایەتی و جوگرافی ئاستی پێشـــوەچوونی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێ، بەڵام گرنگترین کاریگەر کە مێژوو لەســـەردەمی گریکدا بۆ گۆرانی وتنی بەکۆمەڵـــی تۆمار کردووە هاتنە کایەوەی درامایە، لەوەوەش کۆمیدیاو تراژیدیا هاتنە کایەوە و دروســـت بوونی شـــانۆی گریکیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە (کۆرس chorus) دەبەستێت لەبینینی رۆڵی سەرەکی لە شانۆگەریدا لەگەڵ کاراکتەرەکانی تردا بۆ هەڵسان بەرۆڵی خۆی لەمیانەی قسەکردن و لێدوان (التعليق) لەسەر رووداوەکان و بەستنەوەی شیکردنەوەیان بەهۆی دایەلۆکی گۆرانی ئامێز و دەربڕینی ئاوازدار (restative) ریستاتیڤ.

دوای رووخان و لەناوچوونی دەسەڵاتی ئەغریقییەکان وردە وردە رۆڵی کۆرس رووی لە کزی کرد، پاشـــان دوای بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت و زاڵبوونی کڵێسا بەســـەر بوارەکانی ژیان بەشێوەیەکی گشتی سەر لەنوێ سەری هەڵدایەوە. لەو کاتەشدا مۆســـیقا تەنیا هونەرێک بووکە لەناو کلێسادا رێگای پێدرابوو، دواتر گروپی گۆرانیبێژان توانیان شوێنی گونجاو لەناو کڵێسادا بگرن و، ڕۆڵی کاریگەر لەقەدداســـەکانی کڵێسادا بگێڕن دوای ئەوەی درک بەگرنگی تەراتیلی کلێسا کرا، روون بوەوە کە گۆرانی توانای بەخشـــینی گیانـــی بەرزە فڕی هەیە و دەتوانێت ئامۆژگارییەکان بگەیەنێتە دڵ و دەروونی ئادەمیزاد. پێشـــوەچوونی گۆرانی لەو رێورەســـم و کەش و هەوایە سرووودەکانی (گریگۆری) [1] کە رۆڵی کاریگەری لە پێشکەوتنی ئەو شێوازەی وتن و قووڵ کردنەوەیدا هەیە.

بەڵام دیارترین قۆناغ کە پێشـــکەوتنی گەورەی ئەو شێوازەی بەخۆوە بینی لە

---

١. ناوێکە بۆ قەشـــە (گریگۆر) دەگەڕێتەوە ئەو پاپایەی کەلە (٥٩٠–٦٠٤) رێورەسمەکانی رێکخستەوە. تاکو ببێتە تەقس و رێورەســـمی گشـــتی هەموو کڵێساکان. بۆ ئەم مەبەستە پەرســـتگەیەکی تایبەتی دامەزراند, بـــۆ ئامادەکردنی تەراتیل خوێنەکان لەســـەر بنەمای تەقالیدە پیرزەکان, هەوەهـــا کۆمەڵێک لە تەراتیلی هەڵبژێردراو بۆ وەرزەکانی کڵێسا و رێورەسمی ساڵانە.
تەراتیلی گریگۆری جۆرێکە لە مۆســـیقای گۆرانی ئامێز کە پابەندە بە وشـــەوە, هونەرێکی تاک دەنگییە لە ئاوازدا.

ســـەدەی پازدەهەم بوو. کە شێوازی دانانی پۆلیفۆنی تێدا دەرکەوت و لەسەدەی شازدەهەم گەیشـــتە لووتکە، دوای بڵاوبوونەوەی دانراوەکانی (قەدداسی گەورە – grandmas) ئەمـــەو ئـــەو ســـەردەمە ئەداکردنی هەندێک دانـــراوی کۆڕاڵ ئامێـــری تێکەڵاویی بەخۆوە بینین کەزیاتر لەیەک کۆڕاڵـــە و بە (پۆلیکۆڕاڵ – polychoral)*[٢] ناودەبرێت.

گروپی گۆرانیبێژانیش لە قەشە و راهیب و منداڵەکان پێک دێت، ئەو منداڵانەی کە چینە دەنگی (سۆپرانۆ – soprano) ئەدا دەکەن.

لەبەرئەویە ڕێگا بە ئافرەتانی کڵێســـا نەدەدرا بەشـــداری کۆڕاڵی کڵێسا بکەن و هاوکاری پیاوان بکەن – تاکو ســـەدەی حەڤدەهـــەم کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان چوونە ناو گروپی کۆڕاڵەوە بۆ ئەدا کردنی شێوازی ئۆپیراڵی (ئۆراتوریو – oratorio)*[٣].

لەســـەدەی هەژدەهەمدا ئافرەتان توانیان لە تەک پیاواندا جێی پێگەی خۆیان لەنێـــو کۆراڵدا بکەنەوە بەوەش منـــداڵان فەرامۆش کران لـــەوێ ڕۆژێوە گوپی کۆڕاڵ لە کڵێســـا و هۆڵە گشـــتییەکانی ئۆپێرا و باڵەخانە و نێو هۆڵی ئاهەنگە گشتییەکاندا بەرۆڵی خۆیان هەڵسان.

بەڵام سروشـــتی دەق و هۆنراوەی کۆڕاڵ تەنیا دەقە ئاینییەکان نەبوو، چونکە لە پاڵ کۆڕاڵی ئاینی بابەتەکانی دیکە دونیاش دەگوترا کە لە سەدەی نۆزدەهەم پێگەیەکی گەورە و بەرفراوانی هەبوو ئەو ســـەدەی کەب ەســـەدەی باڵادەســـتی نمایشـــی تواناکان لەبواری ژەنینی و گۆرانی وتنـــدا ناوزەد کراوە, کۆڕاڵەکانی دونیایی ئەوەندە زۆربوون لەژمار نەدەهاتن. دیارترین دانەری مۆسیقا بۆ کۆڕاڵ لەو سەدەیە (بتهۆڤن) بوو کە بۆیەکەم جار کۆڕاڵی خستە نێو سەمفۆنیای ژمارە نۆ (شێوە کۆڕاڵی) کە لەساڵی (١٨٢٤)دا کۆڕاڵێکی گەورەو چڕوپڕی بۆ نووس و تیایدا گوزارشت و بانگەشتەی خۆشی و شادی دەکات – کە لە قەسیدەی (سرودی شادی) شاعیر (فریدریک شیلر – schiller)ە کە پارچەیەکی دەڵێت:

---

٢. جۆرێکە لە مۆســـیقای ســـەربەخۆ کە پێکهاتەکەی بریتیە لە چوونە ناو یـــەک و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵە هێڵێک لە ئاوازدا.

٣. (ئۆراتوریو) : ناوێکە بۆ شـــوێنی پەرستن و پەرستگا بەکاردەبرێ، مێژووی دروستبوونی بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و ئەو پێهەڵدان و نمایشە ئایینییانەی کڵێسا دەگەڕێتەوە.

**ئەی شادی و خۆشی، ئەی سەرچاوەی نووری جاویدانی**
**ئەی ڕۆڵەی بەهەشت**
**خۆمان کرد بە ئاگردان تا بەلێوارت بگەین**
**هاتووین بۆ مەزاری پیرۆزت........**

کۆراڵ لەسەدەی حەڤدەهەم لەسەر دەستی هەریەک لە (مازدوشی) و (کارسیمی) گەشەسەندن و پێشکەوتنی بەخۆوە بینی.

دواتر شێوازەکانی (ئاریا)و (ریستاتیڤ)ی خرایە ناو پێکهاتەکەیەوە کۆرسیش لەناویدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی وەرگرت، ئەو گۆرایبێژەشـــی خرایە سەر کە بەرۆڵی حیکایەتخوان هەڵدەستێت و (Historicus) لە ڕووداوەکان دەدوێت و بڕگەکانی نێو گۆرانیەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە.

بتهۆفن لەسەمفۆنیا کۆراڵ ئامێزەکەیدا تا ئاستێکی زۆر کەوتبووە بەر کاریگەری بنەماکانی شۆڕشی فەرەنســییەوە, لەپاڵ کارە کۆراڵ ئامێزەگەورەکانی دانەرە فەرەنسییەکانی وەک (بریلوز – Berilioz) و (جوسیکو – Gossece) و (لوسیر – Lesueur).

لە رۆژهەڵات بەگشـــتی و نیشـــتمانی عەرەبی بەتایبەتـــی بڵاوبوونەوە و زۆر بەکارهێنانـــی زاراوەی کۆراڵ لەوەیە بۆ جیاکردنەوەی نێوان تیپ و گۆرانی وتن بێت، ئەوەی کـــە تەنیا کۆڕاڵ دەڵێ، ئەو گروپ و تیپـــەی پێ دەڵێن (کۆرس)، کە پێویســـتە بەوانەی کە لەنێو ئەم گروپانەدان لەگـــەڵ گۆرانیبێژەکاندا بەپێی سروشـــتی گۆرانی و بەتەنیا و ســـەربەخۆکان بەشداری دەکەن (المنشدین). ئەو شێوازە گۆرانییەی کە هێشتا بەشێوەیەکی بەرفراوان لە رۆژهەڵات و لەنشتمانی عەرەبی خۆشەویستە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەنێو جەماوەردا بڵاودەبێتەوە.

بەڵام لە رۆژئاوادا وشـــەو زاراوەی (کۆڕاڵ) لە وشـــەی (کـــۆڕس) وەرگیراوە، بۆنموونە لە ئاڵمانیا وشـــەی (کور – chor) بـــۆ گروپ بەکاردێ، لە بەریتانیا زاراوەی (کوایـــەر – choir) وە لـــە ئیتاڵیـــا ناوی کـــور و (coro)ی بۆ بەکار دەهێنێ.

ئەوەی ئێســـتا باوە و بەکاردەهێنرێت بە زاراوەی کـــۆڕاڵ ئەو دانراوە گۆرانی

ئامێزانەیە کە لەچەند دەنگێکی جۆراوجۆر پێک دێت ئەو زاراوەیە بووە بە هێماو ناونیشـــان و خووی ئەو دانراوە مۆســـیقییانەی کە گۆرانـــی وتنی کۆڕاڵ ئامێز لەخۆی دەگرێت.

**کۆڕاڵ بەپێی گروپەکانی وتن بەو شێوەی خوارەوە دابەش دەبێت:-**

- گروپی کۆڕاڵی پیاوان.
- گوپی کۆڕاڵی ئافرەتان.
- گروپی کۆڕاڵی منداڵان.
- گروپی کۆڕاڵی تێکەڵاو.

دواییـــن جۆری کۆڕاڵ، کۆڕاڵی تێکەڵاوە، کە بابەتی باســـەکەمانە, ئەو گروپە لەدەنگە سەرەکی و لاوەکییەکانی ئافرەتان و پیاوان پێک دێت.

• دەنگی ئافرەتانە.. (سوپرانو – soprano) دەنگی تیژو، تەروناسکی یەکەم.

(میزوسوپرانۆ – mezzosoprano) دەنگی ناوەندو تەری دووەم.

(ئاڵتۆ – کۆنتر ئاڵتۆ – contralto) دەنگی گڕی ئافرەتانە.

تینوور – tnteor) دەنگی تیژو باریک (الصادح)

(باریتون – baritone) دەنگی ناوەڕاست ( کەمێک گڕ – جهیر الاول)

(باص – bass) دەنگی گڕ (جهیر الپانی).

لەو شـــێوازەی گروپی گۆرانی ئامێزدا بوونی دوو هۆکاری سەرەکی لەبەرچاو دەگیرێت کە هەر یەک لە پارســـەنگی ژمارەیی و پارسەنگی ناوخۆیی ئەندامانی گروپە کۆڕاڵییەکەیە... لەبەرئەوەی پێویســـتە ژمـــارەی ئەندامانی هەردەنگێک ئەوەبێـــت لەدەرنجامی ئـــەو دەنگەی کە لە کۆڕاڵەکە دەردەچێـــت, پێکەوە هەڵکردن و چوونە ناویەک دروســـت بکات... لەســـەر ئاراســـتەی جۆری دانـــراوە گۆرانی ئامێزەکە, بەپەسەندیش دەزانرێت ژمارەی دەنگی سوپرانۆ و باص لەسەر ژمارەی دەنگەکانی ئاڵتۆ و تینۆر زیاد بکرێت.

ســـەبارەت بەپارســـەنگی ناوەخۆ (الموازنة الداخلية) لەسەر خودی ئەندامانی گروپە کۆڕاڵییەکە، پێویستە ئەوە جێبەجێبکەن لەڕێگەی تەرکیز کردن و گوێڕایەڵ بوونـــی تەواویان بە رابەری کۆڕاڵەکەیان، چ لەکاتی راهێنداو چ لەکاتی نمایش کردندا...

هەروا گوێگرتنی دروســـت بۆ ئەو گۆرانییەی کە لـــە گەروویان و هاوڕێکانیان دەردەچێت بۆ گەیشـــتن بە حاڵەتی ئاوێتە بوون لە نێـــوان هارمۆنیای دانراوە کۆڕاڵییەکان و گوزارشـــتەکانیاندا تابەو لەرە لەرە تێکەڵاو و وەکو یەکە دەگات کە لە تێکەڵاوکردی دەنکە بەکۆمەڵەکانی مرۆڤدا دێتە بەرهەمەوە.

گۆڕەپانی هونەری لە نیشـــتمانی عەرەبیدا هاوکاری لە بوونی گروپی گۆرانی بەکۆمەڵی هەمەجـــۆردا کردووە لەبوارە (ئایینییەکانـــی) وەک (زنجیرەی خودا پەرســـتی و مەولود خوێندن) و گروپی دونیایی وەک: (هاوشـــانیکردنی گۆرانی وتنی بەتەنیا – گۆرانی بێژو هی تر).

ئەو شـــێوازەش شتێک نییە لەدەرەوەی مانای (کۆڕس) بێت، بەڵام (جۆقە) یان گروپی شـــانۆگەری لەگەڵ ســـەرەتای هاتنە کایەوەی شـــانۆوە دروست بوو لە کۆتایی ســـەدەی نۆزدەهەم و ســـەرەتای سەدەی بیســـتەم, گروپی جۆقەش بەو شێوازە کۆن و کلاسیکییەی بەشداری چاکی کردووە, دوای ئەوەی هەوڵێکی باشدرا بۆزیندوو کردنەوەی ئەم چەمکە یۆنانییەی کۆن – کە شانۆی بۆ ویژدانی کۆمەڵ گێڕایەوە، بەڵام لە عێراقدا یەکەمین گروپی کۆڕاڵ لە ســـاڵی (١٩٧١) دامەزراوە، دوای دروستبوونی وێستگەی سینەما و شانۆ و تەلەفزیۆن (فەرمانگەی سینەماو شانۆی ئێستا) لە چوارچێوەی پێکهاتەی گروپی نەتەوەی بۆ هونەرە میللییەکان، کە مامۆســـتایانی پســـپۆر لەبواری مۆســـیقا و گۆرانی سەرپەرشتیان دەکرد و ئەندامانی وانەی تیوری و کرداریان لە زانســـتی مۆســـیقا وەردەگرت لەمیانەی جێبەجـــێ کردنی شـــێوازی تازەدا, ئەو کاتی کە هێشـــتا بـــواری گۆرانی وتنی بەکۆمەڵ لە عێراقدا شـــتی وای بەخۆوە نەبینیبوو، کە خۆی لەشـــێوازی چەند دەنگی لەپێکهاتەیەکی هارمۆنی دەنوێنێت بۆ دانراوەی گۆرانی ئامێزی کۆڕاڵ کە لە کەلەپووری عێراقییەوە ئامادە کرابوو، ئەو گروپە توانی سەرکەوتنی گەروە بەدەست بێنێ، (سەرەڕای ئەوەی بابەتێکی تازەبوو) لە میانەی ئەو چالاکیانەی کەلەو ماوەیەدا پێشکەشیان کرد.

بەڵام ئەو گروپە زیاتر لە ســـێ ساڵ درێژەی نەکێشا و زوو بەزوو ئەندامەکانی پەرتـــەوازە بوون لەبـــەر گەلێک هـــۆکار دیارترینیان کەنارگیـــر کردنی رۆڵی ئەو گروپە و بچووک کردنەوەی وەک گروپێکی کۆرســـی بچووک بۆ هاوشـــانی

کردنی ســـەما مللییەکان و وتنی گۆرانی فۆلکلۆری, پاشان ژمارەی ئەندامەکانی کەمکرایەوە, هۆکاری دووەمیش دروست کردنی گروپی گۆرانی وتنی بەکۆمەڵ بوو وەک وێنەیەکـــی ئەو گروپە کۆڕاڵییەی نێو دەزگای گشـــتی رادیۆ و تەلەفزیۆن, کە ئەوکات پێیان دەگوت گروپی (موەشـــەحات)، کە رۆڵێکی گەورە و کاریگەری گێڕاوە لە دەســـاڵەی حەفتاکان و هەشـــتاکان، لەبەرئەو چالاکییە بەرچاوانەی بـــواری گۆرانییەگەلەریەکان و دانراوە تازە داهێنراوەکەی کەبەشـــێوازی تازەو سەردەمیانەوە پێشکەشیان دەکرد، ئەو گروپانەی کە مامۆستاکان سەپەرشتیان دەکردو هەمان مواسەفاتی گروپی کۆڕاڵین لەسەر جێبەجێ دەبوو لەچەند دەنگی و رێسا زانستییەکانی تردا.

هەوڵی زۆردراوە بۆ پێکهێنانی کۆڕاڵ لەنێو رێکخراوە جەماوەرییەکاندا، بەڵام ئەو هەوڵانەی لەبارەی هونەریی و زانیستیەوە ئامانجەکانیان نەپێکاوە.

لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و هەریەک لەکۆلێژی هونەرەجوانەکان و پەیمانگای خوێندنی تایبەت بە خوێندنی مۆسیقا چەندین هەوڵ دراوە بۆ پێکهێنانی گروپی کـــۆڕاڵ, بەڵام هەوڵـــی وەرزی و کاتی بوون و بەبەشـــداربوون لـــە ئاهەنگێکی دیاریکراودا کۆتاییان پێهاتوە.

دوای پەنجا ســـاڵ لە کردنـــەوەی یەکەمین پەیمانگەی مۆســـیقا لە عێراقدا کە دواتر ناویان لێنا پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، ساڵی (١٩٨٧) کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا بەشی مۆسیقا کرایەوە، لەو بەشە ئەرکی بەرز راگرتن و پێشوەچوونی هونەری مۆسیقای لەباری هونەریی ئەکادیمییەوە خستە ئەستۆی خۆی لەگەڵ دروســـتبوونیدا ئەو بەشـــە لەچوارچێـــوەی یەکەکانی خوێندن و پرۆگرامەکانی خوێندنیدا لەچوار ســـاڵەی خوێندندا گرنگی بە گۆرانی بەکۆمەڵ داوە و خســـتوویەتیە واری جێبەجێکردنی تاقیگەییەوە بۆ هەرچوار قۆناغەکانی خوێندن.

- جێبەجێکاری هونەریی بۆ کۆڕاڵ.

قوتابیانی بەشـــی هونەری مۆســـیقای لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا لە قوناغەکانی خوێندنی زانســـتی مۆسیقا لە باری تیۆری و کرداریەوە وانەکانیـــان وەردەگـــرن و لەوێوە یەکەی پرۆگرامە زانســـتی و بڕیار لەســـەر

دراوەکانــی تیۆری مۆســیقای جیهانی و عەرەبــی و (ڕۆژهەڵاتی) مێژووەکەیان دەخوێنن, لە پێناو شارەزابوون بە ئاستی پێشکەوتنی شارستانییەتیدا قوتابیان چەند وانەیەک لە مۆســیقای کلتووری و گەلەری عێراقی و عەرەبی و جیهانی و قۆناغەکانی گواستنەوە و پێشکەوتنی پشتاوپشت دەخوێنن.

هەر لــە چوارچێوەی جێبەجێــکاری تاقیگەییدا قوتابیان وانەی زانســتی لە بــارەی پەروەردە کردنی گوێچکە و دەنگ و بابەت و گوێگرتن و بینین و ژەنینی بەتەنیا بۆ ئامێرە جۆراوجۆرەکانی مۆســیقا وەردەگرن و دەخوێنن، بەپێی ئەو پســپۆرییەی کە هەیە, لەگەڵ بابەتی ژەنین و گۆرانی وتنی بەکۆمەڵ کەلەبەشە زانستییەکەی گرنگیەکی گەورەی پێدراوە و لە هەرچوار قۆناغەکە دەخوێندرێت, بەئامانجی پێشکخســتن و چاککردنی قوتابی لەمەڕ گۆرانی وتن بە هەموو قاڵب و شــێوازەکانییانەوە، چ عێراقی بێت یــان عەرەبی و جیهانی بێت, ئەو کەلەپورە داهێنراوانەی بۆ کۆرس و ئۆپێرا و ئۆپەرێت دانراوە و نۆتەکانیان دەست دەکەون. هەروا ئەو دانراوە بەکۆمەڵانەی کە شــێوازی سرودیان هەیە و شێوازی نیشمانی و نەتەوەییــان تێدا ڕەنگی داوەتەوە و بەســەردا زاڵە، کە لەگەڵ داخوازییەکان و هێزو توانای ئەدا کردنی قوتابیاندا دەگونجێت.

دوای ئەوەی قوتابی ئەزموونی تیۆری و جێ بەجێ کایر لەهەر ســێ قۆناغەکە دەسەتەبەر دەکات بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەزموون زانستیان لەبواری گۆرانی وتنی بەکۆمەڵدا بەشی زانستی بابەتی کۆڕاڵی تایبەت کردووە بۆ قۆناغی چوارەم وەک بابەتێکی سەربەخۆ لەیەکەی پرۆگرامی تیۆری و زانستیدا بە ئامانجی پێگەیاندنی ئەزموونــی قوتابیان لە قۆناغی کۆتاییدا و کۆکردنەوەیان لە گروپێکی کۆڕاڵیدا بەگوێرەی ڕەنگەکانی دەنگ و تواای ئەداکردنیان.

بەشــی مۆســیقا هەوڵ دەدات لەمیانەی ئەو بابەتەوە قوتابیان بۆمومارەسە کردنــی گرانی وتن ئامادە بکات. بــۆ دوای دەرچوون – ئامادەبێت بۆ بوارەکانی راهێنان و وانە وتنەوە و سەرپەرشتیکاری هونەری لەو بوارەدا.

بابەتی کۆڕاڵ کــە لە قۆناغی چوارەمدا هەفتانــە دوو کاتژمێر دەخوێندرێت، یەکەی تیۆری زانستی لەخۆ دەگرێت و لەمیانەی ئەو یەکە تیۆریانەشدا قوتابیان شارەزای ئەو بابەتانەی خوارەوە دەبن:

- جۆرەکانی تیپی کۆڕاڵ.
- رەوتی پێشکەوتنی کۆڕاڵ لە مێژوودا – قۆناغەکای دروستبوونی.
- ماوەومیانەی دەنگی هەموو جۆرە دەنگەکانی ئادەمیزاد.
- لەرەیی دەنگ.
- شوێنی بەکار هێنانی لەرە لەری دەنگ.
- بەکارهێنانی دروستی سییەکان . بەشداری کردن.
- هەناسەی دروست – هەڵمژینی هەوا بە قووڵی لە رێگەی لووتەوە و زاڵ بوون بەســەر هەناسە دانەوە و دەستنیشان کردنی شوێنەکانی هەناسە دانەوە – درێژ کردنەوە – وەستان.
- ماوەی دەنگی ئادەمیزاد.
- گۆکردنی رێک و دروست (التلفظ الصحيح).
- پیتەکان و دابەشکردنەکانی – رۆڵی پیتە بزوێن و نەبزوێنەکان.
- چۆنیەتی دەرچوونی پیتەکان.

لەمیانەی یەکە زانســتییەکانەوە یەکە تیۆرییەکان جێبەجێ دەکرێن – لەسەر شــێوازەکانی گۆرانی وتنی کــۆڕاڵ ئامێز و ســیما هونەرییەکانی ، ئەوەش بە ژەنیــن و نمایش کردنی دیارترین دانــراوە (کۆڕاڵ)یەکانی جیهانی هەندێک لەو داهێنراوانەی کە بۆ شــانۆی مۆســیقا ئامێز و سروودە نە تەوەییەکان و هەندێ قاڵب و شــێوازی گرانی وتن دانراون و گیانی ئاینیــان پێوەیە, یاخود بەراورد لەنێوان ئەو کەرســتەو توخمە مۆسیقیانە دەکرێت کە بەشێکن لە پێکهاتەی ئەو شێوازو قاڵبانە لەگەڵ ئەو شێواز و قاڵبە دونیای و ئاینییانە تردا.

دوای ئەوەی ئەزموونی بەشی زانســتی پێگەیشت و ژمارەی قۆتابیان زۆر بوو دەنگیان هەمە جۆر بوو, لەپاڵ پێشــوەچوونی خوێندن لەو بەشەدا بۆ ئاستێکی بەرەزتــر ، یەکێک لەو هــۆکارە یارمەتی دەرەکانی دروســت بوونــی (کۆڕاڵ) دەرکەوت، ئەویش (پارسەنگی ژمارەیی) بوو (الموازنە العددية).

لەگەڵ ئەوەی ئێستاشــی لەگەڵ دابێت لەبەر کەمــی ژمارەیان دەنگی ئافرەت هێشــتا هەر هەژار و کەمە بەراورد لەگــەڵ ژمارەی قوتابیانی کوڕ, بەڵام لەگەڵ ئــەوەش ئەو ئافرەتانە هەوڵ و تێکۆشــانی گــەورە دەدەن لەرێگەی داهێنان و

پێگیری کردن به ڕێنماییەکان. بەوەش دەرئەنجامی ئەرێنی دەستەبەر دەبێت.
لەمیانـــەی جێبەجێــکاری تاقیگەیی و ئەو هەوڵە بێ وچانانـــەی کەوانە بێژە پســـپۆڕەکان پێ هەڵدەســـتن گروپی (کـــۆڕاڵ) توانی جـــۆری دووەمی هۆکاری هاریکاربوو, دەســـتەبەر بـــکات کە ئەویش (پارســـەنگی ناوەخۆیە) کە خۆی لە تێگەیشتن و چوونە ناو یەکی نێوان کەسەکانی گروپی (کۆراڵ دا دەبێتەوە.
بۆ پێشکەشــکردنی یەک دەنگی هەمە چەشــنەی تێکـــەڵاو و جوان کە بەروونی لە واری جێبەجێکاری گکرداری بۆ شـــێوازی گوتنـــی (کۆڕاڵ)دا دەردەکەوێت، چ لەبەشـــە وانیە بەش و چ لە میانەی بەشـــداری کردن گروپی کۆڕاڵ لە گوێگرتن و بەرچاوتریـــن چالاکییە نیشـــتمانی و نەتەوەییەکانـــی، چوارچێوەی زانکۆدا لەمیانەی فیســـتڤاڵ و ئاهەنگە ناوەندییەکانی دەزگاکان ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن وریکخراوە پیشەییەکاندا, لەوێدا وەک گروپی (کۆڕاڵ) ی دەرکەوت زوو سەرنجی پسپۆڕان و تایبەتمەندەکان ڕۆشـــنبیران بۆلای خۆی ڕابکێشێت, بەوە ناو زەدیا کرد کە گروپێک (جیاوازوخاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و لەتوانایدا هەیە چالاکی وا پێشـــکەش بکات هیچی کەمتر نەبێ لەهەر گروپێکی کۆڕاڵی پیشـــەمەند واتە (محترف). لەهەر وڵاتێکی پێشـــکەوتوو لەباری شارستانی و هونەریدا گروپێکی دروســـتی لەو چەشـــنە لەبارەی هونەری و پوخت و دروست لەبارەی دەنگەوە – بەڵگەن بۆ ئەوەی پشتگیری بکرێن و پێشنیار دەکەین ناویان لێبنرێت کۆڕاڵی ناوەندی نیشتمانی).

**سەرچاوە:**

دراسات موسیقیة د. علی عبدالله، وزارە الثقافة دارالشؤون الثقافیة العامة بغداد ١٩٩٩.

## پەیوەندی نێوان دەنگ و ڕەنگ

مۆســیقا بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێک و هــەر دەنگێکیش بریتیە لە لەرەلەرێکی دیاریکراو لە چرکەیەکدا. ڕەنگیش بەهەمان شێوە بریتیە لە ژمارەیەکی دیاریکراوی لــەرە لەر لە چرکەیەکدا، بەڵام لەرەلەرێکی بێ شــومارو زیاد لە تواناو هێزی بیستن، هەروەک چۆن لەرە لەرەکانی دەنگ لە هەوادا دەلە رێنەوە، لەرەلەرەکانی تیشکیش لە بۆشایی ئاسمان دەلەرێنەوە.

خێرایــی ئەو دەنگانەی کە مرۆڤ توانای بیســتنیانی هەیە لە نێوان (١٦) تاکو (٢٠) لەرەلــەر دەبێت لــە چرکەیەکدا، بەڵام خێرایی ئــەو بینراوانەی کە ڕەنگ پێکدەهێنن لە نێوان (٤٥١) تاکو (٧٨٠) هەزار ملیۆن لەرەلەر دەبێت.

هەر کاتێکیش ئارەزووی ئەوەمان کرد هەمان دەنگ ببیستین بەڵام بەشێوەیەکی تیژتر، پێویستە لەسەرمان ژمارەی لەرەلەرەکان بکەینە دوو ئەوەندە، بەهەمان شێوەش ســەبارەت بە ڕەنگ......زاناکان لە سەروی هەموویانەوە نیوتن وای دەبینن کە ئەو ڕێژە بیرکارییەی نێوان شــەبەنگی هەر حەفت دەنگەکە یەکراست و بەرامبەرن لەگەڵ حەفت دەنگەکەی مۆسیقادا.

لێرەوە هەوڵی زانستی پێکرد بۆ بەیەکبەستنەوەی ڕەنگ و دەنگ لەنێوان چاوو گوێچکەدا، ئەویش بەژەنینی مۆسیقاو نمایشکردنی ئەو ڕەنگانەی بەرامبەریان.

هەندێک گەورە مۆســیقاکار لە ویژدانی خۆیانەوە مۆسیقاو ڕەنگیان بەیەکتر بەســتۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە بەســتنەوەیە لە هەســتی کەســایەتی وئەزموونــی هونــەری وژیانــی خۆیانەوە هەڵقــولاون دەبینیــن دیاریکردنی پەیوەندیەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکــی تر جیاوازە، هەر بۆ نموونە لە کۆتایی بابەتەکەدا بەســتنەوەی دوو بلیمەتی مۆسیقا لەو خشــتەی خوارەوە دەخەینە روو، کە ئەوانیش:ریمسکی کۆرساکۆف و سکریابینە.

هەولە ســەرەتاییەکان بۆ بەســتنەوەو بەرامبەرکردنی نێــوان دەنگ و ڕەنگ لەسەدە شارستانیەتیە کۆنەکانەوە دەستی پێکردووە.

گەورە زانای ئەســکەندەری (بطلیموس) لە ســەدەی دووەمی پاش زاین دەستی پێکرد:مۆسیقا ڕەنگی هەستەوەری بەکار دێنێت لە ڕێگەی هەمەرەنگی ئۆرکێسترالی ویسبەرە گوزارشارت کە ڕەکانەوە لە ڕێگەی گوێچکەکانمانەوە دەیانبینین.

لە سەرەتای ســەدەی حەڤدەهەم کۆمەڵێک زنانی مۆسیقا تاقیکردنەوەیەکیان

**ئەنجامدا بە ئامانجی ئەوەی لە یەک کاتدا ئەدای مۆسـیقاو بینراوێک بەیەکەوە بکەن.**

**دواجـار ولاس ریمنجتون (١٨٥٤–١٩١٨) ئۆرگی تیشـکی رەنگی داهێناو تۆماس فیلفریدی دانیمارکیش ئامێری (کلافیلوکس)ی داهێنا، ساڵی (١٩٢٢) نمایشی کرد.**

**(کلافیلوکس) ئەو ئامێرەیە کە هەرگیز مۆسـیقای بیستن ناژەنێ بەڵکو ئەوانە دەژەنێت کە تایبەتە بە خودی داهێنەرەکەی کە تەنیا رەنگی بۆ بەکار دەهێنێت.**

**ساڵی (١٩٣٤) (فریدیک بنتا) ئامێری (کونسولی تیشکی رەنگاوڕەنگ)ی داهێنا.**

**جێی وەبیرهێنانەوەیە هونەرمەندی کۆچ کردوو (والت دیزنی) سـاڵی ١٩٣٧ ئەو پەیوەندیەی نێوان مۆسیقا و رەنگی لە فیلمی ناوداری (فانتازیا) بەکارهێناوە.**

**خشتەکە**

| ناوی پەیژە | دیاریکردنی ریمسکی کۆرساکۆف | دیاریکردنی سکریابین |
|---|---|---|
| دۆی گەورە | رەنگی سپی | رەنگی سۆر |
| سۆلی گەورە | رەنگی قاوەیی، ئاڵتونی کراو | رەنگی پرتەقاڵی ،پەمەیی |
| "رێ"ی گەورە | رەنگی زەردی هەتاویی | رەنگی زەردی بریقەدار |
| لای گەورە | رەنگی پەمەیی | رەنگی سەوز |
| می گەورە | رەنگی شینی بریقەدار | رەنگی شینی مەیلەو سپی |
| سی گەورە | رەنگی تاریک شینی مەعدەنی | رەنگی شینی مەیلەو سپی |
| فای گەورە | رەنگی سەوز | رەنگی سۆر |

**تێبینـی : ئەم بابەتە لە بڵاوکراوەیەک وەرگێڕدراوە، کە نووسـرابوو ( الموسـوعة العلمية) بەڵام ناوی نووسەرو زانیاری زیاترمان دەست نەکەوت.**

## قوتابخانەی زوڵتان کۆدای
## ١٩٦٧-١٨٨٢.Zoltan Kodaiy

خواســت و ئامانجی کۆدای لە شــێوازی پەروەردەکردنــی موزیکدا ئەوە بووە زۆرترین و بەربڵاوترین ژمارەی هاووڵاتیانی گەلێک لەگەلان فێربکرێن و سوود لەو شێوازە پەروەردەییە وەربگرن.

کــۆدای گۆرانی و موزیکی میللی بۆ ئەو مەبەســتە بــە کارهێنا – کە گەڵ پێی ئاشــنایەو دەیناســێت – ئەو جۆرە موزیکەی کردە ئامرازێک بۆ کاری فێرکاری گۆرانی وتن و خوێندنی موزیک و زانســتەکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەشــدا پلانێکی فێرکاری بۆ قوناغەکانی داینگەو باخچەی ساوایان و، موزیکی قۆناغی بالاو پێگە پشتوانی پیشەوەر دارشت.

کۆدای و ئۆرف ( Kodaiy ، Orff ) هەردووکیان لەو بڕوایەدان کە گۆرانی وتن و جوولە لەلای مندالانی بچووک کارێکی هاوبە شەو لەیەکتر جیا ناکرێنەوە. کۆدای بۆ قۆناغە زۆر بچووکەکان هەندێک راهێنانی دارشــت ، کە هاوشانی ڕۆیشتن و راکردن و خۆهەڵدان دەژەندرێن ، لە قۆناغی دوای ئەوەش هەندێک مارشی داناوە ، مامۆســتای راســپاردووە هەندێک جوولەی گونجاویان بۆ دابهێنێت. کۆدای ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پێویســتە کار لەسەر پەروەردەکردن و گەشەکردنی لایەنی هەستی جوانناسی منداڵ بکرێت – لەو بڕوایەدایە کە پێویستە لە تەمەنی زووەوە دەستپێبکرێت – لەبەرئەوەشە بۆ ئەو مەبەستە کەلەپوری گۆرانی میللی بەکارهێنــاوە ، بەڵام بــۆکاری فێرکاری خوێندنەوەی موزیک کۆدای شــێوازی جوولەی گۆرانی ئامێزی داهێناوە ، لەوەشدا بۆ هەر هێمایەک لەسەر پلێکانەی موزیک جوولەیەکی گونجاوی دەســتی بەکار هێناوە . بۆ نموونە کاتێک قوتابی هەردوو تۆنی (ســۆل – می) بەدەنگ دەردەبڕێت ، لەهەمانکاتدا شوێنی هەردوو دەنگەکە دەبینێت لەســەر پلیکانە و، دەستەکانیشی بەگوێرەی ئەو شوێنەی کە بۆی دیاریکراوە لە جەســتەدا دەجوولێنێت، وەک ئەو شێوازەی کە کۆدای بۆی دیاریکردووە.

کــۆدای لــە پرۆگرامی فێــرکاری موزیکیدا پەیــژەی پێنجی بــەکار دەهێنێت (peutatonic) ئەو پەیژەی کە هەردوو دەنگی چوارەم و حەوتەمی تێدا بەکارنایەت کە دەکاتە (فا و سی) لە پەیژەی دۆی گەورە .

لەلایەکــی دیکــەوە وا مەزەندە دەکرێت کە باشــترین و ســاناترین میانە کە پێویستە بۆ کاری دەستپێک لە قۆناغی سەرەتایی میانەی سێی بچووکی سەرەو

ژێربێت ( واته سـێی دابەزیو ) وەک (سـۆل بۆ می ) لە پەیژەی دۆی گەورە. بۆ فێرکاری کێش و ریتمیش کۆدای پێشـنیازی ئەوە دەکات کە هێڵێکی ستوونی بە کلکی رەشـەکان بکێشرێت نەک لەلای سـەرەوەیان، لەبەر ئەوەی سەرەوەیان ئاماژەیە بۆ شـوێنی دەنگەکە لەسەر پلیکانە، بەڵام بەیەک بەستنەوەی دوو هێڵی ستوونی ئاماژە کردنە بەکلکدارەکان، لەلایەکی دیکەوە کۆدای زۆر نموونەی دیکەی جۆراو جۆری پێشخسـتووە، کە دەتواندرێت ئاوازی جۆراو جۆری لەسەر بوونیاد بندرێت.

کۆدای لە فێرکاری موزیکیدا شـێوازی هەنـگاو بە هەنگاوی پەیرەو کردووە ، سـەرەتا دەستی کردووە بە ڕاهێنانی دوو دەنگ پاشـان دەنگ و تۆنی سێیەمی خستۆتەپاڵی ....هتد

لە شـێوازی فێرکاری کۆدایدا گۆرانی وتن بنچینەیە و کاری لەسەر دەکرێت ، لەبەرئەوەی قوڕگ ئامێرێکی هەمیشـە ئامادەی ئەو نێوەندەیەو، خودان هێزو توانایەکی سەر سووڕهێنەرەو، دەتوانێت گوزارشت لە زۆر لایەنی هەمەچەشنەی خاوەنەکەی بکات . جگە لەوانە کۆدای هانی گۆرانی وتنی بەکۆمەڵ و هاوشانکردنی دەنگی دیکەی داوە لە گەڵ گۆرانیبێژدا.

لە قوتابخانەکەی کۆداییدا گرنگی تەوا بە گوێگرتن دراوەو، پێی وایە کە دەبێت گوێگرتن ئامانجێکی پەروەردەیی هەبێت، وەک ئاشنا بوون و ناسینەوەی میانەکان و، پەیوەندی دەنگەکانی پەیژە بەیەکەوە، یاخود گۆرانی وتنی بەبێ دەنگی، ئەوەی دواییان زیاتر لە کاتی گۆرانـی وتنی چەند دەنگی بەکاردەهێندرێت، بۆ ئەوەی قوتابـی بزانێت چ کاتێک و لەکام دەنگەوە دەسـت دەکات بە گۆرانیەکە. کۆدای لەو بڕوایەدایە کەباشترین ئامێری موزیک منداڵ لە سەرەتاوە بەکاری بهێنێت بۆ فێربوون، ئامێری (کسایلفون و پیانۆ)یە تاکو منداڵ لەسەرەتاوە شوێنی پەنجە رەشەکان بناسێتەوە.

**سەرچاوە:**

التربیة الفنیة والموسـیقیة فی تربیة الطفل . د. مصطفی قسیم هیلات و فاطمة یوسف حصاونة. دارالمسیرة للنشر والتوزیع والطباعة .٢٠٠٧.

## گرنگی مۆسیقای فۆلکلۆری

(یەکێک لە قورسترین کارەکان پەیبردنە بە زانین لە چۆنیەتی مامەلە کردن لەگەڵ ئاوازە فۆلکلۆریەکان، من بەجورئەتەوە دەڵێم کە ئەو کارە بە قەد قورسایی نووسینەوەی کاری دانراوێکی گەورە قورسە ئەگەر لەوەش قورستر نەبێت).

ئەوە قسەی (بارتۆک)ی هونەرمەندە کە لە ساڵی (١٩٣١) رایگەیاندووەو روونی کردۆتەوە ((ئێســـتا پرسیار ئەوەیە کە ئایە مۆسیقای جووتیاران بە چ ڕێگایەک دەتوانێت کاریگەری خۆی بسەلمێنێت و رابگەیەنێت لە میانەی مۆسیقای هونەریدا (art musc) بەر لە هەموو شتێک دەتوانرێ بە پێشکەشکردنی ئاوازێکی فۆلکلۆری بەبێ گۆڕانکاری ئەوە بەدەســـت بهێندرێ بە هاوێشتنە سەری هاوشان لەگەڵیدا (accompaniment ١) یاخود بە خســـتنە سەری پێشەکیەک (prelyde) یاخود بە کۆتایەک (postelyde).

لەو نێوەندەدا دەتوانین تێبینی دوو جۆرە پێکهاتە بکەین کە ناکرێت لەیەکتریان جیابکەینـــەوە: لە جۆری یەکەمدا هاوشـــانی و پێشـــەکی وکۆتایی بە پلە دووی گرنگـــی دێن و دەبنە چوارچێوە بـــۆ ئاوازە فۆلکلۆریەکە، بـــەلاّم جۆری دووەم بەپێچەوانەوە ئاوازە فۆلکلۆریەکە دەبێتە پارچەیەکی سەرەکی و (motto) ئەوەی لە دەوروپشتی روو دەدات گرنگیەکی لەرادە بەدەر دەبێت ، زۆریش پێویستە ئەو پۆشـــاکە مۆســـیقیە کە لەبەر ئاوازە فۆلکلۆریەکە دەکەین لەسەر تایبەتمەندی ئاوازەکەدا بونیاد نرابێ).

لەوەی کە باســـکرا ئاستی کاریگەری مۆســـیقای جووتیاران لەسەر کەسایەتی هونەری بارتۆکدا روون دەبێتەوە هەروا ئاستی بەهەند هەڵگرتن و قورسی مامەڵە کردن لەگەڵ یەکەکانی ئەو مۆســـیقایەی کە پێی دەگوترێت مۆســـیقای هونەری یاخود دانراو و ئاشـــکرا دەبێت-ســـەرەڕای ئەوانە بارتۆک زۆر گۆرانی لەسەر شـــێوازی گۆرانی فۆلکلۆری مەجەرســـتان داناوە کـــە زۆر زەحمەتە لە گۆرانیە فۆلکلۆریەکان جیا بکرێتەوە.

ئەوەشیان نموونەیەکە لەو بارەیەوە:

ئـــەو پەیژەی کە گۆرانیەکەی لەســـەر داڕێژراوە پەیـــژەی (پنتاتۆنیکە) بەو بنچینەیە دادەنرێت کە بەشێوەیەکی گشتی گۆرانیە فۆلکلۆریەکانی مەجەرستانی لەسەر بونیادنراوە.



هونەرمەمد بارتۆک لەو بڕوایە دایە کە (مۆسـیقای جووتیاران سـەرەتایەکی نموونەییە بۆ وەدەستهێنانی بووژاندنەوەی مۆسیقا..........).

پێویستە لێرەدا لە تەک بارتۆکدا ئاماژە بە کۆدای هاوڕێی بکەین کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە زۆر بواری لێکۆلینەوەدا کاری لەگەڵدا کردووە.

کۆدای هونەرمەندیش گرنگی زۆری بە ئاوازە فۆلکلۆریەکانی مەجەرستان داوە، بەو پێیەی کە بنچینەیە بۆ بووژاندنەوەی مۆسیقا لە میانەی بڵاوکردنەوەی ڕێساکانی گۆرانی ووتن کە پشـت بە توخمەکانی فۆلکلۆر دەبەسـتێت لە نێو بەربڵاوترین چینوتوێژە میللیەکاندا-یەکێک لە کۆڵەگە بەهێزەکانی پرۆگرامەکەشـی جەخت کردنە سەر پەروەردەی مۆسیقایی بوو- بەوەی وەک بابەتێکی سەرەکی دەژمارد لە قۆناغەکانی خوێندندا- هەر لە دەسپێکی باخچەی ساوایان و سەرەتاییدا.

شـێوە پێکهاتەی مۆسـیقای فۆلکلۆری پێکهاتەیەکی بە کۆمەڵەو لەنێو چین و توێـژی میللی بەرفراوان و گەورەدا دروسـت دەبێت، ڕەنگدانـەوەی بابەتەکانی بـاس لە ژیانی گشـتی دەکات و کار لە بەخششـی توخمەکانی فۆلکلۆر دەبێت لەو کارە مۆسـیقیانەی کە دانەر دایدەڕێژێت، ئـەو کارانەی کە هاوکاری دەکەن لە وەدەسـتهێنانی قوتابخانەی نیشـتمانی بۆ هونەر هـەر قوتابخانەیەکیش تایبەتمەنـدی خۆی دەبێـت بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکانی تـرو ئەوانەی کە لە جیهاندا سـەر هەڵدەدەن جیابکرێتەوە-میللەتی سـلۆفاکی و ئەسـکەندەنافی پێـش گەلانی تـر کەوتوون لە بواری لێکۆلینەوە لە شـێوازەکانی مۆسـیقای نیشـتمانیدا (لەبەرئەوەی ئەوان پێشەنگ بوون لە مامەلە کردن لەگەڵ گۆرانیە فۆلکلۆریەکاندا).

هەروا دانەرە رووسـیـەکانیش درکیان بە سروشتی مۆسیقای فۆلکلۆری خۆیان کردووە (شێوازی رەسەنیان لە هونەری بۆلیفۆنی بۆ ئاوازەکانی خۆیان دۆزیەوە کـە توانی تایبەتمەندیەکانی ئەو ئاوازانـە بپارێزێت وبەهێزتریان بکات)، ئەو شـێوازانەش لەکاتی خۆیدا لەلایەک توانای ئەوەی هەبوو گوزارشت لە قۆناغی پێشەنگەکانی رووسیا بکات و لەلایەکی ترەوە تایبەتمەندیەکانی مۆسیقای روسی

روون و ئاشــكراتربكات، ئەوەش بە پشت بەستن بە توانای راستەقینە دەبێت بۆ هەڵبــژاردن و تێپەڕانــدن کە بە دوو مەرج ژمێردراون بۆ بە دەســتهێنانی کاری داهێنەرانە لە هونەردا–کارەکەتەنیا لەلای دانەرە روســیەکان نەوەســتا بەڵکو درێژە پێدانێکی سروشــتی و روونی چالاکیەکانی دانەرە ســۆفیەتیەکانی تازەی وەک: سترافنسکی وشۆستاکۆڤیج و خاچادۆریان و ئەمیرۆف بوو.ئەو دانەرانەش لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەیان گوزارشتیان لە چەمکی تازەگەریدا دەکرد کە سیمای داهێنەرانــەی هەمەرەنــگ و جوانیان پێوە دیاربوو بــە ئامانجی قولکردنەوەی پەیوەندی نێوان هونەرو فۆلكلۆر، سەبارەت بە دانەرە مەرجەریەکانی وەک:(کۆدای و بارتۆک و ئەرجەبت سوو)نیش پرسەکە بەهەمان شێووە بوو.

بە گۆرانی بوون واتە (الغنائية) خوێکی گشتی ئاوازە فۆلكلۆریەکانە، واش دەبێت ئیقاعی بوون خووی سەرەکی ئاوازە فۆلكلۆریەکان بێت ،گۆرانیە فۆلكلۆریەکان بەشــی شــێری مۆســیقای فۆلكلۆری پێکدەهێنن، لەبەر زۆری و بڵاوبوونەوەی ئامرازە سروشــتیەکانی وەک قوڕگی مرۆڤ کەیەکەمین ئامێر بووە بۆدەربڕینی گۆرانی بەکاریهێنــاوە. هونەری گۆرانی وتن کۆنترین هونەرەکانی مۆســیقایە مرۆڤ گوزارشتی پێکردبێت بۆخواســت وخۆزگەو بۆنەکان، گۆرانی فۆلكلۆری چ شــێوازی ئیقاعی بێ یان شــێوازی بەگۆرانی بــوون ،گرنگیەکی تۆکمەو قووڵی بەدەستهێناوە، لەومامەلە هونەریانەی کەلەسەریاساوکۆلەگەی دانانی مۆسیقادا بونیادنراوە– سەرەڕای جیاوازیە ماددی وسروشتیەکانی کە لەبونیادیدا جۆرەها مۆسیقای ناوچە جیاجیاکانی جیهان هەیە .گەلانی ئیتالیاوئەلمانیاو سلۆفاکیاو فنلەنداومــە جەرەســتان و، میللەتانی ئەسـکەندەنافی و ئەوانی دیکەهونەری بولیفۆنی وهارمۆنیان هەڵبژاردو کردیان بەئامرازێک بۆ بەرجەستەکردنی کاری مۆسیقای تازە ،چ لەبواری گۆرانی دانراو، بۆ ئۆپێراو دانراوە ئۆرکێسترایەکانی تایبەت بەئامێرەکانی، ئەو هەڵبژاردنە کاریگەری وشــوێن پەنجەی دیاربوولە بەدەســتهێنانی ئەو کەلەپوورەی مۆســیقا، کە جیهان پێش قۆناغی کلاسیکی و تاکو ئەمڕۆ بەخۆیەوە بینیوە.

شــێوازوجۆری جــۆری هەڵبژاردنەکــەش کاریگــەرو یەکلاکــەرەوە بــووە لەبەرجەســتەکردنی ئەو چۆنیەتیــەی کەهەردبوو بگونجابایــە لەگەڵ رەهەند هونەری وروحیەکان کەســیمای ئاوازە فۆلكلۆریەکانن، لەبەرئەوەی پاراستنی ئاوازی فۆلكلۆری وهەڵگێڕانەوەو نیشاندانی تایبەتمەندیەکانی لەنێو دانراوێکی هونــەری تازەدا بەیەکێک لە مەرجە گرنگەکانــی مامەلەکردن لەگەڵ کەلەپوری

مۆسـیقای فۆلکلـۆری دەژمێردرێت، ئـەوکارەش دەخوازێـت هونەرمەند درک بەماهیەتـی ئەوکەلەپورە بکات و، پێگەیشـتووترین ڕێگاچـارەی دۆزیبێتەوە بۆبەرجەسـتەکردنی لایەنەکانی لەشـێوەیەکی گونجاودا، بۆپێشکەشـکردنی بۆجەماوەر بەشـێوە ئەدایەکی راسـتەوخۆو کاریگەر، یاخود بەشێوەی هێواش هێواش بەگوێرەی ئاستی چێژو رۆشنبیری خۆیەوە، لەو بارەدا گوێگربەگوێرەی توانای خۆی ئاشناوشـارەزا دەبێت بەکارە هونەریەکانی مۆسیقاو، هەست بەو بابەتە فۆلکلۆریانە دەکات کەلەخودی ئەو نزیکن، بەردەوام بوونی ئەم کردارەو پێشوەچوونی کاریگەریەکی مسۆگەریان دەبێت بۆهێنانەکایەی ئەدەبێکی مۆسیقی نیشـتمانی، کەمەرجی بابەتی و روحیان هەیە لەڕێگـەی ئەوکرداروداهێنانەی دانەرەکان جێبەجێی دەکەن.

ئەوەش بـوو وای کرد هەریەک لە کۆدای و بارتۆک زیاتر لە نیو سـەدە بەر لە ئەمڕۆ (نووسەر ئەو بابەتەی لە سـاڵ ١٩٧٤ نووسیوە. وەرگێڕ) کردبوایان بە ئامانجی خۆیان گەشتی گەڕانەکەشـیان بۆ بەدواگەڕانی گۆرانی فۆلکلۆری، بەگۆرانیە فۆلکلۆریەکانی مەجەر دەسـتپێکرد، یەکەم کۆمەڵە بڵاوکراوەشیان لە سـاڵی (١٩٠٦) بڵاوکردەوە، کەپێکهاتبوو لەکۆمەلە گۆرانیەکی هاوشـان لەگەڵ ئامێری پیانۆ، مەبەستیشـیان لە بڵاوکردنەوەی ئـەو کۆمەڵەیەدا (دۆزینەوەی زمانێکی نوێ بوو بۆ دانراوە نوێیەکان ئەوەش پێداویستی دروستبوونی گوێگری رۆشنبیری هێناکایەوە).

لەبەرئەوە بڵاوکردنەوەی رۆنشبیری هونەری مۆسیقا لە نێوەندە جەماوەریەکاندا کارێکی زۆر پێویسـت بوو لەپێناو دروسـتکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بۆ چێژ وەرگرتن لە مۆسـیقا لەو روانگەی کە (مۆسیقا سەرمایەی هەموو تاکێکە) کۆدای دەڵێت (بۆ دروسـت کردنی ئەدەبێکی مۆسیقای نیشتمانی سێ پێداویستی گرنگ هەیـە: یەکەم دابوونەریت دووەم: بەهرەی تاکەکەس سـێیەم :پەیوەندی روحی ئەو خەڵکانەی کە پێشـوازی لە بەهرەی تاکەکەسی دەکەن هەروەک ئەوەی هی خۆیان بێت، کۆدای سـەبارەت بە مومارەسـەی هونەریانەو کردنی لەبەرانبەر دابوونەریتـدا دەڵێت (--- هیچ پێگەیەکی بەپیت بۆ دابوونەریت نیە لە لایەکی دیکەوە دابوونەریت بە تەنیا ناتوانێت شێوازی هونەری تازە دروست بکات لەهەر ئاستێکی کاریگەری و بزاوتەدا بێت) لێرەدا هونەرمەندو کۆمەڵگا رۆلی کردەنیان دەبێت لە کاری بەرهەمهێنانی مۆسیقاو پێشوە چونیدا، دابوونەریت ئەوتووخمە پێویسـتانەی کە کاری داهێنان پێویستیەتی بۆ هونەرمەندی دەستەبەر دەکات،

بەهرەی تاکەکەسیش کاریگەری ماددی راستەوخۆی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەدەبی مۆسیقای نیشتمانی ئەوپرسە لەلای بارتۆک و کۆدای شێوە پرۆگرامێکی گشتیان وەرگرت و پێیان وابوو دەبێت شێوازێک لە دانان دروستبکەن گوزارشت لە کەسایەتی مەجەری بکات، دوور لە شێوازی ئەو قوتابخانە هونەریانەی کە لەو سەردەمانە باوو بوون، بــە تایبەتیش قوتابخانەی ئەلمانی باتــۆک دانەرێک بوو توانای ئـــەوەی هەبوو کارە هونەریەکانی بگەیەنێتە دەرەوەی مەجەر، هەروا کۆدای ئەو داهێنـــەرە بوو کە دانراوەکانی توخم و ئامرازی فۆلکلۆری پووختەکراویان لەخۆ دەگرت، کە ئەوەشـــیان هاریکار بوو بۆ چەسپاندنی مۆرکی ئاوازە مەجەرییەکان کارەکانی ئەو دوو پێشـــەنگە شـــێوازێکی کامل و پووختی رەنگدانەوەی هەردوو چەمکی کەلەپوور و ســـەردەم بـــوون کە بووە هۆی هۆشـــیاریەکی کۆمەڵایەتی سەرتاپاگیر بەرامبەر هونەری مۆسیقا.

**سەرچاوە:**

فی اصول الموسیقی الفولكلورية اسعد محمد علی مطبعة دارالساعة بغداد ١٩٧٦.

## سەبارەت بە سروودی نیشتمانی عێراق

ن. د.محەمەد عەزیز زازا

هەردوو کێشـــەی ئاڵاو سروودی نیشـــتمانی عێراق تاکو ئێستا لە نێوەندی ڕۆشـــنبیری و ئەوانەی گرنگی بەو بابەتانە دەدەن لەبۆچوونی جیاوازی لایەنی کـــوردی وعەرەبی وتورکمانی وکلدۆ ئاشـــووریەکان زۆرێک لـــە گفتوگۆو بیرو بۆچوونی جیاوازی و وروژاندووە،کاتێکی زۆریش بەســـەر ئەوەدا تێپەر دەبێت پێش ئەوەی ڕێککەوتنێک لەسەر ئەو کێشەیە بێتە ئاراوە، هیچ سەرسوڕمانێکیش لـــەوەدا نییە، لەبەرئەوەی هەریەک لە ئاڵاو ســـروودی نیشـــتمانی دوو هێماو ئاماژەی گەورەن بۆ ئاییندەی عێراقی تازە.

لەو چەند دێرەدا باس لە کێشەی سروودی نیشتمانی عێراقی دەکەین ئەوانەی کە گرنگی بە پرسی عێراق دەدەن لەو بارەیەوە دواون و تاکو ئێستاش بەردەوامن.

بۆ نموونە:لە وتارێکی مامۆســـتا (علی الحلی) کە لە ژمارە (٩٤)ی ١٩/١٠/٢٠٠٣ ڕۆژنامـــەی (الصباح)دا بلاوکراوەتەوە، ناوبراو ڕەخنە لەداواکەی (عبدالســـتار مهنا) دەگرێت کەدەڵێت: ((دانانی ئاوازێک بۆ سروودی نشتیمانی عێراق پێویستە تەنیا لەلایەن ئـــاواز دانەرێکی عێراقیەوە بێت)).(الحلـــی) لە وتارەکەیدا داوای کرانەوەی پڕ لە حەماســـەتی ویژدانی دەکات بەســـەر پەنجەرەکانی ئازادیدا و دەڵێت: ((با ماوە بدەین هەموو گولەکان بپشـــکوێن و هەموو توانا عەرەبییەکان موتربە بکرێن بەبێ دیاریکردنی سنووری جوگرافی......))

بەو شـــێوەیە مامۆســـتا (الحلی) جارێکی تربەســـەر هەموو بەهـــرەو توانای عێراقیەکاندا پـــاز دەدات (لە عەرەبی و کوردی تورکمانی و ئاشـــووری....) بۆ ئەوەی پێشـــنیار بکات جارێکی تر مۆســـیقا زانی لوبنانی دکتـــۆر (ولید غلمیە) ئاوازی ســـروودی نیشـــتمانی عێراقی تازە دابنێ،پێشـــتر (غلمیـــە) زۆر ئاوازو ســـەمفۆنیای (المتحفیة)ی نووسیوەتەوە کە جەنگی ڕژێمی سەددامی گۆربەگۆری پیرۆز کردووە،(بۆ نموونە سەمفونیای قادسیە) ئەویش وەک زۆر لە ڕۆشنبیران و شاعیران و هونەرمەندان و ڕۆژنامەنووسان و بۆرە پیاوانی ئایینی و سیاسەتوانانی گاڵتەجارو دەجالە خاوەن دوکانەکانی تێکۆشانی نەتەوەیی.

ئایـــە کتێبـــی (حـــراس البوابة الشـــرقیة)ی (جمـــال الغیطانی)یتـــان بەبیر دێتەوە؟.....

که سـوارچاکی هێنانەدی خەونی پرۆژەی نەتەوەییان لە رژێمی سـەدام وێنا دەکرد.

ئەرێ بۆ دەبێ (الحلی) لەسـەر ئەوە رازی نەبێ کە ئاوازی سرووودی نیشتمانی عێراق لەلایەن ئاواز دانەرێکی عێراقیەوە دابندرێ؟

منیش ئەوەی دەخەمەسەر:-

بۆ بانگەشـە بۆ پێشبڕکێیەکی (شـیعروئاواز) ناکرێت کە راگەیاندنەکە تەنیا ئاراستەی شاعیران و مۆسیقاکارانی عێراق بکرێت؟ بۆ ئەوەی سرودێکی نیشتمانی لێبکەوێتەوە گوزارشـت لە عێراقی تازە بکات هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و تایفەکانیەوە ئـەو عیراقەی کە بە داخەوە تـرس و دڵەراوکێی لەلای زۆرینەی نوخبەی سیاسی و رۆشنبیری عەرەبی و روژاندووە.

سـرووودی نیشتمانی عێراقی بەیاننامەیەکی حزبی نییە تاکو لە ڕێگەیەوە دیدو بۆچوونی ئەو حیزب و ئەو حیزبی لەسـەر نیشـتمانی هاوبەش پێ دیاریبکرێ ئەوە شتێکی فراوانترەو زۆر لەوە پیرۆزترە.

ئەری بۆ جاران و ئێستاش سرووودەکانی برایانی (فلیفل) وەک سرووودی (موطني، فی سـبیل المجد) زۆر جوان و گوزارشـت ئامێز بوون و خەڵکان هەر هەموویان سەرەرای جیاوازییەکانیان دەیانڵێنەوە؟

وەڵامەکە روون وسادەیە:

سـرووودەکانیان راستگۆو گوزارشـتکارو گشـتگیرتر بوون لەهەموو سرووودە (شۆرشگێریەکان، پێشکەوتووخوازەکان، مولتەزیمەکان) ئەو سرووودانەی حیزبە سیاسـیەکان و کۆمەڵـەو هێزە سیاسـیەکان رتوشـیان کردبوون، زۆرێک لەو حیزبانە لەکاتـی کاری نهێنی و ئاشـکرایاندا یاخوود لە سـەرەتای (کودەتا شۆڕشگێریەکانیاندا) پشتگیریان لە سرووودەکانی (فلیفل)دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی دەستیان بەسەر دەسـەڵات و گەڵدا دەگرت، وازیان لەو سرووودانە دەهێنا، پاش ئەوەی قۆناغی ڕتووشـکردنی سرووودی دروستکراو دەهات کە تەنیا گوزارشتیان لە خودی حیزبی دەسەڵاتدار دەکرد.

بـۆ نموونە چ نهێنیەک لەوە دایە ئەمڕۆ سـرووودی (وطني) بە خۆشـحالیەوە لەلای هەمووانەوە لە عێراقدا پێشـوازی لێ دەکرێت، تاکـو ئەو رۆژەی بڕیار لەسەر سرودێکی نیشتمانی هەمیشەیی بۆ عێراق دەدرێت؟

هەروا دەبێ چ نهێنیەک لەوەدابێ کە سروودی (فی سبیل المجد)یان سروودەکانی تری برایانی (فلیفل) لە گرتوخانەکاندا لەلایەن تێکۆشەرانی هەموو حیزبەکانی بەرهەڵستکاردا دەوترانەوە.تاکو ئێستاش ئەو سروودانە (من محیط الی الخلیج) لەبۆ نیشتیمانیەکان و تەنگژە خێراکان وگەشتەکانی قوتابخانەو خێوەتگاکانی لاوان و ئاهەنگی شـەوان و زانکۆکان لە نــاوەوەو دەرەوەی وڵاتدا دەوترێنەوەو دەژەندرێن.

دیسان هۆیەکەی روون و ئاشکرایە:

ئەو سـروودانە بەکردەوە گوزارشـتکاری راسـتگۆن و ئاوازو هۆنراوەکانیان جوانن، لەسـەرەتاوە تاکو کۆتایی بـەلای میللەتدا دەشـکێنەوە، بەرامبەر بە پارەوپول و، راسپاردەی دەسەڵاتێک نەنووسراونەتەوە، ئەوەی سەربردەی ژیانی برایانی (فلیفل) بزانێت دەزانێ ئەو سروودانە چۆن و لەبەرچی نووسراون.

لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو هەمووە بەس نییە بۆ سرودی عێراقی نوێ، ئەو عێراقەی مافەکانی عەرەب و کورد وتورکمان وکلدۆ ئاشووری تێدا پاریزراو دەبێت، لەگەڵ مافی هەموو ئاین و تایفەکانی تر؟

ئایە ئاهەنگی دەسـتپێکی یاریەکانی ئۆلمپیتان بینی کە لە ئەتلەنتای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوە چوو؟ چۆن کەڤالە مۆسـیقیەکانی گوزارشتیان لە شارستانیەت و رۆشنبیری تەواوی پێنج کیشوەرەکە دەکرد لە ڕێگەی ئەو هێما پر گوزارشتکارە جوانانەی کە لەخۆیان گرتبوو، هەروا پاشبەندی (یالیلی یاعین) بـە عەرەبی لەخۆگرتبوو کە هەموو عەرەب کەیفیـان پێوە کردووە وەک (طرب) ختووکەی هەست و سـۆزیانی داوەو پر حەماسـەتی کردوون، ئەگەر ئەوەیان روویداو روو دەدات ، سـەبارەت بە ئاهەنگی کردنـەوەی یاریەکانی ئۆلمپی کە هەر چوار سـاڵێک دووبارە دەبێتەوە، ئەدی چی بۆ سروودی نیشتمانی عێراقی دەلێیت، کە دەخوازێت هێمایەک بێـت بۆ لایەنگیریەکی گەورە بۆ خاکێک کە لە دێر زەمانەوە نەتەوەو رۆشنبیریی جۆراوجۆری لەسەردا دەژێت.

سـرووودی نیشـتمانی تەندەروبەلێندانی باڵەخانە دروسـتکردن و پێشبڕکێی پرۆژەیـەک نییە تاکو بدرێت بە (باشـترین خانەی بیناسـازی ئەندازیاریەوە) هەروەک مامۆسـتا (الحلی) پێشـنیاری کردووە ، لەمیانەی شـیکردنەوەکەیدا سـەبارەت بەوەی کە دانانی سـروودەکە بدرێت بە توانا ئەکادیمیەکان)ی وەک دکتۆر غلمیە.

بەڵكو پێویســـتە ئاوازی ســروود بەرهەمێک بێت لە ویژدانی ئەو میللەتانەوە هەڵقوڵابێت کە لەســـەر خاکی عیراقدا دەژین، بـــەر لەوەی دەوڵەتی عیراق لەو چواچێـــوە جوگرافیەی ئێســـتایدا پێکبهێندرێت. دوای روخانـــی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی. لە وڵاتی جەزائیردا زۆرم لە رۆشـــنبیران وهونەرمەندانی ئەو وڵاتە بینـــی (لە عـــەرەب و ئەمازیغی و شـــاوی و تەوارق) ئاهوحەســـرەتی ئەوەیان هەڵدەکێشا کە ئاوازی سروودی (قسما بالنا زلات الماحات) لەلای ئاواز دانەرێکی جەزائیریەوە دانەنراوە ســـەرەرای جوانی و بەهێـــزی ئاوازەکە و ئەو گروتینە بەهێزەی پەیوەندی نێـــوان بەرەی ئازادی خوازی جەزائیری وبەســـتنەوەی بە میسری عەبدولناسرەوە. کە لەپێناو سەرکەوتنی میللەتی جەزائیرو شۆرشەکەی دژی داگیرکەری فەرەنسی بەخیلی بەهیچ شتێک نەکردووە.

با روێکی تر بە ئاماژەی باسەکەمان بدەین:

ســـروودی فەرمی کۆماری چیکســـلۆفاکیا لە دوو بەشی ســـەربەخۆ و جیاواز پێکهاتبوو لە هۆنراوەو ئاواز، یەک لەدوای یەک دەژەندران و دەوتران سروودی چیکی و پاشان سروودی سلۆفاکی ئاوازی سروودی یەکەم لەسەر پەیژەی گەورەو بە زمانی چیکی بوو، سروودی دووەم لەسەر پەیژەی بچووک و بەزمانی سلوفاکی بوو.

سروودەکە بەو شێوەیە مایەوە تاکو هەردوو لا بە رەزامەندی خۆیان سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندو لە یەکتر جیا بوونەوە.

وای بۆ دەچم هەموو ئەوانەی کە گرنگی بە کێشـــەی سروودی نیشتمانی عێراقی دەدەن دەزانن کە ســـروودی نیشتمانی کورد چەندین نەوە بەر لە ئەمرۆ سروودی (ئەی رەقیب) بووە.

چەندیـــن نەوەش بەر لە ئەمرۆ لـــە هەموو بۆنە و ئاهەنگ و کۆرو کۆبوونەوە کوردیەکانی کوردستانی عێراق دەژەندرێت و دەگوترێتەوە.بۆیە پێویستە میللەتی کورد لە کوردســـتانی عێراق لەبیرو هزری هەر کەسێک دابێت کە باس لە بابەتی سروودی نیشتمانی عێراق دەکات، هەروەکو بابەتی ئاڵاو دەستووری عێراقی.

پرسیار:-

ئایا سروودی نیشتمانی عێراق تەنیا بە زمانی عەرەبی دەبێت؟ خۆزگە کێشەی ســـروودی نیشـــتمانی عێراقی لەلای هەمووانەوە بە هەمان رێژە لە جدیەت و

هەستکردن و بەگیانی بەرپرسیاریەتەوە وەردەگیراو دەخرا بەرباس و گفتووگۆوە، وەک چۆن کێشـــەی ئاڵاو دەســـتووری عێراقی لەلای هەمووانـــەوە خراوەتەوە بەرباسەوە.

**سەرچاوە:**

دەستنووسی د .محەممەد عەزیز زازا.

## لەبەرچی مۆسیقا؟

لێکۆڵینەوە لە مێژووی مۆسیقا پێویستی بە گەڕانەوەی خاڵی دەستپێک هەیە، چ بە قوولی خزابینەتە نێو وردەکایە هونەریەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی مۆزیکالۆجی، یاخود بەرامبەر گۆڕانکاری چێژی مۆسیقاو تیۆورە هەمە جۆرەو دژ بەیەکەکانی دۆش دامابین، یاخود گوێگری مۆسیقاو بژەنی گروپێکی جاز بین، یا سەماکار بین..پێویستە هەمیشە ئەوەمان لەبیربێت کە ئەو سەرەتایەی هونەری مۆسیقا کە بە سەدان هەزار ساڵ بەر لە مێژوو دەستەبەر بووە، بۆ سەرلەبەری لێکۆڵینەوەکانمان ئەو بارەمان پێ دەبەخشن کە رۆژنامەنووسەکان ناویان لێناوە: توخمی تەشویقی مرۆڤایەتی (عنصر تشويق الانسانی).

گیروگرفتی سەرەکی ئێمە ئەوە نییە کە باب و باپیرانی ئێمە چۆن مۆسیقای خۆیان دروست کردووە؟ یا چ ئامێرێکیان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی مۆسیقاکەیان؟ ئەگەرچی ئەوەشمان گرنگی خۆی هەیە، بەڵام ئەو گرفتەی کە دەتوانین دیدوبۆچونێکی ساغلەمی لێدەربخەین ئەوەیە: ئاخۆ لە بنچینەوە باب و باپیرانمان لەبەر چی مۆسیقایان دروست کردووە؟

ئایە ئەو پێداویستیە مرۆییانە چین کە مرۆڤی سەرەتایی هەولی ئەوەی بۆ دەدات مۆسیقاکەی پێ دەولەمەند بکات؟

مرۆڤی کۆن لە ڕابردوودا هەر کاتێک هەستی بە برسی بوون بکردابایە نانی دەخوارد.ئێمەش هەروادەکەین.....

مرۆڤی سەرەتایی مۆسیقای بۆ رازیکردن و درێژە پێدانی خۆشەویستی وسۆزداری دروست دەکرد، هەروا بۆ گوزارشتی هونەری، ئەوەشیان ئارەزووێکی مرۆیی ڕەسەنەو نزیکە لەوەی بەرامبەر بێت لەگەڵ گرنگی پێویستی گیانلەبەران بۆ خواردن.

مرۆڤی سەرەتایی یاخود باب وباپیرانی بەرلەخۆی، بەخودی ئەو ماددە خامانەی مۆسیقا کە تاکو ئەمرۆش درێژەیان هەیەو بەردەوامن دەستیان بەو زنجیرە داهێنانە دوورودرێژانە کرد.ئامانجیش لەو تاقیکردنەوانەدا، جێبەجێ کردنی پێداویستیەکی مرۆیی گەورە بووە.

بەرچاوترین سیفەتی ئەو پێداویستیە سۆز ئامێزەش، لە پەیوەندی لەگەڵ مۆسیقادا، ئەو دووفاقیەیە.ئەو سیفەتەی گەر بێت و لێکۆلەرەوە بە دروستی

بزانێت هەستی پێ بکات لەسەر لەبەری لێکۆڵینەوەی مێژوویدا ڕێگای بۆ ڕۆشن دەکاتەوە....

دیارە گوزارشت کردنیش لەو ئیزدواجیەتە لە هەندێ لەو تیوورە دژبەیەکانەی پەیوەست بە مۆسیقای سەرەتایی بە ڕوونی دەردەکەوێت.بۆ نموونە:تیووری (سبنسەر) مۆسیقای سروشتی سۆزداری وخۆشەویستیە.... لەسەر بنەمای ئەو تیوورەش مۆسیقا بە درێژە پێدەری ئارەزووە سەرەتاییەکانی بەردەوامی دەژمێردرێت... بە واتای...هەموو کردەوەو وەزیفەکەی بە گەیاندنی هەست وسۆزداری مرۆڤەوە بەندە.

لەلایەکی ترەوە تیوورەکەی (فلاشیک) پالنەرە مۆسیقیەکە بۆ سەرچاوەی ستاتیکاو جوانی دەگێڕێتەوە،کە لە خولیا ڕیتمییەکە هەڵدەقوڵێ، لەبەرئەوەی مۆسیقای ئامێرەکە لە پێشەوەی مۆسیقای گۆرانیەوە دێت،وەزیفەی هونەری مۆسیقاش بە تەنیا ڕازی کردن و تێرکردنی پێداویستیە ستاتیکیەکەیە.

**بۆ ئامادەکردنی ئەو بابەتە سوود لە کتێبی: تاریخ الموسیقی العلمیة ئیۆدۆرم فینی. وەرگیراوە.**

## به جیهانیی بوونی هونەر

یەکێــک لەو بۆچوونە باوانەی کەزۆر گوێبیســتی دەبین لەســەرزاری زۆرێک لەموزیکژەنان و گۆرانی بێژان و ڕۆشــنبیرانمان بەگشــتی، خولیاو ئەندێشەی گۆڕین و (گواســتنەوەی گۆرانی عەرەبیە لەئاستی ناوەخۆ، بۆئاستی جیهانی). بــەڵام گەربێت ولە ماناکانی ئــەو دوو زاراوەیە وورد بینــەوە بیروڕاو چەمکی جۆراوجۆرو گەورە دەبینین سەبارەت بەئەم بابەتەوە.

لەبەرئەوە بابەتەکەمان تەنیا لەسەرچەمکی باوەی ناوەخۆ و بەجیهانی بوون لە هونەردا چڕدەکەینەوە. ئەوچەمکەی کە هونەرمەند( فرید اطرش) مەبەستی بوو و بەدرێژایی سی ساڵ باسی دەکردو دەیگووت موزیکی عەرەبیم بەجیهانی کردووە، تەنیا لەبەر ئەوەی ئاوازی گۆرانیە بەناوبانگەکەی ( یازهرە فی خیالی)لەکاتی خۆیدا لە هەندێک شەوانەی رۆژئاوییدا دەژەندرا. هەروا هونەرمەند (عبدالحلیم حافظ) یش هەمان بیروباوەری هەبوو کاتێک کەسەیری دەکرد گۆرانیەکانی (ئەلفیس بریسلی وشارڵ ئەزنامورو ئەنریکوماسیاس) لەهەموو لایەکی جیهاندا بڵاوبوونەوە بەهەمان شێوە ئەوانیش خەونیان بەوە دەبینی کە رۆژێک لەڕۆژان گۆرانیەکانیان وەک ئەوان بەهەمان شێوە بەهەموو جیهاندا بڵاو ببێتەوە .

گەورترین هەڵەی ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە بیرو بۆ چوونەیان هەیە ئەوەیە کــە هەردوو بابەتی بڵاو بوونەوەی گۆرانیەک و پارچە موزیکێک، لەگەڵا بەهای ڕاســت و دورســتی هونەر تێکەڵا بەیەکتردەکــەن . زۆر گرینگە ئێمە لەو کاتەی کــە ڕووبەرووی بڵاوبوونەوەی بەڵێشــاوی موزیکی (پۆپ و دیســکۆ) دەبینەوە وریا بین و، لە هەمانکاتیشــدا گرینگە لەسروشتی ئەو سەردەمە بگەین کە تێیدا دەژین، لەگەڵ ناوەندە کاراکانی هێزو دەسەلات لەو سەردەمەدا. کە گرنگترینیان تــۆڕی ئابووری جیهانییە کە لەژێرکێفی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادایە. هەروا فەلســەفەی بەکاربەری پڕوپاگەندە کردن بــۆ هەر بەرهەم و کالایەک کە مەبەستیەتی بازاڕی بۆ پەیدا بکات ،جا ئەو بەرهەمهێنراوانە چ ئۆتۆمۆبێل بێت یان گۆرانی – کەئەوەیان زۆر ترســناکە – شــێوازێکی تەواوی بۆژیان پێیە کە مەبەستیەتی بە سەرهەموو گۆی زەویدا بڵاو ببێتەوە.

ئەگەر هاتوو ئەو لایەنەی سەرە داوەکەمان گرتە دەست زۆر لە شتە ئاساییەکنی ژیانی سەردەممان لەبەرچاو دەروخێت کە ڕۆژانە لە سووڕی بەردەوامی خۆییدا

دەمـــان هارێتـــن ،وەک بڵێی چرکەیەک بــۆ کەس نەهێڵێتەوە تاکــو بە ئازادی وئـــارەزووی خۆی ئەوە هەڵبژێرێت کە لە بەری دەکات و، دەیخوات و یان گوێی لێدەگرێت و، لەماڵەوە دایاندەنێت.

سەرباری ئەوە ئێمە سێسەدەیە لە بوارەکانی ئابووری و زانستی و رۆشنبیریدا لە ژێر چەتری شارســـتانیەتی رۆژ ئاوادا دەژین و، بە روونی درک بەوە دەکەین کە زیاتر لە هۆکارێک و توخمێک دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەم و کالای رۆشنبیری (موزیکی) رۆژئاوا رەواج پەیدا بکات کەبەهای هونەری تەنیا یەکێکە لەوتوخمانە. راستە کە موزیک و شێوازی [دیسکۆ] توانای ئەوەی نیە بەرفراوانی بلاوبێتەوە، گەر گوزارشتی لە سەلیقەو شـــێوازی ژیانێکی بەر بڵاوی نەوەیەکی دیاری کراو نەکردبایە ،کەنەوەی گەنج و لاوانە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێ وتی ئەو شێوازەی ژیان دروســـتە؟ کێ وتی ئەوە بەسەر زۆر شـــوێنی دیکەی جیهان نەسەپێندراوە بەهـــۆی ئامرازێکی داگیرکەرانە کە تاکو ئێســـتا مێژوو نموونەی وای نەدیوە لە خۆسەپاندن و شێوازە تێکچڕژاوەکەیدا؟

خودی رۆژئاوا چەند ســـەدەیەکە بەدەست دەسەڵات و شێوازی ژیانی ئەمریکایی و بەهای کۆمەلاتی و رۆشـــنبیریەکانیەوە گیـــرۆدەی تەمبەلی بووە لەگەڵ ئەوەی رۆژئاوا خۆی لانەو دایکی شـــەرعی شارســـتانیەتی تـــازەی ئەمریکاییە ،ئەگەر لەگـــەڵ رۆژئاوا وابێت ، ئەدی دەبێ ئەو پەیوەندیانە لەگەڵ جیهانی ســـێیەم و گەلانی چۆن چۆنی بکەوێتەوە؟ جارێکی دیکە لەدرێژەدان لەو باســـە دەوەستین و دەگەڕێینەوە سنووری سەرنجراکێشان بۆلای ئەو ڕێسا زێرینەی کە دەڵێت[مەرج نیە هەموشـــتێکی بەناو بانگ گرنگ و بەهاداربێت ]گەر هاتوو بمانەوێ لاسایی ئەو لێشـــاوەی گۆرانی و موزیکە باوانەی دووســـەدەی دوایـــی بکەینەوە بروابە جیهانیی بوونی بەرهەمە موزیکـــی و گۆرانیەکانمان بهێنین ،خۆمان دەدۆڕێنین بێ ئەوەی هیچ شـــتێک ببەینەوە .دوای ئەوە هەڵوەستە لەسەر لایەنێکی دیکەی بابەتەکە دەکەینەوە ،ئەویش هەســـت کردنە بەپاشـــکەوتوویی و شـــەرمکردن لەموزیکی خۆمان،ئەگەر هات و بێگانەیەک چێژی لێوەرنەگرێت ،ئەوە پێوەرێکی دیکەی زۆرزۆر هەڵەیە،ئێمە لەســـەردەمێک دەژین هەروەک وتمان سەدەیەکە کە رۆژئاوا ســـەرکردایەتی شارســـتانیەتی جیهان دەکات ،یەکێک لەلایەنە باش و بەرچاوەکانی ئەویە کەپێشەوای رێنساسی موزیکی تازە لە رۆژئاوا هونەرمەندی

بەڕەگەز ئەڵمانی [بوهان سبستیان باخ]،ئەو هونەرمەندەی کە هەر لەسەرەتای سـەدەی هەژدەم چارەکە دەنگـی لەپیژەی موزیکی رۆژئـاوا رەتکردەوە، تاکو وایلێهات چارەگە دەنگ بۆ گوێچکەی مرۆڤی رۆژئاوا لە دوادوایی سەدەی بیستەم بووەبە شـتێکی تێکەڵاو و نامۆ ،بەڵام ئەو ڕێرەوە مێژووییە شـتێکەو، بەهای ڕاست و دروستی موزیکی عەرەبی و مەقام و ریتمەکانی شتێکی دیکەیە.

ئێسـتا خودی رۆژئاوا کەئێستا سەرکردایەتی شارستانیەتی جیهان دەکات، هەستدەکات کە خەریکە وورده وورده سـەرچاوە موزیکوکانی وشک دەکات ئەو بڵاوبوونەوەی بەڵێشاوی هەر شـەپۆلێکی موزیکی تازەش باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی، ئەو شەپۆلانەی کە خۆزگەو هیوایەکیان تێدایە بۆدەرچوون لەو گێژاوە. پێویستە لێرەدا هەڵوەسـتە لەهەمبەر ئەو هەمووپێشوازیە سەر سووڕهێنەرەی ئێستاکە بکەین کە لە هەندی گۆرانی دیاریکراو دەکریَ، بۆ هیچ شتێک نا،تەنیا لەبەر ئەوەی گەرم و گوڕی و رێساکانی ئەفریقیایی لە خۆی دەگرێت،یان گەرم و گووڕی ئاوازە رۆژهەلاتیەکانیانی تێدایە ،لەگەڵ ئەوەی خاوەنی ئەو گۆرانیانەی خۆیان وەک [دیمیس روسـوس] تێڕوانینێکی زۆر خراپ و دکتاتۆریانە لەسـەر موزیکی رۆژهەلات نیشـان دەدات کەواتە بێ خۆهەڵکێشـان و فێل لە خۆکردن و ، یان وا خەیاڵبکەی کە موزیک گەیشـتۆتە لووتکە لەم رووەوە پێویسـتی بە پێشـکەوتنێک نییە , ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە بڵاوبونەوەی موزیکی عەرەبی و بەجیهانی بوونی کۆمەڵێک بەربەسـتی لە بەردەم دایە, بەڵام لاوازی و بەهای هونەری و موزیکی، یەکێک نییە لەو بەربەسـتانە یەکێک لەو بەربەسـتانەی هەروەک ئاماژەمان پێدا دوورکەوتنەوەی گوێچکەی خەڵکی رۆژئاوای ئەمریکایە لەچارەگە دەنگ لە سێ سەدە بەر لەئێستا، کەرۆحی مۆزیکی عەرەبیە ،یەکێک لەبەربەستەکانی دیکە ئەوەیە کەشارستانیەتی عەرەبی نەهاتۆتەدەر بۆگێڕانەوەی پێگەی سروشتی خۆی ئەو شێوازەی ژیانی عەرەبی تاکوئێستا توانای ئەوەی نییە خۆی بخاتە روو [بەهەمووبە هاپیرۆزەکانی]خسـتنەرویەکی جیهانی ،هەروەک چۆن جاران کۆمەڵگای عەرەبی خۆی دەخسـتە روو بەسـەر جیهان دا لەقۆناغی بووژانەوەی شارسـتانیەتی عەرەبی لەنێوان سـەدەکانی حەڤدەو چواردەهەمدا .خواسـت و هەڵپەهەڵپی بەدوای چەمکی هەلەی نێـوان خۆی و بەجیهانیبوون [المحليـه والعالميه] ئێمە بە دەر ئەنجام گەیاند کە لێی پەشـیمانین، لەوانە

هونەرمەندانێک کە عەرەبن بەشـــداری لەهەندێک ڤیستیڤاڵی گەشتیاری جیهان دەکەن کە بۆ گۆرانی ســـاز دەکرێت و هیچ بەهایەکی هونەری راستەقینەیان نییە ،گۆرانیەکانیان هیچ پەیوەنـــدی بەموزیکی عەرەبیەوەنیە چ موزیکی تەقلیدی و ئاســـایی یاخود فۆلکلۆرو تازەبێت ،بۆ هیچ شـــتێک نا،تەنیا بۆ ئەوەی چێژی جەماوەری ئەوروپی بۆخۆیان راکێشـــن و چەپڵەیان بۆ لێدەن و خەلات ناوێکیان پێببەخشـــن، کەهیچ بەهایەکی زانستیان نییە پاشان دەگەڕێنەوە بۆ ولات چۆن گەڕانەوەیەک وەک ئەوانەی بەشـــداری [فتوحاتیـــان] کردبێت بۆئەوەی وەهمی گۆڕینی گۆرانی عەرەبیان بۆجیهانی پێ فرۆشتبن.

بـــۆ ئەوەی بیرۆکەکە رونترو وردتربگاتە خوێنەرو، تاکوبزانن تا چ ئاســـتێک پەنابـــراوە تەبـــەر بۆ ئەو بەجیهانیی کردنە بێ مانایە ،کەســـێکی پســـپۆر لە بەشـــداریکەرانی ئەو ڤیستیڤاڵە گەشتیاریانەدا لەولاتی لوبنان پێشبرکێیەکی بۆ گۆرانـــی ئامادەکردبوو ،یەکێک لەمەرجەکانی ئـــەوە بوو [هەروەک لەمیدیاکان بـــڵاو کرایەوە] نابێت هیچ گۆرانیەک ئامێـــری رۆژهەلاتیان تێدا بەکار هاتبێت، تەنیا بە ئامێرە رۆژئاوایەکان بژەندرێت! بۆچی؟

بەڵـــێ تەنیا بۆ ئەوەی گوێگری رۆژئاوا وەریبگرێـــت و لێی تێبگات، درێژەدان بەو ڕێو شـــوێنە، هیچ دور نییە بگات بەو قۆناغەی کە پێشبرکێیەک بۆ گۆرانی عەرەبی ڕابگەیەندرێت،کە پێویستە ئامێرە رۆژهەلاتیەکان و زمانی عەرەبیشیان نابێ لەگەڵدا بێت.. کە ئەوەیان ئاســـانترە و باشترە بۆ بڵاو بوونەوەی لەسەر ئاستی جیهاندا، ئایە وانییە؟

ئەو پرسیار کردنە ناچێتە خانەی گاڵتە پێکردنی توند رۆیانە، ئەوەی بروانێتە بارودۆخی ئێســـتای گۆرانی عەرەبی، بۆی دەردەکەوێت کە چۆن ئەو مەرجانەی کە رێکخەری پێشـــبرکێیەکە رایگەیاند لە لایەن زۆرربەی ئاواز دانەران و گۆرانی بێژانی عەرەبیەوە جێبەجێ دەکرێت. ئاواز دانەرەکان مۆزیکی ئەومەقامانەیان لە مێشـــکی خۆیان دامالیوە کە چارەگە دەنگ لە خۆ دگرێت ، گۆرانی بێژەکانیش هەر وایان کـــردووە بۆ ئەوەی مەرجەکانی بڵاوبونـــەووەی خێرای گۆرانیەکە و جـــێ بەجێ بکەن و، لەلایەن گروپـــە موزیکیە تازەکان بژەندرێت کە پشـــت بە ئامێرەکانی گیتاروو ئۆرگ دەبەســـتێت، لەلایەکی دیکەش گوێچکەی گەنجان بۆ کارەکە رابکێشن،کە زۆر بەکەمی ئەو گوێچکانە گوێبیستی سەباو سێگاو رەست و

بەیاتێک دەبێت، لە بەر هیـــچ نا تەنیالە بەرئەوەی (جۆن ترافۆلتا) دانابەزێت و گۆرانی لەســـەر ئەو مقامانە نالێت لە بەر ئەوەی بە گیتار نا ژەندرێت. ئەگەر لەناکاو یەکێک لەو ئـــاواز دانەروو گۆرانی بێژانە بەبیری هاتەوە کە عەرەبە و لـــە موزیکی عەرەبیش چارەگە دەنگ هەیە ، ئـــەو پێداچوونەوە خێرایەی وەک پێداچوونـــەوەی ئەو ئەمریکیە وایە کە هەوڵدەدات ئـــەو مقامانە بڵێت، مەقامە عرەبیە رەســـەنەکان لە گەرووی ئەو گۆرانیبێژانەدا رەش بۆتەوە و لەسەر ژێی موزیک ژەنەکانیش شـــێواوە، وەک بلێی زانستێکی درووستکراوی بۆنناخۆش و تێکەڵ و پێکەڵبێت. مێژووی هونەری فێریکردین کە هیچ کارێکی هونەری نابێتە جیهانی- واتە ناچێتە خانەی کەلەپورو شارســـتانیەتی مرۆڤایەتی بەگشتی - لە رێگای داماڵینی پێســـتەکانی خۆی و، لەبەرکردنی پێســـتی ئەوانی دیکەوە، یا خود لە ڕێگای خۆگونجاندن بەکەرســـتەو پێداویســـتیەکانی بڵاو بوونەوەی بازرگانی، یان لە ڕێگای لاســـایی کردنەوەی ئـــەو هونەرانەی کە باون یان ئەو رێـــگا کورتانەی ناوبانگ دەرکردن . هەموو ئـــەو کارەهونەریانەی کە چوونەتە ناو کە لەپووری شارســـتانیەتی جیهانی لە بنچینەدا گوزارشتێکی رەسەنی سەردەم و ژینگـــە کانی خۆیان بوونەو، هەرگیز لەلایـــەن میللەتانەوە هەزمنەکراوەو بڵاو نەبۆتەوە ئەگـــەر وانەبووبێت، ئەوانەش بەهەڵەدا چووینـــە ئەگەر پێیان وایە لایەنگری و ئینتیمایان بۆ کەلە پووری شارســـتانی و مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی جیهانـــی جێگـــرەوەی بڵاوبونەوەیەتی بە بەرفراوانی لەبەرئـــەوەی زۆرجار دژ دەکەوێتەوە لەگەڵ ئەو بڵاوبونەوە ئاســـان و خێراییەدا. بۆ نموونە موزیکی باخ بۆماوەیەکی زۆر بزرو شاراوەبوو نەک تەنیا لەسەر ئاستی جیهانی بگرە لەسەر ئاســـتی ناوەخۆی ئەڵمانیا خۆی ،تاکو دووسەد ســـاڵ دوای کۆچکردنی ، تاکو هونەرمەند (مەندلســـون) هات دەمامکی لەسەر بەرهەمەکان هەلمالی . زۆربەی ئەو موزیکژەن و شـــێوەکارانەی کـــە کارە هوونەریەکانیـــان پێگەیەکی دیاروو بەرزیان لە کەلەپووری مرۆڤایەتی و جیهانیدا هەبووە ، لە ژیاندا یان ململانێ و شـــەریان لەگەڵ کراوە، یان شاراوەو نادیار بوونە، زۆربەشیان بەکۆلە مەرگی ژیاون بەرهەمەکانیان نانی رۆژانەی بۆ دەستە بەرنەکردوو گە ربێت و لە نێوان ئەو هەموو راســـتیانەدا بە دوای رێسایەکی زێریندا بۆمان دەردەکەوێت کە خۆی لە چوار چێوەی ئەو درووســـمە دەدۆزێتەوە کە دەڵێت: هیچ هونەرێکی جیهانی

و گەورەو پیرۆز نییە ئەگەر بێت و بەر لەوە هونەرێکی گەورە نەبووبێت لە سەر ئاستی ناوەخۆدا ، هونەری بەرزوو گەورەی ناوەخۆش ئەو هونەرە نەبووە کە زۆر زۆر بڵاو بووبێتەوە لەکاتی خۆیدا پێشوازی لێکرابێت ، بەڵام ئەو بابەتە پەیوەستە بە نوێبوونەوەی هونەرو مەرجەکانیەوە .

سەرچاوە: دفاعا عن الاغنیه العربیه . الیاس سحاب . ١٩٨٠ المؤسسة العربیه للدراسات والنشر.

**تێبینی/** ئاراستەی وتارەکە روو لە نێوەندی هونەری گۆرانی و موزیکی حەفتاکانی جیهانی عەرەبیە، بەڵام دیارە ئەوەی تێبینی دەکرێت بەشێکی گەورەی ناوەڕۆکی بابەتەکە لەگەڵ کێشەو ئاراستەکانی نێو گۆرەپانی ئەمڕۆی گۆرانی و موزیکی کوردی یەکدەگرێتەوە ، بۆیەش بەباشمان زانی وەریبگێڕین بۆ زمانی کوردی. (ن ، ش).

**مۆسیقا گوزارشت لەچی دەکات؟**

ئەوەی کە تێبینی دەکرێت زۆربەی ئەوانەی کە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی هونەری موسـیقایان کردووە،وای تێدەڕوانن کە خودی ئەو هونەرە بۆ خۆی بە هونەرێکی کامـل دەژمێردرێت،یان هونەری خودان فـۆرم و وێنەی بێخەوش و ڕتووش خۆیەتی....

ئەوە تێڕوانینێکی دروستەو دووپاتی سروشتی ئەو هونەرە دەکاتەوە،بە جۆرێک ماوە بە جیاوازی و بیرو بۆچوون و جەدەلێک نادات،بە تایبەتیش لەسـەر ئەو تێڕوانین وبیرۆکەیەدا.

دەکرێت لە بیرو بۆچوونی ئەو کەسـانە بڕوانین کە دیراسەی ئەو هونەرەیان کردووە،کەمێک لەسەریان بوەستین.تاکو درک بە سروشتی ئەو هونەرە بکەین.

هانسـلیک (hanslick) سـەبارەت بەبۆچوونەکەی موریس ویتزەوە (morris weitz) دەڵێت:مۆسـیقا هونەرێکی شـێوە ئامێزی کامڵ وسەد دەر سەدە. لەبەر ئەوەی نەغمەکانی لەڕێگەی ئامێرەکانی مۆسیقاوە دەگوازرێتەوەو،لەهەمانکاتدا لە پێوەندییە ئیقاعی و هارمۆنیەکانیدا دەنگی مرۆڤیش دەگرێتە خۆی.

بەڵام سەبارەت بەوەی (ویتز) دەیڵێت کێشە ستاتیکیەکەی لێرەوە دەستپێدەکات کاتێک ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات:ئایا مۆسیقا توخمی دیکەی وەک هەڵچوون و بیروباوەڕو، هاوچەشنی ئەوانە لەخۆ دەگرێت؟

وەڵام دەداتەوەو دەڵێت:یەکێک لە بیروبۆچوونەکان دەڵێت مۆسـیقا بریتیە لە کۆمەڵە دەنگێک لە جوولەدا بەبێ هیچ ئاماژەیەک و ئیشـارەتێک لە دەرەوەی خۆیدا.بـۆ چوونێکی دیکە بۆ ئەوە دەچێت و دەڵێت:مۆسـیقا لەوە زیاترە تەنیا کۆمەڵە دەنگێکی نێو جووڵە بێت،ئەوەش بەو مانایەی کە هونەرێکە هەڵچوون و بیرو باوەڕ بگرە فەلسەفەی ژیانیش لەخۆ دەگرێت.

هانسلیک مۆسـیقا بەوە دەچوێنێت کە کۆمەڵە دەنگێکە لە جوولەدا،لەلایەکی دیکـەوە چەند ڕەخنە لەو تێڕوانینە دەگرێت کە پێی وایە مۆسـیقا نوێنەرایەتی شتێک دەکات،یاخود زمانی شتێکە.

ئاشکرایە ئەو دیدو بۆچوونانە دروست لەگەڵ تێڕوانینەکانی (سوزان لانجەر)دا کۆکە،کە دەڵێت مۆسیقا هونەرێکی خودان وێنەو شێوەی تەواوی خۆیەتی،یاخود کۆمەڵێک دەنگـی نێو جوولەیەو هیچ نابەخشـێ و نوێنەرایەتی هیچ ناکات و

گوزارشت لە شتێکی سەربەخۆش ناکات.
گەر هاتوو مۆسـیقا شتێک نەبێ و گوزارشت لە شتێکی سەربەخۆ نەکات......
ئەدی دەبێت گوزارشت لە چی بکات؟
ئەوەیان بیرۆکەی مۆسیقایە.هانسـلیک وای بۆ دەچێت کە بیرۆکەی مۆسیقایی دەربـڕی ویـژدان و بیرو بۆچوونـەکان نییـەو جەوهەری مۆسـیقاش دەنگ وجوولەیە، مۆسـیقا تەنیا دەربڕی دینامیەتە راست و دروستەکانیەتی بەو پێیە مۆسـیقا زمانێکە دەتوانێت گفتووگۆی پێ بکەیـن و تێیبگەین ،بەڵام ناکرێت بۆ زمانێکی تر بگوازرێتەوەو وەربگێڕدرێت.
(سوزان لانجەر) لەگەڵ زۆرلە بیروبۆچوونەکانی هانسلیکداکۆکە، ئەو ئاماژە بە تایبەتمەندی هەموو هونەرەگرانبەهاکان دەکات کە قابیلی وەرگێڕان و کواستنەوە نین، چونکە وا دەزانێت هەر گواستنەوەو وەرگێڕانێک بۆکاری هونەری لەو جۆرە هەر چۆنێک بێت تێڕوانینێکە جۆرێک لە خیانەتی تێدایە.

**سوود لەوسەرچاوەیە وەرگیراوە:-**
**- فلسفە الفن عند سوزان لانجر اعداد: راجی حکیم.**

## ڕەنگ و مۆسیقا

ڕەنگە بە یەکبەســـتنەوەی ئاوازو ڕەنگ لە بەڕاست زانین و مەزندە کردن نزیک بێـــت، لەبەرئەوەی هەردووکیان توخمێکی ســـتاتیکای جوانی لە خۆ دەگرن و ، چوونیەکو لـــە یەکچوونی زۆر لە نێوان یەک لـــە دوایەکی هەریەک لەڕەنگ و ئاوازدا هەیە . لەگەڵ ئەوەشدا پرســـەکە لەلایەن زۆرانەوە نەگەیشتۆتە ئاستی برواو متمانەوە ، هەر چەندە کە کەســـانێک هەبن شـــێلگیرانە تا ئاستێکی بەرز پشتگیری و پاڵپشتی لێبکەن.

یەکێک لەوانەی کە بیرۆکەی بەیکبەستنەوەکە ڕەتدەکەنەوە (( ves mgra ))ە. کە لەم بارەیەوە دەڵێت: ( سەرەڕای ئەوەی دەنگ و تیشک لە زۆر شتدا لە یەکتر دەچن، بەڵام ڕێکەوتن هەیە لەسەر ئەوەی هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی یاسایەک بۆ مۆسیقای ڕەنگ لە ســـەر بنچینەی پلە دەنگیەکانی مۆسیقا هەوڵێکی نا دروست و بێ ئاکام بووە. ئەو کەســـانەی کە هەوڵیانداوە ئەو ڕێسایە دابنێن دەرکیان بە ڕێژەی دیاریکراوی ئەو لەیەکچوونەی نێوان ڕەنگ و دەنگ نەکردۆتەوە . لەگەڵ ئەوجیاوازیـــە بنەڕەتیانەی نێوان هەریەک لە گوێچکـــەو چاو چەند هۆکارێکی تر).

یەکیکـــی تریش کە ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکاتەوە ( t – d–gones )ە ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت ( ناوەڕۆکی ئەو کتابە کۆکە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت... هیـــچ پەیوەندیەک لە نێـــوان جوولەو لەرە لەرەکانی ڕەنـــگ و لەرەلەرەکانی دەنگدا نییە. جوولەو لەرەلەرەکانی ڕەنگ بەرزونزمی شەپۆلەکانی دیاردەیەکی سروشـــتیە و دەکرێ بابەتیانە پێوانە بکرێ ، بەڵام پەیژەی مۆسیقا تێروانینێکی ڕەمەکیەو شارســـتانیەتی ڕۆژ ئاوا دایناوە). دیارە خولیا و خرۆشـــی بیرۆکەی بە یەکبەســـتنەوەکەش شـــەرعیەت و پاڵپشـــتی لەو بۆ چوونەی ئەرستۆوە بە دەســـتهێناوەکە دەڵێت : (لەوەیە ڕەنگەکان وەکو یەکیان لێبێت ، هەروەکو چۆن ڕەنگەکان بەهۆی تەنســـیقی جوان و ڕازاوەیـــان وەک یەکیان لێدێت). یان وەکو ئەوەی کە بە یەکیەتی هەســـتەکان ناوزەد کـــراو ( Ynity of the senses) یان هەڵســـانی هەستێک لە هەســـتەکانی بەکارو کردەوەی هەستێکی تر ، وەک بۆنکردنی ڕەنگ ، یان بیستنی یا بینینی ڕەنگ...هتد

لێرەدا زاراوەی بیســـتنی ڕەنگ سەری هەڵداو دروســـت بوو) hearinj color

(یان synethesia یەکەمین هەولی بەیەکبەستنەوەی هەردوو هونەری مۆسیقاو شــێوەکاری کە بە مۆســیقای رەنگ ناســراوە ( coloyr mysic ) لە سەدەی شازدەهەم دەستی پێکردووە یەکێک لە پێشەنگانی ئەو هەوڵە نیگارکێشی ئیتاڵی (arcimbodo) بوو، کە یاســایەکی بۆ تەبایی رەنگ داناوە ، یاساکەش پشت بە پەیژەی رەنگ دەبەســتێت هەروەکو پەیژەی مۆســیقا . پاشان لە سەدەکانی حەفدەو هەژدەدا هەوڵە یەک لە دوای یەکەکان درێژەیان کێشــا تاکو ســەدەی بیست.

یەکێک لە هەولە بوێرەکانی ئەو بوارە داهێنانی ئەو ئامێرە بوو کە دەتوانرێت بــە هۆیەوە رەنگ و مۆســیقا بە یەکەوە کۆبکەیتەوە . یــان ئەوەی پێی دەڵێن ((color– organ)) هەر وەکو هەوڵەکەی castel ) قەشە یەسوعی وەرزشوان. کاتێک بۆ یەکەمین جار ئامێرێکی مۆســیقای ژێداری لە داهێنان و داڕشتنی خۆی دروســت کرد، ئەو ئامێرەی لەگەڵ دەنگی خۆیدا شــریتی تۆماری رەنگاو رەنگی جوولەداری تۆمار دەکرد بە شێوەیەکی پاک و روون.

زۆر هەوڵی جۆراوجۆری تریش ئەنجام دراوە بۆ دروستکردنی ئامێرێک کەبتوانێ نموونەی رەنگی جوولە دار لەســەر شاشەدا بەرهەم بهێنێت، بەبێ کۆکردنەوەی دەنگ و رەنگ بە پێچەوانەی ئامێرەکە پێشــووتر بەناو بانگترین ئەو هەوڵانەی دراون ئوەیــە کە (tobmas wifred) پێی هەلســاوە. ئامێرەکەشــی ناو ناوە (clavilyx). هەوڵێکی تریش هەیە کە (rimintion– w– a) پێی هەڵســاوە، لە پێنــاو ئەو هەوڵەیــدا کتێبێکی تەواوی بەنــاوی (coloryr mysic art mobil) داناوە، کەلەساڵی (١٩١٢) لەلەندەن بەچاپ گەیەندراوە.

دانەر لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت: (گرنگی پێدانی من بۆ دروست کردن و پێکهێنانی ئامێرێکە بۆ مۆسیقای رەنگ) ئەو کارەش ئەزمونی زۆر و بیر کردنەوەیەکی دوور و درێژی بۆ تەرخان کراوە..

بیر کردنەوە لە دروســتکردنی ئامێرێکی وەکــو پیانۆ تەمەنێکی دوور و درێژی پێویســت بوو کە چەندین ســەدەی خایاند، بۆیە دواکەوتن لە دروســت کردنی ئامێرێکی تایبەت بە مۆســیقای رەنگ پێویستی بە داوای لێ بوردن کردن نییە. (sir h herkomer) لەســەر هەوڵەکــەی ریمنجتون ئامانجــی ئەوەندە بوو لە رێگەی ئەو ئامێرەوە بیسەلمێنێ کەلە بەرامبەرهەر شەپۆلێکی دیاریکراوی تیشکی

روناکیدا شــەپۆلێک دەنگی دیاریکراو هەیە. کلیلەکانی مۆسیقاشــی تەنیا وەکو شــتێکی لەبارو گونجاو بەکار هێناوە، ناوبــراو ئامێرێکی داهێناوە کە کۆمەڵە کلیلێک لەخۆی دەگرێت وەکو کلیلەکانی مۆســیقا، بە پاڵپشتی ئەویش هەندێک تیشــک دەخاتە سەر شاشەوە (w – brown) سەرنجمان بۆلای ئەوە رادەکێشێت کــە گرنکی داهێنانی ریمنجتون لەوەوە دێــت کە بۆیەکەم جار پەیوەندیە زەمەن ئامێرەکانی خســتۆتە گۆرەپانی رەنگەوە، کارێکی کــردووە تاکو رەنگەکان لە وەمەنێکــی کراوەو درێژبووەوەدا جووڵە بکەن، هەروەکو لە ئاوازی مۆســیقادا روودەدات. . ریمنجتــون ســەبارەت بە ئامانــج لە کارەکەیــدا دەڵێت: (رەنگ هونەرێکی پوخت و تایبەت بە خۆی نییە) بەمانای (هونەرێک نییە چارەســەری رەنگ بکات لە پێناو رەنگدا ) وەک چارەسەری مۆسیقا بۆ دەنگ.

رەنگ لە هەموو ئەو هونەرانەی کەبەشداری تێدا کردووە یاخود وەکو هۆکارێک بۆ لێکۆڵینەوە لە ســۆز و هەســتەکان بەکار هێنراوە، مۆسیقای رەنگ، یاخود هونەری رەنگی جولاو (mobil color art) ئەو هونەرەیە کە بۆشایی و ناتەواوی نێــوان رەنگ و هونەری رەنگ پڕ دەکاتەوە، وەک ئەو بۆشــاییەی کە هونەری مۆســیقا لە دەنگدا پڕی کردۆتەوە. دوای ئەوە نووســەر دێتەســەر راکێشان و دەســتەمۆکردنی خوێنەر بەلای بەســتنەوەی رەنگ بە دەنگەوە، کاتێک دەڵێت: (رەنگ دەتوانێت وەکو دەنگ خۆشی و شادیمان پێ ببەخشێ، هەروا کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر سۆز و سۆزداریدا هەیە).

ریمنجتون بە گشــتی لەســەر ئاشــکرا کردنی لایەنە بەیەک چووەکانی نێوان مۆســیقاو رەنگ بەردەوام دەبێــت، بە تایبەتیش پەیوەندی مۆســیقا و رەنگی جولاو.

لەو پێودانگەشدا ئەو بیر و راو بۆچونانەی خوارەوەمان دەخاتە بەردەم:-

١- هەســتکردن بە بوونی ئارەزوویکی بەهێز لەلای هەندێک لە نیگار کێشەکان بۆ لێکۆڵینەوە کردن لەسەر رەنگ لە پێناو رەنگدا. هەندێکیش لە نیگار کێشەکان ناوی خوازراوی مۆسیقایان لە کارە هونەرییەکانیان ناوە، وەکو (symphonies harmonies).

٢/ هەریەک لە مۆســیقاو رەنگ هەست و سۆز دەدوێنن و کاریان تێدەکەن، جا جۆرو شێوازی ئەو هەست و سۆزە هەڵچونانە هەر چۆنێک بێت.

٣- رەنگ هەروەکو مۆسیقا چ بۆ خودی خۆی، چ لەبەر کاریگەری پەروەردەیی پێویستە گرنکی پێ بدرێت. لەوەیە رەنگ توانای وروژاندنی خەیاڵاو پێشخستنی تواناکانی عەقڵاو نوێکرندنەوەی دەروونی هەبێت و شادیش ببەخشێ.

٤- رەنگ بە جووڵەی هەمە چەشــن و لەرە لەری بۆشاییە کارکاریگەرەکانی سەر تۆری چاوەوە بەرهەم دەهێنرێت. هەموو رەنگە مۆسیقیەکانیش بە جوولەو لەرەلەر کاریگەرەکانی ســەر گوێچکەوە بەرهەم دەهێنرێن، سەبارەت بە چاوو گوێچکەوە.

٥- روێکی تری لەیەکچوون و هاوشێوەی نێوان ەنگ و مۆسیقا ئەوەیە کە مۆسیقا لەســەر ئۆکتاف و پەیژەی مۆســیقاوە بنیاتنراوە، هەروەکو چۆن هیچ دەنگێک بەبێ لەرەلەر بوونی نییە، بەهەمان شێوەیەک نۆتەی مۆسیقا بەبێ هەڵبژاردنی ئاســتێکی دیاریکراو لەو لەرەلەرانەی کە نۆتەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە بوونی نییــە، هیچ جۆرە هەڵبژاردنێکی لەو چەشــنەش بەبێ ئامــاژە و دیاری کردنی جۆری ئۆکتافەکەوە جێبەجێ ناکرێت، بەهەمان شــێوە ئەگەر هاتوو بێینە سەر رەنگ دەبینین ئەویش لە تێکەڵاویەکی لە بار و گونجاودا و پێکهاتووە، هەروەکو ئەوەی کەلە کۆمەڵە رەنگی شــریتی شەبەنگیدا بەدی دەکرێت. یان ئەوەی کە لە کۆلکە زێڕینەدایە. دیارە ئەوانە هەردجووکیان رەنگە سەرەتاییەکانیان تێدایەو دەکرێت لەمیانەی پشکنین و شــیکردنەوەی گورە رەنگێکدا زنجیرەیەک رەنگمان دەســت کەوێت، کە دەکەوێتە نێوان سوورێکی قووڵاو وەنەوشەییەکی ناسکەوە، یان رەنگی ژێر ســوورەوە.لە پشتەوەی رەنگی وەنەوشەییدا وردە تیشکێکی زۆر هەیە، یان رەنگی تر هەن و چاو نایانبینێ دەرکیان پێ ناکات.

ئەگەر هاتوو لە کۆتایی هەریەک لە رەنگی سوور و وەنەوشەییدا لە شریتێکی رەنگیدا خێــرای لەرەلەرەکان بپێوین، دەبینین هەروەکو حاڵەتی نۆتەی کۆتای هەمان رێژەی لــەرە لەری ئەوەی یەکەمی هەیە. ئــەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئۆکتافی رەنگ ئۆکتافێکی تەواو دروســتە، بەرامبەر بە ئۆکتافی مۆسیقا دێت، ســەبارەت بەو لەرەلەرانەی کە دروســتیان دەکات. (graves) پشتگیری هەمان بیرۆکە دەکات و دەڵێت رەنگی ســوور لە کۆتایی کۆمەڵە رەنگی شــەبەنگیدا لە چرکەیەکدا کەمتریــن ژمارەی لەرەلەرو درێژترین شــەپۆلی هەیە. لەبەرامبەر ئەوەدا رەنگی وەنەوشەیی بەرزترین ژمارەی لەرەلەر و کورترین شەپۆلی هەیە.

لەپشـــتی ئەو دوو کۆتاییەدا هەندێ ڕەنگی نادیار و نەبینراو هەن، کە هەریەک لە ڕەنگی ژێر ســوور و ســەروو وەنەوشەیین، وەکو ئەو شــەپۆلە دەنگیانەی کەلەرەلەرەکانیــان لە ئاســتێکی زۆر بەرزدان یان زۆر نزمــە و گوێچکەکانمان دەرکیان پێناکەن. هەروا هەریەک لەرەنگی ژێر ســوور و سەرووی وەنەوشەیی لە ئاست دەرک پیچکردنی هەستی بینینی مرۆڤ دەرچووینە.

هــەروەک بەڕێز(games geans) دەڵێت: دروســت وەکو ئــەو ڕەنگە جۆراو جۆرانەی تیشکی ڕووناکی، کەلە ڕێگەی شەپۆلە تیشکێکی جۆرا و جۆر لە ڕووی کورت و درێژیدا بەرهەم دەهێنرێت، بەهەمان شــێوە ئەو دەنگانەی کە خاوەنی ئاوازی جۆرا و جۆر لە ڕووی کورت و درێژی بەرهەم دەهێنرێت. بەهەمان شێوە ئــەو دەنگانەی کە خاوەنی ئاوازی جۆر بە جۆرن بە شــەپۆلە دەنگی هەمەجۆر لەرووی کورت و درێژیدا بەرهەم دەهێنرێت. بۆ نموونە دەنگی(C)دۆی ناوەراست لە پیانۆدا درێژە شەپۆلێکی چوار پێ لە خۆی دەگرێت. لە کاتێکدا دووجار ئەوەندەی دەنگی دۆی ناوەراست لەبەرزیدا، واتە ئۆکتافێک بەرزتردرێژە شەپۆلێکی دووپێ لە خــۆی دەگرێت. کاتێک تەنێکی دەنگ نیوەی شــەپۆلێکی تر لەخۆ دەگرێت، دەڵێین لە پلەیەکی بەرزتردایە بە ئۆکتافێک. بەهەمان ڕێگە چارەکاتێک ڕەنگێک لە ڕەنگەکانی بەر ڕووناکی نیوەی درێژە شــەپۆلی یەکێکی تر لە خۆ دەگرێت، لەســەر ئەو بنچینەیەی کەباســمان کرد دەتوانین بڵێین لە پلەیەکی بەرزتردایە بە ئۆکتافێک.بەو پێیە لەبەرئەوەی ڕەنگی وەنەوشــەیی نیوە شــەپۆلی سوور وەردەگرێت و لە خۆ دەگرێت. دەتوانین بڵێین: لە ڕووی پلەی بەرزیدا ئۆکتافێک لەرەنگی سوور بەرزترە. هەموو کۆمەڵە شەبەنگییە بینراوەکانی ڕەنگ دەکەونە چوار چێوەی یەک ئۆکتافەوە، بۆیە گوێچکەکانمان دەتوانن یازدە ئۆکتافی دەنگ ببیستن، بەڵام چاوەکانمان تەنیا یەک ئۆکتافی روناکی دەبینێت و بەس.

٦/ لەیەکچوونێکــی تریــش لەنێــوان دەنگ و ڕەنگدا هەیــە، ماوەیەکی بەر فراوانی لەرەلەر لەسەروو ژێروو ســەرەتا و کۆتایی هەریەک لە بینراوو نۆتە بیســتراوەکاندا هەیە بەڵام ئێمە هەســتیان پێ ناکەین. دەتوانــرێ وێنەی ئەو تیشــکە نەبیندراوانە بگیرێت و لە ڕێگەی هۆکاری ترەوە بونیان بسەلمێندرێت. هەندیک لە گیانلەبەران و زیندەوەران دەرکیان پێ دەکەن، هەمان شت ڕوودەدات سەبارەت بە لەرەلەری ئەو هەوا زۆرەی کە نابیسترێ. لەوانەیە گیانلەبەرانێک

هەبن هەستی پێ بکەن، لە هەردوو دۆخەکەدا دیارە ماوەیەکی دیاری کراوی هەیە بۆ ئەو لەرەلەرانە، کە دەتوانن کاریگەری بۆ سەر هەستەکانمان دروست بکەن. دواتر دانەر دەچێتە سـەر ئاشکرا کردنی چونیەکی نێوان مۆسیقاو رەنگی جوڵاو بەتایبەتی.

ئەوخاڵانەی خوارەوەمان دەخاتە بەردەم، کە پێویستە لەبەرچاویان بگرین:-

أ- ئەو هاوشێوەو چوونیەکانەی مۆسیقا کاتێک بەردەکەون کەرەنگ دەکەوێتە حاڵەتی جوولەو توخمی زەمەنیش دەبێتە بەشێک لەبەرهەمهێنانی. بەمانایەکی تـر وادەکەین کە ئەو کۆمەڵە ڕەنگانە بە گوێرەی ئارەزووی ئێمەمانان دەرکەون لەماوەی کورت یا درێژدا.

ب- چوون یـەک وەک یەکبـوون لەپێکهاتە ئیقاعییەکان، لە مۆسـیقا و لە ڕەنگدا.

ج- کاریگەرییە سۆزدارییەکانی ڕەنگی جولاو وەک شێوازێک لە هونەر بۆکاری جیاکاری کردن پێی ، بەهەمان شێوەی کە لە مۆسیقایدا بەدی دەکەین.

دانەر بەوە کۆتایی بە شـیکردنەوەی بیرۆکەی خۆی دەنێت کە باس لە دروست کردنـی ئامێرێـک دەکات بۆ ڕەنگی جـوولاو ، وەو ئامێرەش لەسـەر پەیژەی هاوشـێوەی پەیژەی مۆسیقادا کاربکات. بە پاڵپشـتی ئەو ئامێرەش دەتوانرێ جۆرە رەنگێک بەرهەم بهێندرێت، بەهەمان شـێوەی کە دەنگی پێ دەدرێت بۆ کار و مەبەستێکی مۆسیقایی. نووسەر پێی وایە کە ئەو ئامێرە دەبێ ئەوانەی خوارەوە جێبەجێبکات:-

(١) توانای بەرهەمهێنانی ڕەنگی سادە و لێکدراوی هەبێت.

(٢) توانـای ئـەوەی هەبێت لە رووبەری گەورە و بچووکـدا رەنگەکان لەتەک یەکتردا ڕیز بکات.

(٣) توانای سوود وەرگرتن و بەکار بردنی وزە و هێزی بەرامبەر و خێرا و یەک لە دوای یەکی هەبێت بۆ نمایش کردنی رەنگەکان.

رمنجتون هەڵسـا بـە داهێنان و داڕشـتنی (ئۆرگێک) بۆ رەنگـەکان، لە پاڵ ئامێرەکانـی تردا بۆ بەرهەمهێنانی ڕەنگی جولاو (لەو کتێبەی کە ئاماژەمان پێدا تایبەتمەندیەکانی ئامێرەکە بەدی دەکەین). ئەو ئامێرە دروسـت کراوەیە قسەی (t – d – gones)ی بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە دەڵێت:- ((هەندێک لە مۆسیقا

کاران هەوڵیاندا هەردوو هونەری مۆسیقا و ڕەنگ بەیەکەوە ببەستنەوە، هەندێ هەوڵی ئەوەیاندا ڕەنگ بکەنە بەشێکی ڕاستەقینەی مۆسیقا بەوەی کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون تۆنە دەنگیەکانی مۆســیقا بەسەر ڕەنگدا جێبەجێ بکەن و بیژەنن، هەروەکو چۆن لەســەر ئۆرگن دەژەندرێ. ناخوازین ئەو بەشە کۆتایی پێ بێنین بەبێ ئەوەی ئامــاژە بەهەندێ لەو پەیوەندیانە بکەین کەلــە نێوان هەندێ لە ئامێر و ڕەنگی دیاریکراودا گرێــدراوە، یان لە نێوان ئاواز و ڕەنگی دیاریکراودا هەیە، کە زۆربەی زۆریان دەچێتە خانەی بیر و بۆچوون و خۆ ئامادە کردنەوە. لەوانە :-

١- بەســتنەوەی ئاوازی ئامێرەکانی مۆســیقا بەڕەنگەوە. بۆ نموونە (دەنگی بووق یا خــود زورنا، زەردێکی تۆخە، دەنگی ترامپێــت قورمزیە، دەنگی فیکە (الصافرە) خاکییەکی تۆخ و قوڵە .......هتد).

٢-بەستنەوەی مۆسیقای هێمن و لەسەرخۆ بە ڕەنگی شینەوە، مۆسیقای خێرا بە ڕەنگی ســوورەوە، نۆتە و دەنگی بەرز بە ڕەنگی کاڵاو سووک، نۆتەی قووڵ بە ڕەنگە تۆخەکان، بەو شێوەیە.

٣- لە تاقیکردنەوە و ڕاپرسیەکدا ( henry odbert Theodore karwoski) کە لەســەر(٤٨) قوتابی زانکۆدا جێبەجێ کراوە دەرکەوتووە کە ڕێژەی سەدا شەست (٦٠ ٪) بەلایەنی کەمەوە دیاریکراویان بیستووە، ڕێژەی سەدا پەنجا و سێ (٥٣٪) توانیویانە ئاوازەکە بە ڕەنگ ببەستنەوە.

لە کۆتاییدا سەرنج بۆلای دوو خاڵ رادەکێشین:-

أ/ هەردوو هونەری مۆســیقا و ڕەنگ کۆمەڵێک زاراوەیان ئاڵوگۆڕ پێکردووە و بەکاریان هێناوە، وەک زاراوەکانــی ((chromatic color intensity volyme pitch tone)) کە لە ڕەنگ و مۆسیقادا بەکار دەهێنرێن.

ب/ زۆرانێک پەیوەندیان لە نێوان ڕەنگ و بۆندا دروســت کردووە، یەکێک لەو ڕەنگانــەی کــە بۆنێکی جــوان دەوروژێنــێ ڕەنگی ســەوز و زەردی شــێواو.

**سەرچاوە:**

بەشێک لە کتێبی (اللغة و اللون) نووسینی: د . أحمد مختار عمر.

## دەنگ و ڕەهەندی دەروونی

هەندێک دەنگ هەن لەکاتی بیستندا لەباری دەروونیەوە کاریگەری بەسەرمرۆڤەوە جێ دەهێلن، ئەو دەنگانەی کــە ناوەڕۆکێکی دیاریکراویان هەیە لە ناوەوەیاندا شــتێک روودەدات دەتوانین ناوی بنێین ( پاڵنەری دەروونی ناوەوە ، نموونەی وەک : ئەو ترسەی کە هەڵکردنی ئۆتۆموبیل دەیخولقێنێت ، یان ئەو رەشبینیەی کە لەدەنگی قەلە رەشــەوە دەردەچێت. دیارە هەندێــک دەنگ توانای ئەوەیان هەیــە هەواڵ و زانیاری بە مرۆڤ ببەخشــن کە ئاماژەن بۆ رووداوی دیاریکراو، ئــەو دەنگانەی کە لەســەریان راهاتووین و رۆژانە گوێبیســتیان دەبین ، وەک گریانی ئەو منداڵەی کە هەمیشە ئاسایی دەگریی ، یان دەنگی ئەو ئۆتۆمومبیلەی کەرۆژانە بەبەردەمــی باڵەخانەکە تێدەپەڕێت .... جگە لــەوەی هەندێ دەنگی دیکە هەن توانای وروژاندنی پرســیاری دیکەیان هەیــە وەک دەنگی لەدەرگەدان و زەنگــی تەلەفۆن. بەڵام ئەو دەنگانەی کە کاریگەری دەروونی بۆ ناوەوەی مرۆڤ دروســت دەکەن ، ئەو دەنگە لەناکاوە گەرم وگوڕانەن، نموونەی وەک لە دەرگە دانــی بەهێزو لەناکاو، کەمووچــڕک وراچلەکینی لەگەڵدایــە ، یان هەرجۆرە کاردانەوەیەکی دەروونی دیکە یان هەندێ دەنگی دیکە هەن کەسانێک دەترسێنن، وەک: دەنگی حەپەحەپی بەهێزی سەگ، یان هاتوهاواری بەهێزی کەسێک.

هەنــدێ دەنگی دیکە هەن کە لەناخی کەســەکاندا دەرهاوێشــتەی دەروونی وا دروســت دەکەن کە زۆرترو گەورەترە لەوەی کە ئــەو جۆرە دەنگانە لەخۆیانی دەگرن . بۆ نموونە هەستکردن بەرەشبینی لەکاتی بیستنی میاوە میاوی پشیلە، ئەو حالەتە بــۆ پێکهاتەیەکی دەروونــی دیاریکراو لەلای ئەو جۆرە کەســانە دەگەرێتــەوە، کەهۆکارگەلێکی زۆر کەلەکە بووی باری رۆشــنبیریی و ژینگەو، بارە کۆمەلایەتیەکانن دروســتیان کردووە . هەندێک کەســی دیکە هەڵوەستەی دیاریکراویــان بــە بابەتی ( خۆش و ناخۆش )و بە هەنــدە دەنگی دیاریکراو بە ستۆتەوە، هەندێک دەنگی دیکە هەن توانای ( وروژاندن و هاندانیان ) هەیە بەو مەرجەی بیســتەران کەمترین ئامادەگیان تێدابێت بۆ بەگڕخستنی ئەو هاندان و وروژاندنە، بۆ نموونە بیســتنی گریانی بەهێزی رۆڵەکان لەلایەن باوکەوە، لە دەرئەنجامی لێدانی دایکەوە بەبێ ئەوەی شــایانی ئەو جۆرە لێدانە بێت.... ئەو بــارە وا لە باوکەکە دەکات کەبەشــێوەیەکی وا مامەڵە لەگەڵ گریانەکەدا بکات

وەک ئەوەی کە گوێبیستی دەنگێک دەبێت پێی دەڵێن دەنگی ستەم و چەوسانەوە ، ئەوەش وا لە باوکە کە دەکات راســتەو خۆ بچێت ئــەو دیارییە بۆ منداڵەکە بکڕێت کە پێشتر رەتی دەکردەوە بۆی بکرێت .

دەنگــی دیکــەی مرۆڤ هەیە هێزی بەرجەســتە بوون و ئامادەگــی تێدا نییەو بەساردوسڕی دێتە گوێ، وەک ئەوەی لەلای هەندێک لە سیاسەتوان و بێژەرانەوە بوونیان هەیە. بەڵام دەنگە سروشتیەکان بۆ نموونە: دەنگی شەقە شەقی شەمەندەفەر کاریگەریەکی دەروونی هاوشێوەو چوون یەک لەلای زۆربەی خەڵک دروست دەکات ، ئەو کاریگەریە پەیوەستە بە هەستی مرۆڤەکان بە زەمەنەوە . یاخود ئەو هەستەلای مرۆڤ دەوروژێنێت کە پەیوەستە بە لەدەستدانی دەرفەت و، پەشیمان بوونــەوە. هەندێ دەنگی دیکە هەن خودان هێزو راکێشــانی تایبەت بەخۆیانن، وەک دەنگی ورشە ورشی ئاو، بە هەموو جۆرەکانیەوە ، یان دەنگی هەندێک لە گۆرانی بێژانی ئافرەت و پیاو.

لــەو چەند دێرانەی خوارەوە ئەوە بــۆ خوێنەران جێدەهێلم تاکو خۆیان چەند حالەتێکی دەروونی هەلێنجن، کە توانای هەبێت کار لە دەروونی گوێگران بکات، ئەوەش بەتەنیا لە یەک نموونەی دەنگیدا کەلێدانی دەرگایە.

١- لێدانی زۆر ئاسایی ....... .

٢- لێدانی دەرگا ( بەڵام گوێگرەکە لە چاوەڕوانی ئەولێدانەیە ) ........... .

٣- لێدانی زۆر توند و لەناکاو ( بەخێرایی و پالە پەستۆی زۆر ) ...

٤- لێدانێکی نامۆ (نزیک بێت لەخشەخش) وا بێتە گوێ کە ئەوە پشیلەیە ئەوە دەکات......

٥- لێدانێکی زۆر خێراو بەهەسپایی، بەڵام تائاستێکی باش روون و ئاشکرا.

خوێنەری بەڕێز ئێســتاکە رێــگام پێبدە پەنا بۆ ئەو وشــەو زاراوانە ببەم بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ســەرەوە لەو چەند نموونەو خاڵانەی کە ئاماژەمان پێدا: (خۆشی، فیزولەخۆبایی، پرسیار، سەرسوڕمان، ترس).

**سەرچاوە:**

مشاهدة الصوت فی الموســیقی الالکترونیة. د. محمد عبدالوهاب دفاتر الاکادیمیة دار الحریری للطباعة ٢٠٠٥.

ئێمە لەکوێین ...؟
ئێمە لەکوێین ئێمە لەکوێین؟
ئێمە لەکوێی ئەم جیهانە ین؟
ئێمە لەکوێین ئێمە لەکوێین؟ کۆڕس
ئێمە لەکوێی ئەم ژیانەین؟
چیمان بەخشی بە رابردوو
چیمان پێیە بۆ داهاتوو؟
ئەم ژیانە تەلەسمێکە
پڕنهێنی و پڕ گومانە....
ساڵان هاتن و تێپەڕین
تەمەنی جوانی مەیان برد
گوناهی چی بوو گوڵی ژین
کەس فریای پێناسەی نەکەوت؟؟
سۆلۆی مەقام ... کێ دەستم دەگرێ کێ؟
کێ وەڵامی جاویدانی
خەونەکانمی لەکۆڵناوە کێ؟

گۆرانی : پرسیار

هۆنراوەو ئاواز: نایف شێخانی

وتنی : کامەران عبدالرحمن




58
music
65
1.
72
2.
song 2 + 3
78

## موزیکی خەزان



ســـترانا:تەمبورا مـن

پەیڤ: هشـــیار ریکـــانی

ئاوازو موزیك: نـــایف شـــێخانی

گـۆتن : هۆزان



دەنگ دەدەم

هۆنراوە فاروق هەزار

ئاوازو موزیک : نـایف شـێخانی

وتـنی :کامەران عبدالرحمن هەوارگە کەریم




39
45
51
57
63

## (دەنگ دەدەم)

### سروودێک بۆ نیشتمان
### دەنگێک بۆ هەمووان

هۆ خەڵکی هەولێری دێرین دهۆک و سلێمانی
کەرنەڤاڵی ژین بگێڕین بە خۆشی و شادمانی
هەرکەسێ بۆ ئەم پەیامە ویژدانی ئاسوودەکا
لەم رۆژە مەزنەی ژیاندا ناوی خۆی تۆمار دەکا
دەنگ دەدەم بۆ دەنگ نەدەم ؟
دەنگ دەدەین بۆ دەنگ نەدەین ؟

ئێمەی شاعیرو، ئاواز دانەرو، دەنگبێژانی (سروودی دەنگ دەدەم )لە رۆژی هەڵبژاردن وەک هەر تاکێکی کوردستانی دەنگ بەلیستێک لە لیستەکان دەدەین . بەڵام لەو کارە هونەرییەماندا مەبەستمان بوو ئاوازێک بچڕین بە گوێی هەمووتاکەکانی نیشتمانەکەمان ئاشنا بێت و رەنگی هەموو دەنکەکان بێت و بەبێ جیاوازی بە زمانی هونەر داوا لە هەمووان بکەین بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی کوردستان بکەن، کە دەگدانە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان.



* ناوی تەواو : نایف محەمەد ئەحمەد  ناسراو بە (نایف شێخانی)
لەدایک بووی ساڵی( ١٩٦٥).
* قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و  ئامادەیی لەشاری هەولێر تەواو کردووە.
* دەرچووی کۆلیژی شەریعەی زانکۆی بەغدایە ساڵی خوێندنی  ١٩٩١– ١٩٩٢.
* هەر لەمنداڵیەوە خولیای موزیک بـــووە، بەڵام باری کۆمەڵایەتی و ژینگەی دەوروبەرو سیستەمی دواکەوتووی خوێندن لە عێراق و هەرێمی کوردستان بوون بەڕێگر لە هێنانەدی بەشێک لەخەونەکانی لەولایەنەوە .
* ساڵی (١٩٨٩) لەبەر بەشداری نەکردن لە خوولەکانی (جیش الشعبی) ماوەی ساڵێک لەخوێندن دوور خراوەتەوە واتە (فصل ) کراوە .
* لە قۆناغی ناوەندی بە شداری ئاهەنگ و بۆنەکانی کردووە بە گۆرانی وتن
* لـــە نێوان ســـاڵانی (١٩٨٤– ١٩٨٩) بەرلەوەی بەشـــداری خولی تایبەتی  بۆ فێربوونی بنەماکانی تیوری موزیک بکات  لەلای ( وریا ئەحمەد ، جان تۆماس ، تەلعەت حەویز ) . لەڕێگەی خوێندنەوەو بەدواداچوونی سەرچاوەکان شارەزایی لە سەرەتاو بنەمەکانی تیوری موزیک وەدەستهێناوە.
* ساڵی ١٩٩٢ بووە بە ئەندامی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی.
* هەرلەوساڵەدا وەک یەکەم وەجبەی مامۆستاو فەرمانبەر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە بە ناونیشانی وانەبێژ دامەزراوە.

* دەســـتەی دامەزرێنەری تیپی موزیکی ( ڕەوا ) بووە ســالّی ١٩٩٣ لەشــاری هەولێر.

* ســالّی ١٩٩٨ بۆ ماوەیەک بەسەرپەرشتباری بەشی موزیکی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی بووە لە هەولێر.

* یەکێک بووە لـــە دامەزرێنەرانی بەڕێوەبەرایەتـــی بەرهەمهێنانی هونەری و گرووپی موزیکی ســـەتەلایتی کوردستان لە دەســـتپێکی دامەزراندنی سەتەلایتی کوردستان

لەکۆتایی ســالّی( ١٩٩٨) تا کۆتایی ســالّی ( ٢٠٠٧) لـــەو دامەزراوە خزمەتی کردووە.

* کاری ئـــاواز دانـــان و ئامادەکردنی ( زیاترلە ٢٠ بەرهەمـــی ) بۆ کۆمەڵێک گۆرانیبێژ کردووە، لەوانە :

( هاوتا ئەســـعەد ، کامەران عەبولڕەحمان ، هۆزان دەرویێش ، ئاشـــنا زرار ، تریفە ئەحمەد، ســـەیفەدین عەبدوڵلا ، سەدیق عوسمان ، خالد هەرکی ، جەلالّ پەرێشان، ئەزوەر نەقەبی مودریک رەزا).

* تۆمار کردن و بلاّو کردنەوەی ســێ پارچە موزیک دوویان بۆ ئامێری( عود )و پارچە موزیکی خەزان بۆ ئامێری باڵەبان .

* تۆمارکردنی دوو گۆرانی بۆ دونیایی مندالاّن سالّی ١٩٩٣ .

* جێبەجێکـــردن و تۆمارکردنـــی یەکەم پرۆژەی ســـەرلەنوێ تۆمار کردنەوەی گۆرانیە کۆنەکانی هونەرمەندانی کۆچ کردوو لەکوردستان سالّی ٢٠٠٢ بەموزیک و ئامادە کردنەوەی تازەو زیاد کردنی کۆڕس و پاککردنەوەی تۆنی گۆرانیبێژەکان و دەرباز کردنیان لە روحی ئەوموزیکەی کە پێشتر بە بالاّی ئەو دەنگانە بڕابوون بە ســـوود وەرگرتن لە پرۆگرامەکانی کۆمپیوتـــەر، ئەوانیش خوالێخۆش بوان ( حەســـەن حەیران و کاوێس ئاغاو تایەر تۆفیق و رەســـولّ گەردی و محەمەد عـــارف جەزراوی ) بوون ، دواتر ئەو کارە لەلایەن هەندێک هونەرمەندی دیکەی کوردستان درێژەی پێدرا .

* موزیکی بۆ چەند درامایەکی شانۆیی و سینەمایی دیکۆمێنتی ئامادەکردووە .

* کاری ئامادەردن و پێشکەشکردنی ( ١٥ ) زنجیرە لە بەرنامەی هونەری بۆرادیۆ ناوخۆیەکان بە ئەنجام گەیاندووە .

* وەک موزیکــژەن بەشــداری دەیان بەرنامـــەی تەلەفزیۆنی و کۆنســێرتی هونەرمەندان و دەنگبێژانی کردووە .
* بڵاوکردنەوەی دەیان نووسین و بابەتی رۆژنامەوانی لەسەر هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی ناوەخۆ .
* ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بووە .
* ئەندامی کارای رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستانە .
* ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ( هونەری نوێ ) بووە تاک وەدەرچوونی دوا ژمارەی بەرپرسی دۆسیەی موزیک بووە.
* ســاڵی (٢٠٠١) بەهاوکاری مامۆســتای هونەرمەند ئەندریۆس باکوری کتێبی (چۆنیەتی گۆرانی وتن )ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .
* ساڵی ٢٠٠٧ کتێبی موزیک و جیهان گەرایی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی.
* خــاوەن بیرۆکەی دامەزراندنی ( بنکەی مەقام ) ە لە وەزرارەتی رۆشــنبیری بەهــاوکاری کۆمەڵێک لە هونەرمەنــدان ، زیاترلە ســاڵێکە بەڕێوەبەری ئەو بنکەیەیە لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.

## سوپاس و پێزانین

زۆر ســـوپاس بۆئەوبەڕێزانەی کە لەخوارە ئامـــاژە بەناوەکایان دەکەین کە هاوکارم بوون و کارئاسانیان کرد بۆدەرچوونی کتێبەکە:-

• مامۆســـتای هەست ناسک و گەورە هونەرمەندی ناوداری کوردستان مامۆستا (باکوری ) کە ئەرکی کێشاو ،داواکاری قبولکردم بۆ نووسینی پێشەکی کتێبەکە ،کە متمانەیەکی دیکەی بەخشیە کتێبەکە، ئەو بابەتانەی تیایدا بڵاکراوەنەتەوە.

• (روبارو نەشمیل و خاوەر) کە ماندوبوون بە تایپکردنی بابەتەکان.

• برای رۆژنامە نووس کاک (تاریق ســـاڵح) ئەرکی زمانەوانی و رێنووسکردنی بابەتەکانی گرتە ئەستۆی خۆی.